# خەونەنمایشێك

## سەرەتایەك بۆ مۆدێرنیزم لە شانۆی ئەورووپیدا

**دانا ڕەئووف**

# خەونەنمایشێك

## سەرەتایەک بۆ مۆدێرنیزم لە شانۆی ئەورووپیدا

### دانا ڕەئووف


- سەرپەرشتیاری زنجیرە: دێرین حامید
- بەڕێوەبەری زنجیرە: ئامانج عەبدوڵا
- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: محەمەد زاری
- وێنەی ڕووبەرگ: دیمەنێک لە (خەونەنمایشێک) دەرهێنانی ڕۆبەرت یۆڵسۆن ١٩٩٨
- بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی
- چاپ: یەکەم
- تیراژ: 1000 دانە
- نرخ: 3000هەزار دینار
- ISBN 978-91-639-8913-1
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانەگشتییەکان ژمارە (...)ی ساڵی 2018ـی دراوەتێ.

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی شانۆی تاڤ

زنجیرە کتێبی شانۆی تاڤ (1)

# خەونەنمایشێك

## سەرەتایەك بۆ مۆدێرنیزم

## لە شانۆی ئەورووپیدا

دانا ڕەئووف

لێکۆڵینەوەی شانۆیی

2018

ئاوگوست ستریندبێرگ



ئاوگوست ستریندبێرگ

١٨٤٩-١٩١٢

**(خەونەنمایشێك) بەرجەستەكردنی خەونێك نییە، بەڵكوو بەرجەستەكردنی هەموو ژیانە، كە وەك خەونێك وێنا كراوە.**

**كارۆلین كرۆك**

ئەم کتێبە بچووکەی بەردەستان لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە سەبارەت بە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک)ی ئاوگوست ستریندبێرگ، کە دلاوەر قەرەداغی لە سویدییەوە کردویەتی بە کوردی و لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٢٢، لە دەزگای ئاراس بڵاو کراوەتەوە. کاتی خۆی پێشەکییەکم بۆ شانۆنامەکە نووسی بوو، کە ئێستا بە دەستکارییکردنێکی زۆر و فراوانکردن و وقووڵبوونەوەوە، لەم کتێبە دا بڵاوی دەکەمەوە.

هەموو ئەو دیمەن و بەشانەیشی، کە لە شانۆنامەی (خەونەنمایشیک)ەوە وەرگیراوە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارم هێناون، لە وەرگێڕانەکەی دلاوەر قەرەداغییەوە وەرم گرتووە.

**دانا ڕەئووف**

# پێڕست

پێشەکیی ناوەندی شانۆی تاف.......................................9

پێشەکی ........................................................... 11

## بەشی یەکەم

قەیرانی سێپتێمبەر..........................................25

ڕۆح و جەستە لە خەودا ...................................... 41

## بەشی دووەم

چیرۆکی خەونەنمایشێك و خوێندنەوەیەك بۆ ئەودیوی ڕووداوەکان ..................................................... 47

هزرێکی سێ مەودا لە خەونەنمایشێك..................55

سەرچاوە میتۆلۆژی و فەلسەفییەکانی خەونەنمایشێك 59 .............................................................

"ئەندرۆگین" و فەلسەفەی "یەك" و خەونەکەی ستریندبێرگ ............................................... 71

سەرچاوەکانی تر ............................................ 75

## بەشی سێیەم

تەکنیکی خەون لە خەونەنمایشێك-دا ................... 85
خەون لەسەر شانۆ ....................................... 91
تەکنیکەکەی ستریندبێرگ .................................. 95
خەوبینەکان ................................................ 107

## بەشی چوارەم

هێڵە گرینگەکانی خەونەنمایشێك ......................... 121
خەون و واقیع ............................................ 137

## بەشی پێنجەم

کارەکتەرە سەرەکییەکان .................................. 145

## بەشی شەشەم

ئەفسون و هێماگەلی "دەرگا" ............................ 185
سمبۆلە فرەمەوداکان ...................................... 201
ئەفسەرەکە، ............................................... 209
ئاگر وەك سمبۆلێك ........................................ 215
پەراوێزەکان ............................................... 221
سەرچاوەکان ............................................... 225

# پێشەکیی ناوەندی شانۆی تاڤ

کتێبخانەی کوردی بۆ لاوازە لە ڕووی کتێبی تیۆری شانۆییەوە؟ بۆ ئێمە تا ئێستا کەمترین کتێبمان لە بوواری شانۆداهەیەو بۆ تا ئێستا کەس ئامادە نەبووە چ لە حوکمەتی هەرێم یاخود دەزگاکانی چاپ و بڵاو کردنەوەشان بەشانی ڕۆمان ئەو کتێبانەی کە چاپدەکرێن کتێب لە بوواری شانۆدا چاپ و بڵاو بکەنەوە؟!

ئایا هۆکارەکەی پەیوەندی بە نەبوونی خوێنەرەوە هەیە، یاخود هۆکارە راستەقینەییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڕاستی ئەو کتێبە کەمانەی لە بوواری شانۆدا هەن نەیان توانیوە وەک پێویست خوێنەران لە دەوری خۆیان کۆکەنەوە؟

ئەی چیبکرێت و چۆن دەتوانین ئەم دۆخە تێپەڕێنین؟

ئایا بە وەستان و دوور کەوتنەوە لە وەرگێڕان و نوسینی کتێبی شانۆیی ئێمە چەندین سالێتر دۆخی شانۆیمان وەک ئەم دۆخەی ئێستا نابێت؟!

هەمیشە لە کایەی شانۆیماندا پرسیارو گومان و قسە زۆر بووە، ئەوەی کەمە هەنگاو لێبڕانە بەرامبەر ئەم بەشە گرنگەی ژیاریمان کە شانۆیە.

وەک لە سەرەتای دامەزراندنمانەوە بانگەشەمان بۆ کردووە ئێمە لە ناوەندی شانۆی تاڤ سەرباری ئەوەی شانۆ بە پێویستییەکی گرنگی ژیانی خۆمان دەزانین بەڵام بەرامبەر بەوەش پێمان وایە ئەرکە لەسەرشانمان کە شان بەشانی هەوڵە پراکتیکییەکانمان ئاوڕ لە تیۆری شانۆیی بدەینەوەو کاری بۆ بکەین.

ئەمەش بە گۆڤاری تاڤی تایبەت بە شانۆو زنجیرە کتێبی شانۆیی تاڤ.

بە هاوکاری هەریەک لە شانۆکاران (ئامانج عبدوڵا) وەک خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکەو (دانا رەوف) وەک نوسەرو بەڕێوەبەری نوسین.

کە هەردوکیان لێبڕاوانە کاتی خۆیان بۆ سەرپێخستنی ئەم پرۆژانە تەرخان کردووەو هاوکاریمان دەکەن.

**ناوەندی شانۆی تاڤ**

# پێشەکی

لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، شانۆی ئەوروپی بە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) پێ دەنێتە قۆناخێکی مۆدێرنەوە، ستریندبێرگ بەم دەقە شانۆناییە شۆڕشێکی گەورەی لە شانۆ و درامای مۆدێرنی ئەوروپیدا بەرپاکردووە. شانۆنامە خەونئامێزەکانی تری ستریندبێرگ-یش: بەرەو دیمەشق، سۆناتای تارمایی و دواتریش (خەونەنمایشێک) دیدی ئەم نووسەرەن لە دوای قۆناخی (دۆزەخەوە) بۆ واقیع و ڕاستی و ژیان و لێخۆشبوون، هاوکات ڕامانێکە لە خودی خۆی.

ستریندبیرگ لەو قۆناخەی ژیانیدا، کە لە پاریس دەژی، تووشی ڕەشبینی و ئاڵۆزییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی چڕ و ترسناک و قەیرانێکی دینی سەخت و گران دەبێت، ئەم بارە ئاڵۆزە دەروونییەیش لە پاییزیساڵی ١٨٩٤ەوە دەست پێدەکات و تا هاوینی ساڵی ١٨٩٧ درێژەی دەبێت.

ئەم نووسەرە لەم قۆناغەی ژیانیدا هەست دەکات هەمیشە دوای دەکەون و لە ژێر چاودێریی وردی کەسانێکی نادیار و نامۆ دایە، لە هەمان کاتدا نەخۆشە، هەژارە، تەنیایە، دەترسێت و وا دەزانێت خەڵکی و هێزە نادیارەکان دەیانەوێت بیکوژن. ستریندبێرگ دوای ئەم قۆناغەیش، کە شارەزایان لە ئەدەبی ستریندبێرگ بە (دۆزەخ) ناوزەدیان کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ سوێد و دەگاتە ئاستە قووڵەکانی لێبووردەیی و قوتاربوونێکی ڕۆحیی و سەرفرازی و ژیان ڕەوتێکی تر لەخۆ دەگرێت. هەروەها وەکوو نووسەریش ڕێچکەیەکی تر دەگرێت و ئەم هارمۆنی و ئاسوودەییە ڕۆحییە بەڕوونی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. شانۆنامە خەونئامێزەکانیشی، کە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون، نموونەیەکی قۆناخی دوای دۆزەخن؛ هەندێک جار لە دراماکانی (بەرەو دیمەشق، سۆناتای تارمایی و خەونەنمایشێک)دا واقیع لە ڕێگەی خەونێکەوە نەمایش دەکات، چونکە لەوێدا سەربەستییەکی زیاتر و لۆژیکانە بۆ پیشاندانی دیوە شاراوەکانی ئەو واقیعە، دەدۆزێتەوە. لە خەونەنمایشێک-یشدا، دەگاتە ئاستە بەرزەکانی چڕ کردنەوەیەکی فەلسەفی و میتۆلۆژی، بۆ بە دەست هێنان و بەرجەستەکردنی چەمکەکانی خەون.

ستریندبێرگ لەساڵی ١٩٠١ و لە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵیدا شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دەنووسێت. ئەم نووسەرە لەو دەمەدا تازە ژنی سێیەمی، ئەکتەری نەرویژی (هارییەت بۆسە)، کە لە ستۆکهۆڵم دەژیا، هێنابوو، بۆ یەکەم جاریش لە ژیانیدا لە ستۆکهۆڵم لە ماڵی خۆیدا ژیاوە و ئەدرێسێکی جێگیری هەبووە. لەگەڵ هاتنی پایزدا، هارییەت بۆسە، دوای دەمەقاڵێیەک لەگەڵ ستریندبێرگ، ماڵەکەی بۆ چۆڵ دەکات و تا چلوپێنج شەو و ڕۆژ ناگەڕێتەوە. ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی خراپ و بەهێزی بەسەرەوە دەبێت و لە ژیانی ستریندبێرگ-دا بە قەیرانی سێپتێمبەر ئاماژەی بۆ کراوە. ستریندبێرگ لە نامەیەکی ٢٣ی مانگی نۆ دا، کە بۆ هارییەت بۆسەی نووسیوە دەڵێت: (هاوڕێم بگەڕێرەوە! من خزمەتتان دەکەم، گوێڕایەڵتان دەبم، تەنها لە شتە خراپەکاندا نەبێت! خزمەتی منداڵەکەت دەکەم، بە باوەش هەڵتان دەگرم! تۆیش بە ئامادەبوونت، شیعرەکانم لە ڕق و کینە و شتی ناخۆش ڕزگار بکە.)

ستریندبێرگ هەر لەم کاتەیشدا بە شێوەیەکی تەریبی کاری لە دوو شانۆنامەی زۆر جیاواز، لە ڕووی فۆرم و

ناوەڕۆکەوە کردووە، ئەو شانۆنامانەیش: (کریستینا) سەبارەت بە شاژنی سوێد و ئەوی تریشیان (خەونەنمایشێک) بووە. ستریندبێرگ لە مانگی یانزەی هەمان ساڵدا شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) تەواو دەکات و هارییەت بۆسەیش دەگەڕێتەوە بۆ لای. ئەم دەقە لە سەرەتادا وەک درامایەک، کە تەنها بۆ خوێندنەوە بشێت، سەیرکراوە و زۆربەی شانۆکارەکانی ئەو کاتە نەیانتوانییوە، خەونەنمایشێک بە نەمایشکراوی لەسەر شانۆکان ببینن. دەقەکە بۆ ئەو رۆژگارە هێندە مۆدێرن بووە، بۆیە لەو بڕوایەدا بوون، کە نە دەکرێت بخرێتە سەر شانۆ و نە هیچ ئەکتەرێک دەتوانێت نواندنی تیا بکات. هەر لەبەر ئەوەیش بووە تا ساڵی ١٩٠٧ لەسەر شانۆکانی سوێد پێشکەش نەکراوە، کە پێشکەشیش دەکرێت، هارییەت بۆسە رۆڵی (ئەگنێس) کچەکەی ئیندرای خواوەند دەبینێت و لە لایەن بینەر و ڕەخنەگرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت. ستریندبێرگ لە ١٥ی مانگی چواری ساڵی ١٩٠٧دا، لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: (ئەمڕۆ، کاتژمێری دوانزە (.....) دوا پرۆڤەی خەونەنمایشێک-ە. ئەم درامایە دوای چل ڕۆژ لە ژان و ئازار نووسراوە، هارییەت بە دوا منداڵمەوە، کە هێشتا لە دایک نەبووە، بەجێی هێشتووم. ئێستایش، کە دەقەکە نەمایش دەکرێت، من لە ماوەی چل ڕۆژدا لە ژێر

زەبری ئەتمۆسفێرێکی ناخۆشی دۆزەخئاسا و هەروەها ماڵێکی ناخۆش دا بووم)

ستریندبێرگ لە شەوی یەکەمی ئەم نەمایشەدا، کە بۆ یەکەمجار پێشکەش دەکرێت، هەست و سۆزێکی تایبەتی هەبووە، گومانی لەوە کردووە، کە دەقەکەی و نەمایشەکە سەرکەوتن بە دەست ناهێنن، گومانێک زیاتر بنەمایەکی قووڵی ئاینی هەبووە. ستریندبێرگ ئامادەی نەمایشەکە نابێت، لە ماڵەوە بەبێ ئارامی چاوەڕوانی هەواڵ و کاردانەوەی بینەران دەبێت، لەم ڕووەوە لە یادەوەرییەکانیدا دەنووسێت: (ئەم شەو خەونەنمایشێک پێشکەش دەکرێت. بەیانی بەفر بە هێمنی و لە کەشێکی وەستاو دا دەباری. من خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی یاقوب بووم، دوا بەشی، کە لەوێدا سزای یاقوب دەدات، لەبەر ئەوەی دەیەوێت وەستایی خۆی لە خوا زیاتر پێشان بدات. یاقوب داوای لێبوردن دەکات – خوایش لێی دەبوورێت)

یەکێک لە ڕەخنەگرەکانی ئەو دەمەیش (دانیال فالەستریۆم) دوای یەکەم نەمایشی ئەم دەقە دەڵێت: (ئەم کارە شیعرییە دەبێت تەنها بخوێندرێتەوە، نەک تەماشا بکرێت. سیحری ئەم کارە بە نەمایشکردنی بەتاڵ دەبێتەوە) بە پێچەوانەوە،

خەونەنمایشێک بۆ زۆر لە ریژیسۆرەکانی دنیا، بە درێژایی ئەم سەت ساڵە بووەتە سەرچاوەیەکی تەژی لە سروش و هەمیشە گەڕاونەتەوە سەری و لە دیدی جیاوازەوە کاریان لەسەر کردوە. ستریندبێرگ خۆی (خەونەنمایشێک) بە (خۆشەویسترین دراماکانم، کۆرپەی ئازارە گەورەکەم) ناو دەبات.

یەکێک لە گرفتە گەورەکانی شانۆ و شانۆکارەکان ئەوە بووە، چۆن بتوانن چەمکی خەون، ئەو زەمەنە شلەی خەون کاری تیا دەکات و لە چڕکردنەوەیەکی بێ سنووردا، شتەکانی تیا ڕوودەدات، بە ئامڕازە شانۆییەکان و لەسەر شانۆ و لە وێنایەکی واقیعیدا بەرجەستەی بکەن. ستریندبێرگ خۆی دەیزانی چی نووسیوە و گرفتە تەکنیکییەکان لە کوێدان، بۆیە تا خۆی لە ژیاندا بووە، بە گرینگییەوە لەم گرفتەی ڕوانیوە، هەمیشە یارمەتی ریژیسۆرەکانی داوە تا بتوانن، خەونەکان بەبێ ئەوەی لە ئامڕازە واقیعییەکاندا بزر ببن، بکاتە وێنەی شانۆیی. ستریندبێرگ، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر فۆرم و زەمەنە

شلە پڕ لە بزۆزەکەی خەون و ستراکتورە ئەبستراکتەکەی بەکار دەهێنێت و تێکەڵاوی دیدێکی کۆنکرێتی ڕیالیزم دەکات و دیمەنەکان، بە شێوەی خەون، یەک لەدوای یەک دەچنە نێو یەکتر و تێکەڵاوی یەکتری دەبن.

(کارۆلین کرۆک) قەشەیەکی سوێدییە و لەو کتێبەیدا، کە بەراوردکارییەکی ووردی ژیانی (ستریندبێرگ) و (ئینگمار بێرگمان) دەکات، سەبارەت بە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دەڵێت: ("خەونەنمایشێک" بەرجەستەکردنی خەونێک نییە، بەڵکوو بەرجەستەکردنی هەموو ژیانە، کە وەک خەونێک وێنا کراوە.) هەندێک لە ریژیسۆرەکانیش لە هەوڵی ئەوە دابوون، کە چۆن بتوانن ئەم دوو تێڕوانین و ئاڕاستەیە، بە شێوەیەکی کردەیی و لە فۆرمێکی هونەریدا، لەسەر شانۆ بەرجەستە بکەن. ستریندبێرگ لە هەموو ژیانیدا بە گرینگییەوە لە خەونەکانی خۆی ڕوانیووە و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگیان داوەتەوە، بۆ نموونە لە نۆڤێلتە بەناوبانگەکەیدا (تەنیایی)،

که لەساڵی ١٩٠٣ دا نووسیویەتی دەڵێت: (بەڵێ، ناپاکەکان، هەمیشە خەڵکێکی بەباوەڕن، بەڵام بە پێچەوانە. ئەگەر ئەوان بە شەو خەونی خۆش و جوان ببینن، ئەوە مانای ناخۆش و ناشرین دەگەیەنێت؛ بۆ نموونە خەون بە جروجانەوەرەوە ببینن، ئەوە مانای پارە دەگەیەنێت، بەڵام من خۆم هۆگری هیچ خەونێکی بێ مانا ناکەم، گەر خەونێکیش ببینم، کە تەنگمپێهەڵچنێت، ڕاستەوخۆ هەوڵ دەدەم لێکی بدەمەوە، لە پێشەوە، نەک بە پێچەوانەوە. بە شێوەیەک خەونێکی ناخۆش و ترسناک بۆ من ببێتە ئاگادارکردنەوە، خەونێکی خۆشیش ببێتە هاندان یان دڵنەوایی؛ ئەمەیش بە شێوەیەکی لۆژیکی، زانستییە؛ لەبەر ئەوەی من بە شێوەیەکی خاوێن لە ناویدام، خاوێن دیارم و هەروەها بە پێچەوانەیشەوە. لە خەونەکاندا ناوەوەم ڕەنگ دەداتەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە دەتوانم بەکاریان بهێنم، هەروەها چۆن ئاوێنەی ریش تاشینەکەم بەکاردەهێنم: ئەوە ببینم، کە دەیکەم و ئاگاداربم خۆم بریندار نەکەم)

ئەمڕۆ ئەم دەقە لە مێژووی شانۆی جیهانیدا، لە ڕووی تێکشکانی ڕۆنانی درامی، زنجیرەی ڕووداوەکان، لەتوپەتبوونی کەسایەتییەکان، دووبارەبوونەوەیان، لابردنی کات و شوێن، گۆڕانکاری خێرای دیمەنە یەک لە دوای یەکەکان و خولقاندنی دونیایەکی بینراو یان ژوورێکی شیعرئامێزی بینراوەوە، بە ڕەچەشکێن و پێشڕەو دادەنرێت. هاوکات دەروازەیەکی فراوانی بۆ سەرەتاکانی شانۆ و درامایەکی مۆدێرنی ئەوروپی و جیهانی کردۆتەوە. دەقەکە چەمکێکی گەردوونی وا لەخۆ دەگرێت، کە سەر بە هیچ کاتێکی دیاریکراو نییە و ڕووداوەکان لە کاتێکی ڕەها و هەروەها ڕێژەیی تایبەتی خۆیدا دەسوڕێتەوە، سمبۆلەکانیش هێندە دەوڵەمەندن، کە دەکرێت چەندان مانا بگەیەنن و بە چەندان شێوە بخوێندرێنەوە و شرۆڤە بکرێن.

شانۆنامەکەیش باسی ئیندرای خواوەند دەکات، کە کچەکەی خۆی دەنێرێتە خوارەوە بۆ سەر زەمین تا بچێتە ناو خەڵکییەوە، لە نزیکەوە لە ژیان و گیروگرفت و

گوزەرانییان بڕوانێت و دواتر بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان و باسی ڕەوشی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ بکات. (ئەگنێس) کچی ئیندرای خواوەند لە گەشتەکەی سەر زەمینیدا، ئەفسەرەکە لە کۆشکە هەڵچووەکەدا ڕزگار دەکات، گوێ لە گلەییەکانی پۆستەرچی دەگرێت، کە هیچ شتێک وەک ئەوە نییە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، لەگەڵ دەرگاوانی ئۆپێراکە دا، گوێبیستی نائارامی ئەکتەرەکان دەبێت، لەگەڵ پارێزەرەکە لە یاساکانی هاوسەرگیری دەگات. ئەگنێس سەیری ئەفسەرەکە دەکات، کە سەرلەنوێ لەسەر کورسی قوتابخانە دادەنیشێت و نازانێت وەڵامی (دوو کەڕەت دوو) دەکاتە چەند، بداتەوە. کچی ئیندرای خواوەند بۆی دەردەکەوێت، کە مرۆڤەکان لە ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە چەرمەسەری و ژان و ئازارێکی بەردەوام دا دەژین، بۆ هەر شوێنێکیش دەچێت و رەوشی مرۆڤی بەم شێوەیە بۆ دەردەکەوێت، هەمیشە دەڵێت (مرۆڤ شایانی بەزەییە). شانۆنامەکەیش بەوە تەواو دەبێت، کە کچی خواوەند

پەیمان بە شاعیرەکە دەدات، هات و هاوار و ئازار و گلەییەکانی مرۆڤ بگەیەنێتە ئیندرا-ی خواوەند. ئەگنێس هەر بەم پەیامەیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان بۆ لای ئیندرای خواوەند: (مرۆڤ شایانی بەزەییە).

ئەم کتێبەی بەردەستیشتان هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەم شانۆنامە فرە مەودا و فرە ڕەهەند و دەوڵەمەندە، بەو هیوایەی بتوانێت هەندێک لە هێماگەل و لایەنە چڕ و نادیارەکانی ڕوون بکاتەوە و یارمەتییەک بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەم شانۆنامەیەدا قووڵ ببنەوە و لە ئایندەدا کاری تیا بکەن.

**دانا ڕەئووف**

**٢٠١٥/٢/٧**

**ستۆکهۆڵم**

# بەشی یەکەم

# قەیرانی سێپتێمبەر

پاییزی ساڵی ۱۹۰۱ ستریندبێرگ بە تەنگژەیەکی دەروونی گەلێک ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت و بەپێی نامە و یاداشتەکانی، ئەو قەیرانە گرانترین ساتەکانی ژیانی بووە و پسپۆڕانی بواری بیۆگرافیا و شانۆ و ئەدەبی سریندبێرگ بە (قەیرانی سێپتێمبەر) ناوزەدیان کردووە. (چل ڕۆژ ئازار و پەژارە، گرانترین ساتەکانی ژیانم) وەک ستریندبێرگ خۆی ئاماژەی بۆ کردووە.

ئەم قەیران و تەنگژە دەروونییەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ژنە بچووکەکەی (هارییەت بۆسە) ۱۸۷۸-۱۹٦۱ بە سکی پڕەوە ستریندبێرگ بەجێ دەهێڵێت و بەپێی نامەیەکی هارییەت بۆسەیش، کە لە ۲۲ی مانگی ئۆگۆستی ساڵی ۱۹۰۱دا نووسیویەتی، دەڵێت (کە چیتر ناگەڕێمەوە بۆ لات) ستریندبێرگ-یش لە وەڵامێکی ئەو نامەیەدا گوتویەتی: (بەهیچ شێوەیەک ئەم پێوەندییە خێزانییەمانم بۆ لێک

نادرێتەوە، خۆشترین و ناشیرینترین ساتەکانی ژیانمە. هەندێک جار تەنها خۆشەکەیان دێتە پێشەوە، بەمەیش دەگریم، دەگریم تا خەوم لێدەکەوێت، بۆ ئەوەی بەشە ناشیرینەکەیم بیربچێتەوە) لەم ساتانەدا هەست و سۆزێکی دەروونی بەهێز و هەڵچوو بەهەموو شێوەیەک شاڵاوی بۆ ستریندبێرگ هێناوە، تەنگی پێ هەڵچنیوە و بە تەواوی تێکیشکاندووە. ستریندبێرگ لەنێوان بیرکردنی ساتەوەختەکانی ژیان لەگەڵ هارییەت بۆسە و ڕقێکی ئەستوردا، تووشی ئازارێکی دەروونی گەورە و سەخت دەبێت.<١>

یاداشتەکانی ستریندبێرگ لە کۆتایی مانگی ئۆگۆستییەوە تا گەڕانەوەی هارییەت بۆسە لە شەشی ئۆکتۆبەردا، بریتییە لە خەم و پەژارەیەکی قووڵ، هەر لەم ماوەیەشدا، بۆ نموونە لە یەکێک لەو یاداشتانەدا دەڵێت: (هەست دەکەم ئەم ئافرەتە بە جوانترین بەشەکانی ڕۆحی منەوە هاتوچۆ دەکات و بانگهێشتم دەکات بۆ هاودەمی و پێکەوەبوون. من هەست دەکەم بەهۆی ئەوەوە پیس بووم. پیاوی نامۆ بە تێڕوانینە ناپاکەکانیان ئەو پیس دەکەن و بەو شێوەیە منیش پیس دەکەن. بەهۆی ئەم ئافرەتەوە ڕۆدەچمە

خوارەوە بەنێو چڵپاودا. هەرچەندە ئێمە جیابووینەتەوە، بەڵام هەمیشە لە دوورەوە دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە)

ژیانی ستریندبێرگ لەم تەنگژە چل شەو و چل ڕۆژییەدا دەبێتە دۆزەخ و ڕۆژانە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، هەروەها لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت چەمکێکی دینی و مەودایەکی قووڵ و دیدێکی رۆحیی و جیهانگیریی، بەم قەیرانە دەروونییەی ببەخشێت، تەنانەت بەراوردی خۆی لەگەڵ (مەسیح) دەکات. ستریندبێرگ ئەو چل شەو و ڕۆژە، کە لە ڕاستیدا چلوپێنج شەو و ڕۆژ بووە، دەبەستێتەوە بە ڕووداوە گەورەکانی دونیاوە، بە ئازارەکانی مەسیحەوە و بە چیرۆکەکانی ئینجیل و تەوراتەوە: لە ماوەی چل ساڵدا منداڵەکانی ئیسرائیل لە بیابانەکاندا دەگەڕێن، مەسیح بۆ ماوەی چل ڕۆژ بە زمانی بەڕۆژووەوە لە بیابانەکاندا دەژی و شەیتان لە هەوڵی هەڵخەڵەتاندن و لە خشتەبردنیدا دەبێت. ئەو چل شەو و چل ڕۆژە دەبنە مەدار و چەقی ژیانی و هەموو ڕووداوەکانی تر دەچنە پەراوێزەوە. ستریندبێرگ تەنانەت ئەم چل شەو و چل ڕۆژە لە یەکێک لە دیمەنەکانی (خەونەنمایشێک)دا، دیمەنی (قەرەنتینە) دا بەرجەستە دەکات.

**ئەو (کوڕ):**

دەبێ چەندێک لێرە بمێنینەوە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

چل ڕۆژ و شەو.

**ئەم (کچ):**

ئەوجا باشترە خۆمان لە زەریاکەدا نوقووم بکەین.

**ئەو (کوڕ):**

لێرە، لەنێو کێوی سووتاو و گەوڕی بەرازدا بژین؟

**شاعیر:**

ئەڤین هەموو شتێک دەبەزێنێ، تەنانەت دووکەڵی گۆگرد و ئەسیدی کاربۆنیش.

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ستریندبێرگ لەنێو ئەم قەیرانە دەروونییە گەورەیەدا، لەبری خۆکوشتن سەرقاڵی نووسینی یاداشتەکانی، نامە و کۆمەڵێک شانۆنامە بووە، کە هەموویان ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو گیروگرفتە دەروونییەی بوون، بەوشێوەیە لە بیرۆکەی خۆکوشتن دووردەکەوێتەوە. یەکێک لە بەرهەمەکانیشی خولقاندنی جیهانێکی تایبەتمەند بووە و لەو جیهانەدا وێنەیەکی شکۆداری (کریستینا) ١٦٢٦-١٦٨٩ شاژنی سوێد، کە پایە و ڕۆڵێکی گەورە و گرینگی لە مێژووی سوێددا هەبووە و کارەکتەرێکی بەهێز و لێهاتوو بووە، دەنەخشێنێت. لە هەمان کاتدا وێنە خەونئامێزەکانی کۆشکە هەڵکشاوەکەی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) ڕۆدەنێت. ستریندبێرگ هەردوو شانۆنامەی (کریستینا) و (خەونەنمایشێک)ی بەتایبەتی بۆ هارییەت بۆسە نووسیون.<٢>

کە ستریندبێرگ لەو دەمەدا، شانۆنامەکانی دەنووسین، کارەکتەرە ئافرەتە سەرەکییەکانی بەتایبەتی بۆ ئەو نووسیون؛ هارییەت-ی لەسەر شانۆ و لەو ڕۆڵانەدا بینیون، هەڵسوکەوت و جووڵانەوەکانی، نەبرەی دەنگ و نیگا و زەردەخەنەی سەر لێوی، گوزارشتی دەم و چاو و سیمای لە هارییەتدا بینیوون. هارییەت هەمیشە، وەک

مۆدێلێک لە بیر و هۆشی ستریندبێرگ-دا ژیاوە و لە کارەکتەرەکانیدا گەمەی کردووە، بەمەیش ویستوویەتی کار لە هارییەت بکات و قایلی بکات، کە بگەڕێتەوە بۆ لای. هارییەت بۆسە، جگە لەوەی زۆر لە ستریندبێرگ گەنجتر بووە، خاوەنی جوانییەکی سرووشتی و ئەفسوناوی بووە، قژێکی پڕی ڕەش و درێژ، چاوەکانی بادامیی، سیمایەکی پڕ لە نهێنی و باڵایەکی بەرز و زیاتر وەک فیگۆرێکی میتۆلۆژی هاتۆتە پێش چاو.

دواتر هارییەت بۆسە ڕۆژی پێنجی ئۆکتۆبەر، دوای چل شەو و چل ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ لای ستریندبێرگ و شانۆنامەی خەونەنمایشێک-یش، دوای ئەم گەڕانەوەیە، لە خۆشترین ساتەکانی ژیانی ستریندبێرگ-دا و تەنها بە چەند هەفتەیەک، لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠١دا تەواو دەکات.<٣>

هارییەت بۆسە لە چەندان نامە و بۆنە جیاوازەکاندا ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە ستریندبێرگ ڕۆڵی ئەگنێس، کچی ئیندرای خواوەندی بە تایبەتی بۆ ئەو نووسیوە. ستریندبێرگ خۆیشی لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە بۆ هارییەتی نووسیوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوازدەی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٠١ دەڵێت: (کۆشکە هەڵکشاوەکە

دەنووسم، خەونەنمایشێک، کارێکی گەورە، جوان هەروەک خەونێک. بێگومان ئەمە باسی تۆ دەکات! -ئەگنێس- کە بەندەکە لە کۆشکەکە ڕزگار دەکەیت. بۆم هەیە ڕووبەروو باسی ئەمەت لەگەڵدا بکەم؟) ستریندبێرگ هەر لە یاداشتەکانی ئەم قۆناخەی ژیانیدا نووسیویەتی: (خۆشەویستی گوناهە، هەر لەبەر ئەوەیشە بیرکردنەوە لە خۆشەویستی گەورەترین دۆزەخە، کە لەسەر زەوی هەیە)

یەکێک لە مۆتیڤە سەرەکی و گرینگەکانی (خەونەنمایشێک) مەسەلەی نایەکسانی و ئازار چێژتنە، ئەم مەسەلەیەیش بەشێوەیەکی بەهێز لەلای کارەکتەرە پیاوەکان بەرجەستە دەبن، بۆ نموونە ئەفسەر و پارێزەر و شاعیرەکە، ئەم کارەکتەرانەیش هەموویان پێکەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان قۆناخەکانی ژیانی ئەو بەرجەستە دەکەن و ئەزموونی ژیانی ستریندبێرگ خۆیین. هەر بۆ نموونە ستریندبێرگ لە یاداشتەکانی ساڵی ١٩٠٧دا نوسیویەتی: (ئەم شانۆنامەیە دوای چل ڕۆژی پڕ لە ژان و ئازار نووسراوە)

ستریندبێرگ بەوە ناوبانگی دەرکردووە، کە دژی ئافرەت بووە و لە زوربەی بەرهەمەکانیدا هێرش دەکاتە سەر ئافرەت و ئافرەت دەکاتە هێماگەلێکی شەڕانگیزە، دڕندە،

دێوەزمە، گێل، ناپاک و شێت. بەڵام لە شانۆنامەی خەونەنمایشێک-دا بە تەواوی لە ئافرەت خۆش بووە و لەو ڕقە بەهێزەی، کە لە ژن هەیبووە، دوورکەوتۆتەوە و شانۆنامەکەی لەو دیدە بە تەواوی خاوێن کردۆتەوە. لەبری ئەوە بووەتە لایەنگری ئەوان و نوێنەری خودا و دەنگی مرۆڤایەتی لە کارەکتەری کچەکەی ئیندرا (ئافرەتێک)دا بەرجەستە دەکات و ئەو ڕۆڵ و پێگە و بەها گەورە پیرۆزە دەبەخشێت بە ئافرەت.

ئەگنێس، کە کچی خوایە و وەک نوێنەری خوا، گەشتێکی خواوەندی بە ناوەوە و دەرەوەدا دەکات، لە ئاسمانەوە، لە باوەشی هەورەکانەوە دێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی و زۆر بە قووڵی خۆی دەخزێنێتە نێو ئەزموونەکانی ژیانەوە: خۆشەویستی، هاوسەرگیری و خێزان، دابڕان و دەستلێکبەردان، ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوە و تەنانەت مەسەلە کۆمەڵایەتییە جیاواز و هەمە چەشنەکانیش، هاوکات یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ دۆزینەوەی جیهانێکی رۆحیی. لە هەمان کاتدا جووڵانەوە و ئاراستەیەکی پێچەوانەیش لە ناوەوە بۆ دەرەوە لەخۆ دەگرێت، لەم ئاراستەیەوە ئەگنێس گەورە دەبێت، دەکرێتەوە و لە جیهانە بچووکەکەوە دێتە دەرەوە و ئاوێزانی جیهانە گەورەکە،

گەردوون و تێکەڵاوی مرۆڤ دەبێت. ئەگنێس لەم گەشتەوە لە کچی خوداوە دەبێتە مرۆڤ و هەست بە ئازار و خۆشیی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ دەکات. ئەگنێس لە ڕوانگەی سێ کارەکتەری پیاوەوە: ئەفسەر، پارێزەر و شاعیرێک، کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی دەقەکەن و ئەو ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەگاتە ئەو دۆزەخەی مرۆڤ لەسەر زەوی بۆ خۆی داناوە، تا بەو زانیارییە تازانەوە، سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ لای باوکی.

ستریندبێرگ ئەو هێز و وزە شیعرییەی هەبووە، کە خواوەند لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا بدۆزێتەوە و بەکاری بهێنێت، لە هەمان کاتدا ئەو مافەیش بە خۆی دەبەخشێت، کە بنەما و لۆژیکە ئەندێشەئامێزەکان، بە تایبەتی لە تێکەڵاو کردنی خەون و واقیعدا، بەکاربهێنێت. ستریندبێرگ زۆر لە پێش خودگەراکانەوە، بە دوای ماناکانی ژیان و زیندەگەرایدا گەڕاوە.

شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) بەهایەکی گەورەی لەلای ستریندبێرگ هەبووە، ئەم نووسەرە زانیوویەتی، کە داهێنانێکی گەورەی کردووە، هەر لەم ڕووەوە لە یەکێک لە نامەکانی ساڵانی ١٩٠٢دا، کە بۆ (ئێمیل شێرین) وەرگێڕە

ئەڵمانییەکەی نووسیوە دەڵێت: (خۆشەویستترین دراماکانم، کۆرپەی ئازارە بەسۆ و گەورەکەم) هاوکات ستریندبێرگ ماناکانی دەقەکەی بۆ وەرگێڕەکەی لە هەمان نامەدا بەم شێوەیە ڕوون کردۆتەوە (کچی ئیندرا بۆ سەر زەوی دێتە خوارەوە تا بزانێت گوزەرانی مرۆڤ چۆنە و هەست بەوە دەکات، کە چەندە سەخت و گرانە. گرانترین شتیش ئەوەیە: کە ئازاری ئەوانی تر بدەیت، مرۆڤ بۆ ئەوەی بژی ناچاری ئەمە دەبێت)

لە شانۆنامەی خەونەنمایشێک-دا تەکنیک گەلێک باڵادەستە، لەڕووی مێژووییەوە بێ هاوتایە، لەڕووی مانا و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەند و بێ سنوورە، لەڕووی هێڵی گشتی ڕووداوەکانەوە، هەروەک خەونێک پچڕ پچڕە. خەونەنمایشێک شانۆی شیعرە، شیعرە لە شانۆدا و فانتازیایەکی شیعریی بنەماکانی پێکهێناوە (شیعر چییە؟ واقیع نییە بەڵام زیاترە لە واقیع ... خەون نییە بەڵام خەونێکی بێ ئاگایە) وەکوو ستریندبێرگ لە دیالۆگێکی

نێوان شاعیر و کچەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە. ستریندبێرگ زۆر باش ئاگاداری تەکنیک و بەرەوپێشەوەچوونی شانۆیەکی هاوچەرخ و مۆدێرنی ئەوروپا بووە، خەونەنمایشێک-یش بۆ ئەو شانۆ مۆدێرنە نووسراوە. ستریندبێرگ پلانی ئەوەی هەبووە، کە خەونەنمایشێک لە شانۆکەی خۆی (شانۆی ئینتیم) لە ستۆکهۆڵم نەمایش بکات و پرۆجێکتەر و تەکنیکێکی ساکاری جیاواز بۆ دیمەنی هەڵکشانی کۆشکەکە بەکار بهێنێت و سەما و گۆرانی بخاتە نێو بەش و دیمەنەکانی نەمایشەکەوە.

هیچ شانۆنامەیەکی تر لە مێژووی شانۆ و ئەدەبی درامیدا، هێندەی خەونەنمایشێک، وێنەی جیاواز و چۆنیەک لەخۆ ناگرێت؛ دیمەن و بەشەکان لە شیعرەکاندا بەرجەستە دەبن. هەر لەبەر ئەوەیشە خێرا لە یادەوەریماندا دەچەسپێن و بە درێژایی مێژوو جێگایەکی گرینگ و پێگەیەکی بێ وێنەی

له لای شانۆکاران، بینەران و خوێنەران، بەدەست هێناوە. خەونەنمایشێک بە زمانێکی دیار، بینراو، بەرجەستەکراو و وێنەیی نووسراوە و خودی دیالۆگەکانیش بەرهەمی وێنە خەونییەکانە، ئەو وێنانەی، کە ستریندبێرگ بە (وێنەیەک لە ژیان) ئاماژەیان بۆ دەکات. ئەم نووسەرە هەوڵیداوە لەم دەقەیدا، هەموو کارەکتەرە پیاوەکان لە کارەکتەرێکدا کۆبکاتەوە و هەموو ئافرەتەکانیش لە ئافرەتێکدا. لە سەرەتادا بیری لەوە کردۆتەوە، کە هەموو شانۆنامەکە تەنها دوو کارەکتەر، پیاوێک و ئافرەتێک لەخۆ بگرێت و لە یەکێک لەدەستنووسە کۆنەکانیدا کارەکتەرەکانی لەژێر دوو ناو یان دوو خانەدا: پیاو و ئافرەت کۆکردونەتەوە. هەر لەو دەستنووسە کۆنانەدا پێشنیازی چەندان ناونیشانی بۆ شانۆنامەکە نووسیوە، بۆ نموونە (درامای ڕاڕەوەکە، کۆشکێکی هەڵکشاو، کچی ئیندرا) هەروەها ئەم ناوانەیشی بۆ دیمەنەکان نووسیوە: (پایز، دوای هاوین، زستان و سەرلەنوێ پایز) بەڵام دوایی لەسەر (خەونەنمایشێک)

گیرساوەتەوە. خەونیش وەکوو مەسەلەیەکی گرینگ زۆر سەرنجی ستریندبێرگ-ی ڕاکیشاوە و بەردەوام لە بەرهەمەکانیدا سوودی لێوەرگرتووە، بەکاریهێناوە و گەڕاوەتەوە سەریان و کاری لەسەر کردوون.

ستریندبێرگ لە ڕۆمانی (ئەفسانە)دا، کە لەساڵی ١٨٩٨ دا نووسیویەتی دەڵێت: (دەزانیت چی وا لە ژیان دەکات بۆ من ئاسان بێت؟ ئەوەیە، کە من جاروبار وا دێتە بەرچاوم تەنیا نیو واقیعێکە، خەونێکی بەد و خراپە، بە شێوەیەک وەک سزایەک زیانمان پێ دەگەیەنێت؛ کە مرۆڤ لە چرکەساتی مەرگدا هەست بەو واقیعە ڕاستەقینە دەکات، لەوێدا مرۆڤ دەگاتە ئەو هەستەی، کە هەمووی خەونێک بوو؛ هەموو ئەو شتە شەرانگیزانەی کردوومانن، تەنیا خەونێک بوون)

ستریندبێرگ لە پەیامەکانی خەون دەگات، بۆ ئەو خەون پەیامێکە لە خواوەندەکانەوە، سەرچاوەیەکە بۆ تێگەیشتن و زانیاری، ڕێگایەکە بۆ چوونە ژوورەوەی نەستی خۆمان،

ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە لەوانەیە ڕووبدەن، مێردەزمەیەکە شوێنی کەسێک دەکەوێت.

وەهم لە چەقی تێگەیشتندایە بۆ ئەتمۆسفێری خەون، ئەمەیش لە پێش هەموو شتێکدا سەبارەت بە خوڵقاندنی ئەو وەهمە-بۆ ستریندبێرگ-یش سەبارەت بە خەون (وەهمی خەون)نییە، بەڵکوو وێناکردنی واقیعە بە خەون (ئەتمۆسفێری خەون) ستریندبێرگ لە ساڵی ١٨٨٧دا گوتویەتی: (من وا هەست دەکەم بەدەم خەونەوە دەڕۆم، هەروەک ئەوەی ژیان و شیعر تێکەڵاو بوو بێت) ئەم وێنەیەیش بەشێوەیەکی گشتی لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە مۆتیڤ و بەشێکی گرینگی ڕووداوەکان، بۆ نموونەیش بەتایبەتی ناوەندێکی پڕ بەهای ئەم دیمەنەیە:

**شاعیر:**

کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

**کچەکە:**

یان خەون!

**شاعیر:**

یان شیعر

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ناونیشانی دەقەکەیش (خەونەنمایشێک) ئاماژەیەکە بۆ گەمەیەک لەگەڵ خەونێکدا، مرۆڤەکانیش لە خەونەکانییاندا لەنێو سمبۆل و ئاماژە و دنیایەکی تەژی لە فەنتازیادا، بەند کراون و لە دەرەوەی ئەو خەونەوە توانای هیچ جووڵەیەکی تریان نییە.

# ڕۆح و جەستە لە خەودا

که جەستە دەنووێت، ڕۆح بەخەبەرە، لەوپەڕی ئاگاداری دایە و بە تەواوی دەست بەسەر جەستەدا دەگرێت، هەموو شتێک دەخاتە ژێر کۆنترۆڵ و ڕکێفی خۆیەوە و هەموو کاروبارەکانی جەستەیش بەڕێوە دەبات، کە جەستە دەنووێت، لە هیچ ناگات، بەڵام ڕۆح بە ئاگایە و ئاگای لە هەموو شتێکە. ئەو کەسەی خەونیش بە ڕاستی لێک بداتەوە و هەموو کۆد و سمبۆلەکان ئاشکرا بکات و ماناکانیان لێک بداتەوە، ئەوە لە نهێنییەکانی ژیان گەیشتوە. هەموو کولتووری گەلان و دینە جیاوازەکانی سەر زەمین، بەهایەکی گەورەیان بە خەونەکانی مرۆڤ بەخشیوە. لای گریکەکان (هیپنۆس) خواوەندی خەون بووە و خەونیش پەرستگای هەبووە، خەونیش هەڵگری پەیامێک بووە، کە لەلایەن خواوەندەکانەوە، لەڕێگای خەونەوە بۆ مرۆڤ نێردراوە، بەر لە گریکەکانیش خەون لای فیرعەونەکانی میسر بایەخێکی زۆری هەبووە.

بێگومان ستریندبێرگ سوودی لە وێنە میتافۆرییە ورد و پارچە پارچەکانی خەونەکانی خۆیشی وەرگرتووە و لە دەروازەی بەکارهێنانێکی تری زمانەوە، ژیانێکی تری کردووە بە بەردا. هەر ئەم خەونانە بوونەتە وێنە و وێنەی مەجازی و دیمەنەکانی خەونەنمایشێک-ی لەسەر ڕۆناوە.

ستریندبێرگ پێنج ساڵ دوای نووسینی شانۆنامەکە، دیمەنێکی کورت وەک دەروازە و دەسپێک بەناوی (دەسپێکە نواندن بۆ خەونەنمایشێک) دەنووسێت؛ لەم بارەیەشەوە گوتویەتی: (دیمەنێکی پێشەکیم بە شیعر و پەخشان نووسیوە؛ کچەکەی ئیندرا لەناو هەورەکاندا لەگەڵ باوکە نادیارەکەی قسە، دەربارەی گەشتێکی بۆ خوارەوە، دەکات تا بزانێت، مرۆڤ هەست بەچی دەکات).

وا پێدەچێت، کە ئەم دیمەنەی لە ساڵی ١٩٠٦ یان ١٩٠٧دا نووسیبێت و کچەکەی ئیندرا و ئیندرای خواوەند کۆدەکاتەوە. ئەم دیمەنە زۆر گرینگە و سیمایەکی میتۆلۆژی چڕ و پاکژ لەخۆ دەگرێت، هەروەک بەشی یەکەمی (ڤاوست)ی گوێتە لە ئاسماندا ڕوودەدات و دەبێتە دەروازە و سەرەتایەک بۆ گەشتەکەی کچەکە و بۆ هەموو شانۆنامەکەیش. ئەوەی لەم (دەستپێکە نواندنەیش) دا گرینگە، ئەوەیە، کە ڕەهەندەکانی خەون لە چوارچێوەیەکی

شانۆیی/میتۆلۆژی/ئێستاتیکی ڕوون دەکاتەوە و خوێنەر و بینەران، بێگومان شانۆکارانیش دەخاتە بەردەم ڕاستییەکەوە، کە ناتوانن خۆیانی لێ لادەن. ستریندبێرگ ئەم دەسپێکە نواندنەی بۆ (خەونەنمایشێک) لەسەر بنەما و ڕێساکانی شانۆی بارۆکەوە ڕۆناوە و ستراکتورە ڕۆمانسی و گەمەکانی سەرگوزوشتەکانی بارۆکەوە وەرگرتووە. هاتنەخوارەوەی کچەکەیش دەروازە و سەرەتایەکی بەهێز و ڕازاوەیە؛ دەست بەسەر پانتایی شانۆدا دەگرێت، دێتە سەر زەوی-بۆ لای ئێمەی مرۆڤ. ئەم دەسپێکە سنوورەکانی خەون ڕوون دەکاتەوە، خەون و واقیع، واقیع و خەون لە دراماتۆرگی دەقەکەدا، وەک چواچێوەیەک بۆ گەشتەکەی (ئەگنێس) کچەکەی (ئیندرا)ی خواوەند، دیاری دەکات. بەم شێوەیەیش گەمەکە دەست پێ دەکات.

# بەشی دووەم

# چیرۆکی خەونەنمایشێك و خوێندنەوەیەك بۆ ئەودیوی ڕووداوەکان

کچی (ئیندرا)ی خواوەند لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە تا لە نزیکەوە چاودێری ڕەوش و بارودۆخی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بکات و گوێ لە ئازار و پەژارە و خەمەکانیان بگرێت. ئەم کچەی (ئیندرا)ی خواوەند لە گیانی ئاگنێس-دا بەرجەستە دەبێت و لە سەرەتای گەشتەکەیدا لەسەر زەوی و لەبەردەمی کۆشکێکدا، کە بەردەوام هەڵدەکشێت و گەورە دەبێت، قسە لەگەڵ وەستایەکی شووشەدا دەکات؛ ئەم وەستای شووشەیە بە باوکی سەر زەمینی کچەکە دادەنرێت. گەورەبوون و هەڵکشانی کۆشکەکە سمبۆلی گەورەبوونی قەبارەی تەنگژەکانی ژیانی مرۆڤە لە سەر زەمین، کە لە دونیایەکی پڕ لە بزۆز و گەورەبووندا دەسوڕێتەوە: ژیان لە دیدێکی هەمەچەشنە و فرەماناوە دەخاتە ڕوو. شتێکی ئاسایشە، کە کۆشکێکیش لە گەورە بوون و هەڵکشاندایە، چونکە هەموو شتێک لە خەوندا ڕوودەدات، هاوکات هەموو شتێک ڕاستییە. کچەکە و وەستای شووشە خۆیان لە ڕەوشێکی خەونئامێزدا دەبیننەوە، کە هەردووکیان تەواو پێی قایلن. کۆشکەکەیش وەک شتێک، دەقێک لە دەقێکی تردایە و کچەکە و وەستای

شووشەیش وەک بینەری دەقی دووەم وان. کچەکە و وەستای شووشە دوای ئەوە بەرەو کۆشکە هەڵکشاوەکە دەڕۆن، کە (بەکاوەخۆ، بە ئاڕاستەی لاتەنیشتەکاندا دەکرێنەوە) و بەمەیش پانتایی ناوەوەی کۆشکەکە پێشان دەدات، کە ئێستا ساکار دەردەکەوێت (ژوورێکی سادە و ڕووتوقووتە بە مێزێک و چەند کورسییەکەوە. ئەفسەرێک لەسەر کورسییەک بە جلکێکی سەربازیی بە شێوەیەکی نائاسایی ئەم سەردەمییانەوە دانیشتووە. لەسەر کورسییەکە جۆلانە دەکات و بە شمشێرەکە دەکێشێت بە مێزەکەدا. "خەونەنمایشێک") ئەمەیش دەقێکی زۆر کورتە لەناو دەقەکەدا. ئەوەی لێرەیشدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە کۆشکە هەڵکشاوەکە تەنها سمبۆلێک نییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی –خاک و خۆڵ- بەڵکوماڵێکە بۆ خودی مرۆڤیش /جەستە/ ئەمەیش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە شتەکان لە گەورەبووندان، لە چەکەرەوە بۆ خونچە و دواتریش بۆ خودی گوڵەکە، کە ژیانی مرۆڤ بەشێکە لە هەموو شتە زیندووەکان، بێگومان لە ڕوی کاتیشەوە کورت دەبێتەوە. کە کچەکەیش بە وەستای شووشە دەڵێت ئەم کۆشکە بەردەوام لە زەوییەوە لە هەڵکشاندایە و گەورە دەبێت، بە گومان و حەپەسانەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی کچەکە دەداتەوە و ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەو هەرگیز

نەیبنیوە کۆشکێک گەورە ببێت، بەڵام خێرا قسەکەی دەگۆڕێت و دەڵێت وایە کۆشکەکە گەورە بووە.

**کچەکە:**

بەردەوام کۆشکەکە لەنێو ئەرزەوە گەشە دەکا، دەبینیت لە ساڵی پارەوە چەندێک گەشەی کردووە؟

**وەستای شووشە:**

(لەبەر خۆیەوە)

من هەرگیز لەمەوبەر ئەم کۆشکەم نەبینیوە، قەتیش نەمبیستووە کۆشکێک گەشە بکات، بەڵام (بۆ کچەکەی، بە قەناعەتێکی چەسپاوەوە) ئا، دوو ئالن گەشەی کردووە، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەیە کە پەیینیان کردووە، خۆ ئەگەر تۆ سەرنج بدەیت ئەوا دەبینیت بینایەکی لاوەکی لەو دیوەیدا دەرهاتووە کە ڕووەو خۆرە.

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

دوای ئەوە دەچنە کۆشکەکەوە تا ئەو ئەفسەرە ڕزگار بکەن، کە لە کۆشکەکەدا بەند کراوە. دیمەنەکە هەر زوو

گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دواتر ئەفسەرەکە لە ماڵی خانەوادەکەیدا دەبینن و دواتریش لەبەردەم دەرگای ئۆپێراکەدا، هەر خێرایش لەوە دەگەین، کە ئەفسەرەکە ساڵ دوای ساڵ لەبەردەم ئەو دەرگایەدا لە چاوەڕوانی ڤیکتۆریای خۆشەویستیی دایە. دەرگاکە پڕ لە ڕاز و نهێنییە و ئەفسەرەکە تووشی ناڕەحەتی و دڵەڕاوکێ دەکات و پۆلیس ڕێگای پێ نادات، کە ئەو دەرگایە بکاتەوە، بەڵام ئەفسەرەکە کۆڵ نادات و دەچێتە لای پارێزەر تا مەسەلەکەی بۆ بگەیەنێتە دادگا. پارێزەرەکە ئەگنێس دەبینێت و هەر لەوێدا ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە، کە هەر ئێستا بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری یاسادا پێ دەبەخشرێت، لە دیمەنێکی تردا، لە کڵێساکەدا سەما و ئاهەنگی بڕوانامە بەخشینەوەیە، بەڵام پارێزەرەکە بڕوانامەکە وەرناگرێت، لەبەرئەوەی بەرگری لە ئازارەکانی مرۆڤ کردووە. دیمەنەکە لە کڵێساکەوە دەبێتە ئەشکەوتی (فینگال) و لە هەمان کاتدا پارێزەرەکە و ئەگنێس بریاری ئەوە دەدەن، کە ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێن. ژیانی ژن و مێردایەتی کچەکە و پارێزەر بە ئاژاوە و ناخۆشی کۆتایی دێت و ئەفسەرەکە دێت تا کچەکە لەو دۆزەخە ڕزگار بکات، بە ڕزگاربوونی کچەکە دەچینە ناو دیمەنەکانی (سکامسیوند) و (فاگێرڤیک) لەدوای ئەم دیمەنانەوە کچەکە دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی شاعیرێک ببینێت. هاوکات کچەکە ددان بەوەدا دەنێت، کە ژیانی سەر زەوی بە تەواوی بێزاری کردووە و بڕیاری داوە بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

لێرەوە دیمەنەکە دەگۆڕدرێت بۆ ڕاڕەوی شانۆکە و دواتریش دەرگا پڕ لە ڕاز و نیازەکە دەکرێتەوە، هەموو لەو بڕوایەدان، کە لە پشت دەرگاکەوە نهێنی مەتەڵەکانی گەردوون خۆی حەشارداوە و ئەوانەیشی، کە لەوێدا کۆبوونەتەوە و چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکە دەکەن، دەیانەوێت لە نهێنییەکان بگەن. وەستای شووشە دەرگاکە دەکاتەوە، بەڵام دواجار هیچ شتێک لەپشت ئەو دەرگایەوە نییە. لە دوا دیمەندا، کە سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ بەردەم کۆشکەکە، هەر وەک دیمەنی یەکەم، کچەکە لە ساتەکانی ماڵئاواییدایە و کۆشکەکەیش دەسووتێت، کچەکە دەچێتە کۆشکەکەوە، بەو شێوەیەش لە دەروازە و کڵپەی ئاگرەکەوە بەرز دەبێتەوە و دەگەرێتەوە بۆ ئاسمان و خونچەگوڵێکیش لەسەر بانی کۆشکە سووتاوەکە دەپشکوێت و دەبێتە گوڵە بەیبوونێکی گەورە. کارەکتەرەکان، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا، کە ڕوو دەدەن، وێنە بنەڕەتییەکەی خۆیان لە دەست نادەن، بەڵام وەک نۆتەی مۆسیقا، تۆنەکانییان دەگۆڕێت.

دیمەنەکان لە ڕێگای ژینگە و شوێن و دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە، کە بە شێوەیەکی تر و لە مانایەکی تردا، دووبارە دەبنەوە، دەبەستێتەوە بە یەکەوە، تا سەرلەنوێ لە کۆتایدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای کۆشکە هەڵچووەکە، کە دەسوتێت. هەندێک جار ڕووداوەکانی دەقەکە، لە هەمان کاتدا لەسەر دوو ئاست دەجوولێنەوە و لە هەردوو ئاستەکەیشدا، خەون و واقیع تێکەڵاون و ڕۆڵەکان دابەش کراون؛ لە هەندێک ساتەوەختدا لە ڕابردوودان، کەچی لە چاوترووکانێکدا خۆمان لە ئێستادا دەبینینەوە.

ستریندبێرگ، بونیاد و ستراکتورە میتۆلۆژی و فەلسەفییەکەی دەقەکە، لە کارەکتەری ئەگنێس دا و لە خەونەکەدا چڕ دەکاتەوە، هەر لە خەونەکانیشدا ئەو مانایەییان پێ دەبەخشێت، کە (مرۆڤ شایانی بەزەییە). دووبارە بوونەوەی ئەم دەستەواژەیەش (مرۆڤ شایانی بەزەییە) مەودایەکی ئێستاتیکی و قووڵی فەلسەفی، بە تایبەتیش لە دیدی فەلسەفەی (شۆپینهاوەر)ەوە، کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ستریندبێرگ-ەوە هەبووە. شوپنهاوەر، یەکێک بووە لەو فەیلەسوفانەی، بە شێوەیەکی قووڵ باسی ژیان، وەک پەژارە و ئازارچێشتن، دەکات، ئەمە جگە لەوەی شۆپینهاوەر چەندان جار ئاماژەی بۆ

ئەوە کردووە (خەونە گەورەکەی ژیان)، ژیان وەک خەونێکی هەمیشەیی. دواتر دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم مەسەلەیە.

ستریندبێرگ گەرەکی بووە ئەوە بسەلمێنێت، کە گەردوونێکی هاوجۆریی لەنێوان بنەما جیاوازەکانی خولْقاندندا بوونی هەیە؛ جیهانە فیزیکییەکە سمبۆلی دونیا ڕۆحییەکەیە، ئەویش بەشێوەیەک لە شێوەکان سمبۆلی خوایە.

ستریندبێرگ بۆ نووسینی خەونەنمایشێک، جگە لە هەژموون و کاریگەرییەکانی بودیزم و هیندویزم، کاریگەری فەلسەفەی گریکیشی بەسەرەوە بووە، بەتایبەتی لەو هزر و دیدەوە، کە دەڵێت: (ئەوە سزای خواوەندە، کە وا لە ئێمە دەکات هەمیشە بگەڕێینەوە بۆ سەر شتەکان و دووبارە و دووبارەیان بکەینەوە). بێگومان ستریندبێرگ بۆچوونەکانی (ئیمائێل سوێدنبۆرگ) ١٦٨٨-١٧٧٢ سەبارەت بە خەون، کە بە مامۆستا و ڕابەر و ڕێگەپیشاندەری خۆی دەزانی، خوێندۆتەوە و کاریگەرییان هەبووە.

# هزرێکی سێ مەودا

# لە خەونەنمایشێك

شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) یەکەم شانۆنامەی ئێکسپروشیونیزمی ستریندبێرگ-ە و هەوڵی داوە هەمان ستراکتور بەکاربهێنێت، کە لەوەوبەر لە شانۆنامەی (سەفەرە بەختەوەرەکەی پێر) ١٨٨٢و (بەرەو دیمەشق) ١٨٩٨ بەکاری هێناوە. بەڵام لەم دەقەیدا زیاتر لە هەردوو ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە قووڵ بۆتەوە و سێ مەسەلەی سەرەکیش بە ڕوونی، وەک سێینەیەکی پێکەوە بەستراو دیارە و ستراکتور و بنەما هزرییەکانی ئەم شانۆنامەیە پێک دەهێنێت، یەکەمیان: (مرۆڤ شایانی بەزەییە) ژیان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر زەوی ئازار و ژانە، خوداکانیش

پێویستە ئەم ڕاستییە بزانن. دووەمیان: (خۆشەویستی بەسەر هەموو شتێکدا سەردەکەوێت) لەوانەیە خۆشەویستی بتوانێت ڕێگایەک لەنێو ئەم ئازار و ژانەدا بدۆزێتەوە و ژیانێکی تر بۆ مرۆڤایەتی دابین بکات. سێیەمیشیان: (هەڵهێنانی مەتەڵی جیهانە) ئەوەی لەپشت ئەو دەرگا ئەفسووناوییەوە پێویستە ئاشکرا بکرێت، کە بنەمای ئازارەکانی مرۆڤی لەسەر بنیات نراوە یان ماناکانی، ڕێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بەو دەرگایەوە بەندە. ئەم سێ بنەما هزرییەیش دراماتۆرگی و پێوەدانگە درامی و ئەتمۆسفێری بنەما سەرەکییەکانی ڕووداوەکان پێک دێنن و کارەکتەرەکان لەنێو ئەم ڕووداوانەدا گەشە دەکەن و پێوەندییەکانیان دروست دەکەن. ژیان لە (خەونەنمایشێک) دا نائومێدی و پەژارە و ژان و ئازارە، ئەم دیدە ڕەشبینییە سەراپاگیرە و بنەما سەرەکییەکانی دەقەکە پێک دەهێنێت، مەتەڵ و نهێنییە گەورەکەی پشت دەرگاکەیش (نەبوون)ە، کە لەوانەیە (خودا)یش بێت، بەڵام تەنها (لەوانەیە).

ستريندبێرگ دەیویست بۆ بەرجەستەکردنی ئەم سێ مەسەلەیەش، سینۆگرافیا بەشێوەیەکی ئاسان کراو، کە بتوانێت سمبۆلەکانی خەون بەرجەستە بکات، بەکاربهێنێت. ئەو ئاماژە بۆ دوالیزمی ژیان دەکات، کە هیچ شتێک بەو شێوەیە نییە، کە دەبێت وا بێت. لەسەرەتادا هەوڵی داوە جۆرە فانوسێکی سیحری بۆ بەدەست هێنان و خوڵقاندنی زنجیرە وێنەیەک بەکاربهێنێت تا بتوانێت بەو شێوەیە، دونیا خەونئامێزەکەی لە زنجیرە وێنەیەکی بزۆزدا بخاتە ڕوو. بەڵام تەکنیککارانی ئەو دەمە هەرگیز نەیانتوانیوە ئەو دیدەی ستریندبێرگ بەرجەستە بکەن.

# سەرچاوە میتۆلۆژی و فەلسەفییەکانی خەونەنمایشێك

ستریندبێرگ بۆ نووسینی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) پەنای بردۆتە بەر چەندان سەرچاوەی فیکری، میتۆلۆژی و ئایینە کۆنەکان و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەرگرتوون و لە تەکنیک و فۆرمێکی سەرکەوتوویشدا کۆیکردونەتەوە و بەکاری هێناون.

هەروەها ستریندبێرگ، کە ئاوڕی لە بەکارهێنانی میتۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان داوەتەوە، بیری لەوە کردۆتەوە، کە دەبێت بە شێوازێکی ڕاستگۆ و بێ شێواندن لە چاوگە ڕۆحییەکان بڕوانێت و بە قووڵی پابەند بێت بە ژیانی ڕاستی و واقیعی ژیان خۆیەوە. هەموو هێماگەلێکی میتۆلۆژیی، رۆحیی یان ئەفسانەیی، دەبێت لەپشت چوارچێوەیەکی پڕ لە وردەکاریی ڕاستییدا خۆیان حەشار دابێت. میتۆلۆژیا و ئایینی هیندویزم و فەلسەفەی شۆپینهاوەر ١٧٨٨-١٨٦٠

هەر لەسەرەتاوە جێگەی سەرنجی ستریندبێرگ بوون و لە زۆر لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

ئاینی هیندۆییەکانیش لە ڕێگای بوودیزمەوە سەرنجی ستریندبێرگ ڕادەکێشێت، لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە لەسالّی ١٨٩٦دا نوسیویەتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تازە لە خوێندنەوەی کتێبێکی سەفەرنامە، بۆ هیندستان بووەتەوە. لە هەمان نامەدا باسی ئەوەی کردووە، کە کتێبەکە زۆر بە وردیی ئاینی هیندۆییەکانیشی ڕوونکردۆتەوە و لەو ڕوونکردنەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو، کە چۆن بالآترین ئاستی بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردنی مرۆڤ بریتییە لە خۆڕزگارکردن لە خود، هەروەک وەهمێک، بەمەیش بەدەستهێنانی هەستکردن و هەستی بەزەیی بە ئازارەکانی ئەوانیتر گەشە دەکات. ئەم مەسەلەیەیش ناوەندێکی گرینگی بیروبۆچوونەکانی ستریندبێرگ-ە لە خودی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دا.

ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەیدا تەنها سوودی لە میتۆلۆژیای هیندی وەرنەگرتووە، بەڵکو بە قووڵیی و بە چڕییەوە، لە دیدی داهێنانێکی گەورەوە، چەندان دیانەت، ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا، میتۆلۆژیا و فانتازیا تێکەلآو دەکات و میتۆلۆژیایەکی تایبەتمەندی شانۆیی دەخولّقێنێت. لەم

کارەیدا جگە لە دیانەت و میتۆلۆژیای هیندی، میتۆلۆژیای گریکی و ڕایەڵە ئەفسووناوییەکانی ئینجیل و بودیزم بەکار دەهێنێت و سوودی لە چیرۆکی داب و نەریتی سوارچاکەکان و هەروەها چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) وەرگرتووە. بەکارهێنانی ئەم هەموو زنجیرە، میناتۆر و وێنە جیاوازانە پێکدادەچن و لە ئەنجامدا یەک وێنەی سەراپاگیر و یەکگرتوویان پێکهێناوە.

لە میتۆلۆژیایی هیندی دا (مایە) خوڵقێنەرە و شۆپینهاوەر-یش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (مایە) جۆرە سەرپۆشێک بە ڕووی چاوەکانی مرۆڤدا دەچنێت، تا ڕاستییە باڵاکان نەبینن.<٤> (مایە) ژیانیشە، ئەو ژیانە دیاریکراوەی مرۆڤە، مێژووی بەندیخانەیە، کە لەوێدا مرۆڤ لەناو ژوورە سنوردارەکاندا، ژان و ئازار دەچێژێت. بەو شێوەیە، ئەو وەهمەی (مایە) ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەیە، کە مرۆڤ لە بەندییەکی ناو بەندیخانە گەورەکەی ژیاندا، هیچیتر نییە. سەرپۆشەکەی (مایە) تەنیا مانای (خەونەکانی ژیان) ناگەیەنێت، بەڵکو هێزی ئەو داوی چنینەیە، کە مرۆڤ لەو بڕوایەدایە واقیعە، هەروەها هێمایەکیشە بۆ وێنەی ئەو ئافرەتەی، کە دەبێتە دایکی دنیا و بەردەوامی بۆ ژیان، لە ڕێگای خستنەوەی منداڵەوە.

ستریندبێرگ له هەندێک له نامەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە وەهمی (مایە) بۆ کارەکتەری (ئەفسەرەکە) واقیعە و ئەو لەو وەهمەدا دەژی. ستریندبێرگ زۆرجار له نووسینەکانیدا باسی ئەوەی کردووە، کە ژیان وەهمە، هەندێک جار وەهمێکی تاڵ و ناخۆش؛ ئەو له دڵەوە ژنە جوانە بچووکەکەی خۆش دەویست، "هارییەت بۆسە" خەونی خۆشەویستی بوو بۆ ئەو، لەو بڕوایەدا بوو خۆشەویستی و بەختیاری دۆزیووەتەوە، بەڵام "هارییەت بۆسە" واز لەو دەهێنێت و لەگەڵ یەکێکی تر، ئەکتەرێکی گەنج پێوەندی دروست دەکات. ستریندبێرگ ئەو سەرپۆشەی (مایە) دەیچنێت، دەکات بە سمبۆلێک و له کارەکتەری (دەرگاوانەکە) دا بەرجەستەی دەکات؛ دەرگاوانەکە خەریکی چنینە. (مایە) بۆ ستریندبێرگ ئافرەتە و له کارەکتەری ئافرەتێکدا بەرجەستەی دەکات، (مایە) بۆ ستریندبێرگ ژنێکی دیاریکراو و هەموو ژنێکیشە، ئەمە جگە لەوەی سمبۆلێکیشە بۆ خودی ژیان؛ ژن سەرچاوەی خۆشییە قووڵەکانی ژیانە، هەروەک چۆن سەرچاوەی ئازار و ناخۆشییە قووڵەکانی ژیانیشە. هاوکات کچەکەی ئیندرای خواوەندیش (ئەگنێس) نوێنەری (مایە)یە. ستریندبێرگ له نامەیەکیدا، کە لەساڵی ١٨٩٥ دا نووسیویەتی، دەڵێت: (من... کەسێکم ڕقم له ئافرەتە، لەبەر ئەوە ڕقم له خاکیشە، چونکە

ئەو ڕۆحم دەبەستێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە خۆشم دەوێت. ئافرەت بۆ من خاکە بە هەموو خۆشی و جوانییەکییەوە، ئەو پێوەندییەی، کە دەتبەستێتەوە...)

زۆر لە لێکۆڵینەوەکان، ئەگنێس، کچی ئیندرای خواوەند، بە مەسیح-یش بەراورد دەکەن، ئەگنێس و مەسیح هەمان پەیام و هەمان ڕۆڵییان لەسەر زەوی هەیە، کەی کارەکانیشیان تەواو بوو، دەگەڕێنەوە بۆ ئاسمان، ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون. ئەگنێس دەبێت بە سمبۆلێک بۆ مەسیح.

ئیندرای خواوەند لە میتۆلۆژیای هیندیدا هیچ کچێکی نەبووە و ستریندبێرگ ئەو مەسەلەیە وەک هێما و مەجاز بەکار دەهێنێت، ئەگنێس-یش نزیکە لە (ئاگنی) خوای ئاگری هیندۆیزم، ئەم خواوەندە کارەکانی تایبەت بووە بە گەیاندنی پەیام یان ناوبژیکردنی نێوان خواوەند و جیهانی مرۆڤ. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە ڕەخنەگر و شرۆڤەکاران، لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆریان داوە و چەندان ناوی هاوبەشی میتۆلۆژیان لەگەڵ ناوی (ئەگنێس) کچەکەی ئیندرای خواوەند دۆزیوەتەوە و بەراورد کاریان بۆ کردووە، ئەمەیش ئەوەمان بۆ دوو پات دەکاتەوە، کە ستریندبێرگ کچەکەی خواوەندی ناوناوە (ئەگنێس) ڕەگێکی

میتۆلۆژی و دینی هەبووە. بێگومان لێکچوونێکی بەهێز لەنێوان ئەگنێس و ئاگنی-دا هەیە. وەک ئاماژەیشمان بۆ کرد، ئاگنی پەیامنێری تایبەتی نێوان دنیای خواوەند و مرۆڤ بووە؛ ئاگنی هەموو حیکمەت و گۆرانییەکانی زانیووە و یەکێک بووە لەو خواوەندانەی بە (گوێگر) ناوزەند کراوە و لە هەموو شتێک گەیشتووە. ستریندبێرگ، کە زانیارییەکی زۆری لەم بوارانەدا هەبووە، لە یەکێک لەو نامانەیدا، کە لەساڵی ١٨٩٥ دا نووسیویەتی دەڵێت: (ئەو ڕۆحە خواوەندییەی، کە لە ئاسماندا دەجووڵێتەوە بە ئیندرا، میترا، ڤارێونە، ئاگنی ناوبراون؛ ئەمانە زۆر زیاترن لەوەی تەنها ناوێک بن/.../) خواوەندە هیندییەکان ئەو توانا و هەل و مەرجانەیان تیا بووە، کە لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ بکەن و هێزێکی هارمۆنی و دینامیکی بوون؛ ئەوان لە یەک کاتدا خودگەرا بوون، فرەمانا بوون و لەنێو هەر پێنج ڕەگەزەکانی سرووشتدا: فەزا، هەوا، ئاگر، ئاو، خۆڵ هەبوون.

لەنێو هەموو خواوەندەکانی میتۆلۆژیای هیندیدا، سێ خواوەند، بەهایەکی گەورە و مانایەکی فرەمەودایان بۆ (خەونەنمایشێک) هەیە: ئیندار، وارونا و ئاگنی. (ئیندرا) خوای شەڕ بووە و ئاگر یەکێک بووە لە چەکەکانی و

هاوکات بارانیشی بەخشیوە، (وارونا) بەر لە (ئیندرا) پادشا بووە، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ڕیتمی گەردووندا هەبووە و جووڵانەوەی ئاسمانەکان و ئاوی ڕاگرتووە. (ئاگنی) نێرەری ئاگری پیرۆز و خوڵقێنەری مرۆڤ. ستریندبێرگ، لە دەستپێکە نواندنەکەیدا، لەو دیمەنە کورتەی دوای تەواوکردنی دەقەکەی دەینووسێت، ئیندرا کچەکەی خۆی (ئەگنێس) وەک نوێنەری خۆی دەنێرێتە سەر زەوی، لێپرسراوی قەرەنتینە وا دەزانێت، کە ئەوە (وارونا)یە.

**ئەفسەرەکە:**

نا، ئەوە ناگونجێت! (نیوە بەرز) هەڵبەت ئەمە کچەکەی ئیندرا خۆیەتی!

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

کچەکەی ئیندرا؟ من وام زانی خودی وارونا-یە!

## شانۆنامەی خەونەنمایشێک

زۆربەی ڕەخنەگرەکان، دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە، کە بەراوردکردنی کارەکتەری لێپرسراوی قەرەنتینە بە ئەفسەرەکە و پارێزەر و شاعیرەکە، فاکتەرێکی گرینگ و

سەرنج ڕاکێشە. بە ڕووکارێکی تری ئەم کارەکتەرانەی دادەنێن، هەندێک جار ڕووکەش و هەندێک جاری تریش لە ناوەوەدا؛ بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە و خاڵێکی گرینگی دەقەکە و کارەکتەرەکەیشە، ئەوەیە کارەکتەری لێپرسراوی قەرەنتینە لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوەیە، ئەمەیش لەبەر هۆکارێکی ساکار: چونکە ئەم کارەکتەرە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان کەسێنی بە ئەگنێس-ەوە نییە. ئەم کارەکتەرە لەو ڕووەوە زۆر گرینگە، کە ڕێگا بۆ دوا دیمەنە خەونەئامێزەکەی نێوان ئەگنێس و شاعیرەکە خۆش دەکات.

ستریندبێرگ لە یەکێک لە یاداشتەکانی ئەو دەمەیدا، کە خەریکی نووسینی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) بووە، دەڵێت: ("ڕێساکانی ئایینی هیندی دەخوێنمەوە – دونیا هەمووی ڕواڵەتبازییە (تێبینی: = بۆش یان پووچییەکی ڕێژەییە). گوڕی خۆلەبەردانەگیراوی خودایی (ماهام – ئاتما، تاد، ئاوم، براما) لیگەڕاوە خۆی بە مایە یان غەریزەی ئالسترینگ گومڕا بکا. بەم شێوەیە توخمی خودایی دەستدرێژی دەکاتە سەر خۆی (تێبینی: خۆشەویستی گوناهە، لەبەر ئەوە پەژارەی خۆشەویستی گەورەترین دۆزەخە، کە بوونی هەبێت) بەم شێوەیە گێتی تەنانەت

ئەگەر هەشبێت، تەنیا لە چوارچێوەی گوناهێک دایە– چونکە بەزاندنی وەهمێک "دیمەنی خەونێک"، (تێبینی: لەبەر ئەوەیە خەونەنمایشەکەی من دیمەنێکە لە ژیان.) تارماییەک، تەنها ئەرکی خەڵوەتکێشە، بەڵام ئەم ئەرکە لەگەڵ غەریزەی خۆشەویستییدا دەکەوێتە شەڕەوە، ئەوەیش بە ناسەقامگیرییەکی بێکۆتا لەنێوان بەزمگەی حەز و چارەسەرکردنی عەزابدا دەشکێتەوە. وا پێدەچێت، ئەمە هەڵهێنانی مەتەڵی گێتی بێت!

ئەوەی سەرەوەم لە مێژووی ئەدەبیاتدا دۆزییەوە، ڕێک ئەوکاتەی، کە خەونەنمایشم تەواو دەکرد "قەڵا گەشە سەندووەکە"، ئەوە لە بەیانی ١٨ی مانگەدا بوو، بەڵام ئەم بەیانییە من قەڵاکەم بینی (=مۆڵگەی سوپای سوارە)، وەک بڵێی بە خۆرە هەڵهاتووەکە ڕووناک بووبێتەوە. هەنووکە "ئایینی هیندی"، خەونەنمایشەکەم و واتای کچەکەی ئیندرا، نهێنیی دەرگەکە = عەدەمی بۆ ڕاڤە کردم. بە درێژایی ڕۆژ بودیزمم خوێندەوە.)

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە، کە ستریندبێرگ لە دوو دیدەوە هەوڵی داوە میتۆلۆژییە جۆراوجۆر و ئایینەکانی تر لەم دەقەیدا بەکاربهێنێت: لە سەرچاوە ڕۆحییەکانی ئەم میتۆلۆژیانە لای نەداوە، ئەم

ڕێبازە ڕۆحییە پێویست بووە بۆ ئەو، بە شێوەیەکی قووڵ ببەسترێتەوە بە واقیعەوە. ئەم دیدە قووڵەیشی بۆ میتۆلۆژیا و ئایینە دێرینەکان، بە تایبەتیش بودیزم، وایلێکردوە کتێبی جۆراوجۆر لەو بارەیەوە بخوێنێتەوە، تا لە ئەنجامدا خۆیشی کتێبێکی لەسەر بودیزم نووسیوە.

ستریندبێرگ کاری لەسەر خواوەندەکانیش لەنێو کارەکتەرەکانیدا کردووە و بەمەیش مەودایەکی تری قووڵی بە کارەکتەرەکانی، بە تایبەتیش کارەکتەرە پیاوەکان بەخشیوە؛ کارەکتەرە پیاوەکان، پریشکی خواوەندیان بەر کەوتووە، لەم ڕووەوە کارەکتەرەکان خواوەند لەنێو خۆیاندا دەدۆزنەوە. ئەفسەرەکە بە کچەکە دەڵێت: "تۆ منداڵێکی ئاسمانیت" کچەکەیش لە وەڵامدا دەڵێت: "تۆیش هەروایت!" خواوەندەکان یارمەتی مرۆڤ دەدەن، هێز و وزەی خواوەند لە خۆیاندا بدۆزنەوە. ستریندبێرگ کار لەسەر ئەمە دەکات و شاعیر و پارێزەر و ئەفسەرەکە، لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرکەوتنیاندا لەگەڵ کچەکە، کچی ئیندرای خواوەند، ئەو وزە خواوەندییان پێ دەبەخشێت.

(خەونەنمایشێک) ئەو توانایەی ستریندبێرگ-ی دەرخستووە، کە وەک ئەو هەموو خواوەندانە، وەک میتۆلۆژیا هیندییە چڕ و بەربڵاوەکان، لەنێو تەنها یەک

کاری هونەریدا، لەنێو چوارچێوەی دەقێکی وەک خەونەنمایشێک-دا زنجیرەیەک وێنە و ڕووداوی لەبنەهاتوو لەنێو یەکدا بتوێنەوە و لە ئەنجامدا یەکەیەکی هونەری و ئێستاتیکی یەکگرتوو بێنێتە کایەوە.

# "ئەندرۆگین" و فەلسەفەی "یەك" و خەونەکەی ستریندبێرگ

کە شاعیرەکە دێت، دەزانێت ئەفسەرەکە کەسێکە هیچ بەرپرسیارێتییەک هەڵناگرێت، پارێزەرەکەیش بە پێچەوانەوە، بەرپرسیارێتییەکی گرانی بەسەر شانەوەیە. شاعیرەکە لەم ڕەوشەدا، بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەترەوە دەردەکەوێت، لێرەدا ئەفسەرەکە و پارێزەرەکەیش پابەندی (مایە)ن: ئەفسەرەکە بەندی ڕابردووی خۆیەتی، پارێزەرەکەیش بەندی (ئێستا)یە، دیدی شاعیرەکە و هێزی کارەکتەرەکەی، لەم هاوکێشەیەدا نە پابەندی ڕابردووە و نە بە ئێستایشەوە بەستراوەتەوە؛ ئەو دەتوانێت بەرزتر بڕوانێت، دوورتریش لەوان ببینێت. لەلایەکی تریشەوە، شاعیرەکە و ئەفسەرەکە و پارێزەرەکە سمبۆلی هێزی ریتمی ژیانن، ریتمێکی بزۆز و تەژی لە جووڵە: لەدایکبوون، ژیان و دواتر مەرگ.

ئەگەر کچەکە بەر لە دەرکەوتنی شاعیرەکە، نەیتوانیبێت جۆرە ئاشتبوونەوەیەک لەگەڵ ڕەگەزی پیاودا بەدەست بهێنێت، ئەوە بە دەرکەوتنی شاعیرەکە هەوڵێکی تری کچەکەیە بۆ ئاشتبوونەوە لەنێوان هەموو شتە گەورە و دژ بە یەکەکاندا، ئەو شتانەی بە ئاڕاستەی پێچەوانەوەن: ژن و پیاو، ئاسمان و زەوی، چاکە و خراپە، مرۆڤ و خوا.

چەندان میتۆلۆژیای گەلان، بە تایبەتی هیندییەکان و لای بودییەکان، خواوەندێکیان وەک "ئەندرۆگین" خوڵقاندوە، ئەمەیش مانای وایە خواوەندەکەی نیوەی پیاوە و نیوەکەی تری ئافرەت، ئەمە تێگەیشتنێکی دینی و فەلسەفییە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان، بەو مانایەی دەستپێکی هەموو شتەکان لەیەک (یەک)دا، واتە لە (دوو)ەوە بۆ یەکەیەکی (یەک) لایەنی (یەک) خواوەند لەنێو جەستەی پیاو و ژنیشدا. شاعیرەکە و ئەگنێس لەم خەونەنمایشەدا ، لە پێوەندییە ڕۆحی و هەروەها مرۆڤایەتییەکەشیاندا، لەنێوان شیعر و خوڵقاندن و سەفەری کچی خوادا دەبنە "ئەندرۆگین"، واتە دەبنە یەک کەس و لەنێو یەکتریدا پەیامی مرۆڤایەتی دەگەیەنن بۆ لای ئیندرای خواوەند.

"ئەندرۆگین" بۆ ستریندبێرگ، لە خەونەنمایشێک دا مانایەکی ڕۆحی دەگەیەنێت، مانای توانەوەی ڕەگەزی نێر و مێ لە یەکتریدا، هەرچەندە، دەکرێت مانایەکی سێکسوالیتیشی هەبێت، جۆرە ئیرۆتیکێک لە توانەوەی ئەم دوو ڕەگەزەدا هەیە، بەڵام لای ستریندبێرگ ئیدیالێکی ڕۆحییە و وێنایەکی هارمۆنیی پێوەندییەکانی ژن و پیاوە. ئەمەیش گەشە و وەرچەرخانێکی گەورە و لێبوردەییەکی ڕەهایە لە دیدی ستریندبێرگ-دا، چونکە تا ئەو دەمە

نووسینەکانی هێرشێکی بێبەزەییانە بوون دژی ئافرەت و ڕەگەزی مێ.

چەمکی "ئەندرۆگین" لە دووەم دیمەنی ئەشکەوتەکەدا (ئەشکەوتی فینگال) لەنێوان شاعیر و کچەکەدا چڕ دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەو پێوەندییە سێکسی و ئیرۆتیکییەی بە پارێزەرەکەیەوە دەبەستێتەوە و منداڵیشی لێی دەبێت، بە تەواوی لەم دیمەنی ئەشکەوتە و لەنێوان کچەکە و شاعیرەکەدا نامێنێت؛ لەبری هاوسەرگیری پێوەندی نێوان شاعیرەکە و کچەکە، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، دەبێتە پێوەندییەکی خوشک و برایانە.

**شاعیر:**

بۆ کوێت هێناوم؟

**کچەکە:**

بۆ دوور لە ژاوەژاو و ناڵەناڵی منداڵەکانی ئینسان، بۆ لای گەورەترین زەریای جیهان، بۆ ئەم ئەشکەوتە کە ئێمە ناومان ناوە گوێی ئیندرا، چونکە دەڵێن کیژی ئاسمان لێرەدا گوێ لە دادوبێدادی ئەو خەڵکە مردەنییە ڕادەدێرێ.

# سەرچاوەکانی تر

لەپاڵ بودیزم و میتۆلۆژیای هیندیدا، خەون لە ژیانی تایبەتی و لە بەرهەمە ئەدەبی و شانۆییەکانی ستریندبێرگ دا، بە تایبەتی خەونە ڕۆژانەکانی و ئەو خەونانەیشی، کە دەیبینین، بابەتگەلێکی گرینگ بوون. زۆرجار ئەو خەونانەی، کە دەیبینین دواتر تۆماری کردوون و لەکاتی نووسیندا گەڕاوەتەوە سەریان و بەکاری هێناون، لە یاداشتەکانیشیدا، هەندێک لە خەونەکانی بە هەموو وردە کارییەکانییەوە دەگێڕێتەوە و هەوڵ دەدات لێکییان بداتەوە و بیانبەستێتەوە بە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە. ستریندبێرگ خۆی ئەو کەسەیە لە خەونەنمایشێک-دا خەون دەبینێت؛ بە بەکارهێنانی ژیانی خۆی و

پێوەندییەکانی، هاوکات ئەو سمبۆلانەی لە ژیانیدابوون و سەرلەنوێ بەکارهێنانی لەم خەونەنمایشەدا، خۆی دەبێت بەو خەوبینەی ڕایەڵەکانی ڕووداوەکانی بە دەستەوەیە. خەونەنمایشەکەیشی لە چەند خەونێک، یان زنجیرە خەونێک پێک دێت. هەر لەم ڕووەوە ستریندبێرگ لە کتێبی (تەنیایی)دا، کە لە ساڵی ١٩٠٣دا نووسیویەتی، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە خەونی بە شێوەیەکی لۆژیکی و زانیاری لێکداوەتەوە، هەروەها چەندان کتێبی لێکدانەوەی خەون و زانیاری و ئەدەبی سەبارەت بە خەون لە کتێبخانە تایبەتمەندەکەی ستریندبێرگ دا دۆزراونەتەوە. لە ڕاستیشدا گەڕان و لێکۆڵینەوە زانیارییەکانی خەونیش لە ناوەڕاستی ١٨٠٠ەکانەوە دەرکەوتوون و (سیگمۆند فرۆید) ١٨٥٦-١٩٣٩ لە ساڵانی ١٩٠٠ و ١٩٠١دا لێکۆڵینەوە و کتێبە گرینگەکانی خۆی سەبارەت بە لێکدانەوەی خەونەکان لە ڤێنا بڵاو کردۆتەوە. کتێبەکانی فرۆید، لە ساڵی ١٩٢٧ دا بە سوێدی بڵاو کراونەتەوە، واتە ساڵێک بەر لەوەی

ستریندبێرگ دەقی (خەونەنمایشێک) بنووسێت. فرۆید ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بەبێ خەونبینەرەکە ـ واتە ئەوەی خەون دەبینێ ـ هیچ لێکدانەوە و خوێندنەوەیەک ناکرێت، یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی خەونیش چڕبوونەوەیە؛ نووسینەوەی خەونێک لە نیو لاپەڕەیەکدا جێگای دەبێتەوە، بەڵام لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئەو خەونە، هەشت ئەوەندە جێگای دەوێت.

تا ئێستا، ئەم دەقەی ستریندبێرگ (خەونەنمایشێک) زیاتر لە ڕووی بۆچوونەکانی فرۆید، هاوکات بنەما ئەفسانەییەکانەوە شیکاری وردی بۆ کراوە؛ گەڕانەوە بۆ تێزەکانی فرۆید، خەون و کۆدەکانی خەون، فاکتەرە گرینگەکان بوون. میتۆلۆژیایی هیندی و ئیندرای خواوەندیش ئەو بنەما تیۆرییەیان بۆ شیکردنەوەی دەقەکە لە ڕوانگەی ئەفسانەکان خۆش کردووە، بەڵام دەکرێت دەقەکە چەندان سمبۆل و دەروازەی تر، بۆ لێکۆڵینەوە و شیکاریکردنێکی ورد بکاتەوە، بۆ نموونە لە پاڵ فرۆید-دا،

شیکردنەوەکانی (کارڵ گۆستاف یۆنگ) ١٨٧٥-١٩٦١ زۆر گرینگە، هاوکات ڕاڤەکردنی بنەما پڕ لە ڕاز و نیازە نهێنیئامێزەکان، ئەمە جگە لە بیۆگرافیای ژیانی ستریندبێرگ خۆی. "یۆنگ" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە خەونە دێرینەکان چەندان وێنە و سمبۆل لەخۆ دەگرن، کە لە ئەفسانە و داستان و چیرۆکە دێرین و دینییەکانەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە، ئەم سمبۆلانەیش لای ستریندبێرگ و خەونەنمایشەکەی پێکداچوونێکی هارمۆنی دروست کردووە.

بێگومان تا ئێستایش شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) تاکە بەرهەم و گەورەترین شاکارە، کە بەو شێوەیە لە فۆرم و تەکنیک و دونیای خەونەکان نزیک بووبێتەوە. ئەم تەکنیکە نوێیەی درامای خەونەنمایشێک-ی ستریندبێرگ واقیع، وەک ئەوەی لە خەون بچێت، ئاوا بەرجەستەی دەکات. هەندێک لە پسپۆر و لێکۆڵەرەوەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ستریندبێرگ کتێبەکەی فرۆید سەبارەت بە

لێکدانەوەی خەونەکانی بەردەست کەوتووە و خوێندوویەتییەوە، بەڵام هەندێک لێکۆڵەرەوەی تر ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە هەرچەندە فرۆید و شۆپینهاوەر وایان لە مرۆڤ کردووە بە چاوێکی نوێوە بڕواننە خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا هیچ سەرچاوەیەک لەبەردەستتدا نییە ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە ستریندبێرگ فرۆیدی خوێندبێتەوە. ئەوەی لێرەیشدا گرینگە ئەوەیە ستریندبێرگ لە سۆنگەی خەونەکانییەوە، توانیویەتی کارەکتەری زیندوو، ئەتمۆسفێری فانتازیئامێز، ڕووداوی بێ سنوور لە پانتاییەکی جیاوازی دوور و لە دەرەوەی کات و شوێنە تەقلیدییەکانەوە دەستەبەر بکات.

(خەونەنمایشێک) نەفەسێکی قووڵی سوریالیزم لەخۆ دەگرێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری بەسەر تەوژمی سوریالیزمەکانی پاریس-ەوە هەبووە، هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پیشان دەدەن، بۆ نموونە (ئەندرییە برێتۆن) ١٨٩٦-١٩٦٦، کە بە دامەزرێنەر و باوکی شەرعی

سوریالیزمەکان دادەنرێت، بە قووڵی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک)ی خوێندبێتەوە، برێتۆن لە مانیڤێستە سوریالیزمەکەی خۆیدا، خانووبەرەی کۆشکێک، وەک وێنەیەک بەکاردەهێنێت و دەڵێت: "کۆشکێک، وەک خانووبەرەی هزر و بیرکردنەوەی سوریالیزم و ژینگەیەکی رۆحیی". لای ستریندبێرگ، لە خەونەنمایشێک-دا مرۆڤەکان خەون دەبینن، بەڵام لای برێتۆن مرۆڤەکان لە فەنتازیادا دەژین، زۆرجار سنورەکانی نێوان خەون و فەنتازیایش نامێنن، یان تێکەڵاو دەبن و پێکدا دەچن.

ستریندبێرگ دەیەوێت بەم شانۆنامەیە ئەوەیش دووپات بکاتەوە، کە ژیان پەژارەیە، بنەمای ئەم بیرۆکەیەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی، کە دەڵێن لە ڕوانگەی ئازار و ژانەوە دەگەینە دیدێکی ڕوون و ئاشکرا. لەپشت گوتەی کچەکەیشەوە (ئەگنێس)، کە دەڵێت: (مرۆڤ شایانی بەزەییە) فەلسەفەی شۆپینهاوەر خۆی حەشارداوە، بەتایبەتی بەهای ئازارەکانی مرۆڤ، بەرزترین ئاستەکانی

پاکییە. ستریندبێرگ هەژموونی کتێبەکەی شۆپینهاوەر (جیهان وەک ئیرادە و بیر)ی بەسەرەوە بووە و بیرۆکە فەلسەفییەکەی ئەو کتێبەیش (گرینگی ئیرادەی ژیان زیاتر بوونێکە لە ناوەوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوە تەنها بەرەو هەستکردن بە نەبوونمان دەبات، بۆیە پێویستە نەفی ئەو بوونە بکرێت) ئەم کاریگەرییەیش تەنها لە شانۆنامەی خەونەنمایشێک دا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو بەر لە خەونەنمایشێک لە دەقەکانی تری، بە تایبەتیش لە سێینەی (بەرەو دیمەشق) و (سۆناتای تارمایی)دا ناوەندێکی گرینگ و بەهادارە.

# بەشی سێیەم

# تەکنیکی خەون لە
# خەونەنمایشێک-دا

ستریندبێرگ ئەم شانۆنامەیەی لە هۆشمەندییەکی قووڵی هونەری شانۆوە نووسیوە، تەکنیکە نوێیەکان، چارەسەرە ئەزموونگەر و ڕەوتە ئەڤانگاردەکەی شانۆی ئەو دەمەی ئەورووپا لە گەشەدا بوون. ستریندبێرگ-یش ئاگای لەو نەشونما و گەشە و ڕەوتە مۆدێرن و نوێیەی شانۆی جیهانی بووە و پێوەندییەکی بەردەوامی بە شانۆی ئەوروپییەوە هەبووە، گۆردن کرەیگ-ی ناسیوە و سەردانی شانۆکانی پاریس و بەرلینی کردووە و زانیوویەتی چی دەگوزەرێت. بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٨٠٠ەکاندا، کە لە پاریس دەبێت، بەردەوام سەردانی شانۆی Chat Noir دەکات، ئەم شانۆیەیش وەکوو

گازینۆیەکی هونەری وابووە و لە نەمایشەکانیاندا وشە، وێنە و مۆسیقا لە یەکەیەکی هارمۆنی و هونەریدا یەکیان گرتووە و بەم شێوەیەیش فۆرمێکی تر و جیاوازیان، بەپێی پێوەرەکانی ئەو دەمە خوڵقاندوە. ستریندبێرگ-یش چەندان جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە خەون بە شانۆیەکی ئاوهاوە دەبینێت.

خەونەنمایشێک-یش بۆ ستریندبێرگ شیکردنەوە و تاقیکردنەوەی وزە و ئێستاتیکای شانۆ بووە، بوارە کردەیی و دیدی شانۆی تاقیکردۆتەوە و تا ئەودیو و ناوەوەی ئامڕازەکانی بەکارهێناوە، دید و بوارە نابابەتییەکانی پێکەوە گرێداون و سەرلەنوێ بەرجەستەی کردوونەتەوە. ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا، بەهەمان شێوە لە شانۆنامە ئێکسپرۆشیونیستییە گوزارشتئامێزەکانیدا، یاساکانی تەماشاکردن و گەوهەری بوونیادنانی وێنەکان بە تەواوی دەگۆڕێت، بەتایبەتیش هەر لەڕێگای بەدەستهێنان و خوڵقاندنی دونیایەکی دیار و

بینراو یان ژوورێکی شیعرئامێزی بینراوەوە، ژوورێک بۆ بینین، نەک بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، ئەمەیش تەواو پێچەوانەی سەدەی هەژدە و تەوژمەکانی شانۆی ڕیالیزم و ناتورالیزم بووە. لە (خەونەنمایشێک)دا، وەک ئاماژەمان بۆ کردووە، ئێستاتیکایەک باڵادەستە، کە دابڕانێکی گەورەی لەگەڵ ڕێسا و بنەماکانی ناتورالیزم و ڕیالیزم دا دروست کردووە، بەمەیش بنەماکانی شانۆ و درامایەکی مۆدێرنی دارشتووە.

ستریندبێرگ لە هەندێک لە یاداشتەکانی سەرەتای ساڵانی ١٨٠٠ەکاندا باسی چەمکەکانی کات و شوێنی کردووە و گوتویەتی: دەستنیشانکردنی زەمەن بە دەستەواژەی پێش یا دوای ڕووداوێکی دیاریکراو ئاماژەی بۆ بکرێت، نەک ناوهێنانی ڕاستەقینەی زەمەنەکە، (ئێستا) نادیارە، لەوانەیە (ئێستا) لەنێوان یان لە پەراوێزی ڕابردوو و داهاتوودا، بگوترێت و هەبێت. شوێن تەنها دەتوانرێت لە ڕوانگەی جووڵە، گوێزانەوە و هات و چۆکردنەوە دیاری بکرێت.

ئەگەر مرۆڤ بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ جووڵە دابنیشێت، هەستکردن بە شوێن لەدەست دەدات، کە دەشجوڵێین، مرۆڤ هەست بە کات و شوێنیش دەکات. لە خەونیشدا کات و شوێن بوونیان نییە، رۆحییش لە شوێندا نییە. ئەو شتەی وێنای خەونیش دەکات، دژی کات و شوێنە و پێچەوانەی یاساکانی سرووشتە. هەر لەم بنەمایەوە، دەتوانین بڵێین، کە (خەونەنمایشێک) گوزارشت لە زەمەن دەکات بێئەوەی ڕاستەوخۆ ناوی زەمەکە بهێنێت، بەڵکوو لەڕێگەی چەمکی پیربوون یا ئەگەری پیربوون یاخود گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی گوازرشتی لێوە دەکات) بەم شێوەیە دەقەکە گوزارشت لە گەشتێک دەکات، کە سەدەیەک لە ژیانی مرۆڤایەتی دەخایەنێت. کات هیچ شتێک فێری ئێمە ناکات و مرۆڤ لە بازنەیەکدا دەژی، کە هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی دەستپێک. (مرۆڤ شایانی بەزەییە). ئەم دووبارە بوونەوەیەش (مرۆڤ شایانی بەزەییە) وەک گۆرانییەک و ریتواڵێک وایە، کە هەموو

بەشەکانی دەقەکە، لەسەر ئاستێکی باڵا پێکەوە دەبەستێتەوە. ستریندبێرگ لە خەونەنمایشێک-دا، دەقی شانۆیی دەکات بە مۆسیقایەکی ریتمئاسا، مۆسیقایەک لە دیمەنەکاندا هارمۆنییایەک دروست دەکات، کە کاریگەری بەسەر هەموو دەقەکەوە دەبێت و خەون دەکات بەو واقیع و ژیانەی، ستریندبێرگ بەوپەری ئاگاییەوە کاری بۆ کردووە.

# خەون لەسەر شانۆ

مێژووی شانۆ ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە خەون هەمیشە و لە هەموو سەردەمەکاندا، لەسەر شانۆکان دەرکەوتون، تەنانەت دراما سەرەتاییەکانی پەرستگا لە ڕۆژگارە دێرینەکان و چاخەکانی ناوەڕاستیشدا، نەیانتوانیووە ڕێگا لەم جۆرە دیمەنە خەونەئامێزانە بگرن.

لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا تارماییەکان و لە چاخەکانی ناوەڕاست دا، کە دەسەڵاتی کلێسا ڕەها بووە، خواوەند وەک باوکێک و فریشتەکانی و هەروەها مەریمی پاکیزەیش، لەسەر شانۆکان دەرکەوتون. لە سەردەمی بوژانەوەیشەوە (ڕێنیسانس)، کە بە تەواوی بینەر لە تەختەی شانۆ جیا دەکرێتەوە، شانۆ دەبەسترێتەوە بە ئەندێشەیەکی قووڵەوە، بە تایبەتیش لە ڕێگای میتافۆرەکانی ئەکتەر و بەرجەستەکردنی ڕۆڵ و چوونە نێو کارەکتەرەکانەوە، لەم ساتەوەختەوە، ئەندێشە و دیدی شانۆ ئەو بارودۆخە دەخوڵقێنێت بۆ وێناکردنی خەون لەسەر شانۆ، بۆ نموونە بەدەم خەوەوە ڕۆیشتن،

دەرکەوتنی تارمایی، ڕاکردن لە ڕێگەی خەونەوە وەک ئەوەی خەونەکە، خۆی، واقیع بێ، ئەمانە هەمووی لە ڕێگای، بۆ نموونە شانۆ لەناو شانۆ دا بووە.

لە سەردەمی (بارۆک) دا هەوڵ نادەن وەهم و خەیاڵ لە واقیع بخوڵقێنن، بەڵکوو زیاتر پەنا دەبەنە بەر دنیایەکی فەنتازیئامێز، ئەوەی لەسەردەمی بارۆک دروستکرا، جۆرێک بوو لە خوڵقاندنی دنیایەکی تایبەت لە خودی خەیاڵ خۆیدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێگاکانی تر، دنیایەک بەبێ ئەوەی بیەوێت شتێکی تر بەدەر لەخۆی دروست بکات – خەیاڵێک. بینەریش دەبێتە بەشێک و تەماشاکەرێکی ئەم دنیافەنتازیئامێزە، ئەگەر دنیاکەیش دنیایەکی خەون بێت، ئەوە بینەر رۆڵی خەوبینەکە دەبینێت؛ ئامادەبوونی بینەر بەشێکە لە گەمە شانۆییەکە.

کە ڕێبازی ڕۆمانسیەتیش دەردەکەوێت، ئەوە دەلاقەیەکی تر دەکەوێتە نێوان تەختەی شانۆ و بینەرانەوە، کە دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بووە، لە ڕێگای وەهمی ئەندێشەوە ئەو دەلاقەیە گەورەتر بکەن و سەر تەختەی شانۆ ببێت بە تابلۆیەک. شانۆی بارۆک و ئەو گۆڕانکارییانەی لە خودی تەختەی شانۆ و سەر شانۆدا دەیکەن، لە شانۆی بەرسەرهات و سەرگوزشتەکاندا

دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت، بۆ نموونە ژینگە و کەشە بۆرژوازییەکان لە ڕێگای دنیایەکی فەنتازیئامێزەوە، زۆر بە ئاسانی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. خەونەکان، یان دنیای خەونەئامێزەکان، لە پشتی پەردەیەکەوە، وەک شانۆ لەنێو شانۆ دا بەرجەستە کراوە (تابلۆیەک لەنێو تابلۆیەکدا).

کە سەمبۆلیستەکانیش دێن، هەوڵی ئەوە دەدرێت، شانۆ لە شتە ماتریالیزمییەکان دابماڵرێت، بەڵام هەمیشە دەکەونە دەرەوەی خودی سمبۆلەکانی شانۆوە، بۆ نموونە پەردەیەکی تەنک دەگرن بە بەردەمی هەموو سەر تەختەی شانۆکەوە و دەیانەوێت هەموو شتێک وەک خەونێک وا بێت – یان دنیایەکی فەنتازیئامێز، دواتر ئەوەی سەمبۆلیستەکان لەسەر شانۆکانی ئەوروپا دەیانکرد، بووە دنیایەکی ئەندێشەئامێزی ساکار. دنیای خەونەکان دەبنە دنیایەکی واقیعی. دوای هەموو ئەمانە ستریندبێرگ دێت و شتێکی زۆر جیاواز و تازە دەکات: بەرجەستەکردنی واقیع وەک خەونێک، واتە: پیشاندانی واقیعە لە ئامێزی خەونێکی نەمایشکراودا.

# تەکنیکەکەی ستریندبێرگ

لە ڕووی ستراکتورەوە، دەقەکە بە شێوەیەکی گونجاو داڕێژراوە و ڕووداوەکان لە دەروازە و بنەماکانی ڕەوش و بارودۆخە جودا و جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵەوە، لە فۆرمێکی بەهێزدا چنراوە. کارەکتەرەکان لەو دیمەنانەدا، کە خەون و هیواکانیان زیاتر دەردەکەون، بە شێوەی کۆمەڵ لە ڕەوشە یەکلاکەرەوەکاندا دەردەکەون. ستریندبێرگ شانۆنامەکەی بە تەکنیکێکی ترادیشونئامێزی پەردە و دابەشکردنی دیمەنەکان دانەڕشتووە، تەنانەت لیستی کارەکتەرەکانیشی بۆ دانەناوە. دروستکردنی سینۆگرافیایەکی واقیعی هیچ هونەرێکی تێدا نییە، بەڵام چۆن بتوانین ئەو واقیعە وا بەرجەستە بکەین، کە وا لە بینەران بگەیەنێت ئەوەی دەیبینن واقیعێکی ئاشکرای ژیان نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا خەون و شیعریشە. ئەوەی جێگای سەرنجە، کە لە بەشێکی

زۆری سەدەی بیستیشدا، شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) بە شێوەیەکی ناتورالیستی پێشکەشکراوە و زۆر کەم لە ڕیژیسۆر و گروپە شانۆییەکان توانیویانە فەنتازیا و ئەتمۆسفێر و دونیای خەونئامێزی شانۆنامەکە بدۆزنەوە و بەرجەستەی بکەن. ستریندبێرگ هەستی بەم تەنگەژە هونەرییە تەکنیکییە کردووە و لە یەکێک لە نامە کراوەکانیدا بۆ ئەندامانی شانۆی ئینتیم، سەبارەت بە خستنە سەر شانۆی (خەونەنمایشێک) گوتویەتی: (خەونەکان بکرێت بە وێنە، بەبێ ئەوەی زۆر ماتریالیسێرە بکرێن) بەڵام ریژیسۆرێکی وەکوو (ماکس ڕاینهارت) ١٨٧٣-١٩٤٣ ئەو نهێنیانەی دەقەکە دەدۆزێتەوە و لە نەمایشێکی بێ وێنەدا وانەیەکی بەرزی ریژی بە هونەرمەندە سوێدییەکانی ئەو دەمە دەڵێتەوە. (خەونەنمایشێک) لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١دا لەسەر شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم و لە ڕیژی ڕیژیسۆری گەورەی ئەو دەمە (ماکس ڕاینهارت) نەمایش دەکرێت. ڕاینهارت لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک لە شانۆنامەکانی ستریندبێرگ، لەسەر شانۆکانی ئەڵمانیا پێشکەش دەکات، هەر بۆ نموونە (سەمای مەرگ) ١٩١٥ (سۆناتای تارمایی) ١٩١٧ (کەڵک) و (باوبۆران) ١٩٢٠، زوربەشیان بە گەشتی هونەری سەردانی سوێد دەکرێن و لە شارە گەورەکاندا نمایش دەکرێنەوە. بەڵام لە سەدەی

بیست و یەکدا، کە شانۆیەکی ئەزموونگەری، ئەفانتگارد و پۆست مۆدێنیزم دەروازەی شانۆکانیان کردەوە، دەقێکی وەک خەونەنمایشێک-ی ستریندبێرگ دەبێتە شانۆنامەیەکی گرینگی ئەم ڕێبازانە و نەمایشەکانیشیان لە دید و خەونەکانی ستریندبێرگ نزیک دەبێتەوە. هەر بۆ نموونە ڕیژیسۆری کەنەدی (ڕۆبێرت لیپاک) لە ساڵی ١٩٩٤دا، لەسەر شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم خەونەنمایشێک پێشکەش دەکات، لیپاک ڕۆڵی ئەفسەرەکە دابەش دەکات بەسەر سێ ئەکتەری پیاوی بە تەمەن جیاوازدا، بەمەیش کات چڕ دەکاتەوە و دابەشیشی دەکات. ئەفسەرەکە دەکاتە وێستگەکانی کات و شوێن بوونییان نامێنێت، هەر لە کارەکتەری ئەفسەرەکەدا، چاوەڕوانی لە چەمکی کات دا بەرجەستە دەکات و چوارچێوەیەکی فەلسەفی پێ دەبەخشێت. فەلسەفی لەو ڕووەوەی کات چەندە بوونی نییە و وەستاوە، هێندەیش بزۆزە و لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە. ڕیژیسۆری ئەمەریکی (ڕۆبەرت یۆڵسۆن)، کە لە ساڵی ١٩٩٨دا لەسەر شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم شانۆنامەی خەونەنمایشێک پێشکەش دەکات، وێنەیەکی ئەبستراکت و شانۆیەکی پۆست مۆدێرنیزمی باڵا لە خەونەکانی ستریندبێرگدا دەدۆزێتەوە. خەون دەبێتە ئەو پلاتفۆرمە، یان بە شێوەیەکی ڕاستر بڵێم، دەبێتە

ئەو ستراکتورەی کات و جووڵە و ئاڕاستەی نەمایشەکە دیاری دەکات. یۆلسۆن شانەکانی خەون دەدۆزێتەوە، کۆدەکانی دەکاتەوە و لە وێنەکانی خۆیدا، کە گوزارشتێکی بەهێزن لە خودی خەونەکان، بەرجەستەیان دەکاتەوە.



**دیمەنێک لە (خەونەنمایشێک) لە دەرهێنانی ڕۆبەرت یۆلسۆن، شانۆی شار، ستۆکهۆڵم ١٩٩٨**

ریژیسۆری سویدیش (ئینگمار بێرگمان) ١٩١٨-٢٠٠٧ بۆ یەکەم جار، دوای نزیکەی سەد ساڵ بەسەر نووسینی ئەم دەقەدا، شانۆنامەی خەونەنمایشێک لە ساڵی ١٩٧٠دا لەسەر شانۆی پادشایەتی نەمایش دەکات. بێرگمان ڕۆڵی کچەکەی لەنێوان دوو کارەکتەری ئافرەتدا دابەش کردووە: کچەکەی ئیندرای خواوەند و هەروەها کچێکی ئاسایی سەر زەوی. بێرگمان شاعیرەکە دەکات بەو کەسەی خەونەکە دەبینێت، هەرچەندە شاعیرەکە لە ناوەڕاستی دەقەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام بێرگمان شاعیرەکە هەر لەسەرەتاوە دەهێنێتە سەر شانۆ و لە شوێنێکدا، وەک چاودێر دایدەنێت. ئەم چارەسەرەی بێرگمان دەبێتە جێگای ڕەخنە و زۆربەی پسپۆڕەکانی بواری ستریندبێرگ، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە بێرگمان بەو چارەسەر و دەستکاریکردنەی دەقەکە، خەونەنمایشێک-ی لە هەموو چەمکە میتۆلۆژییەکان دابڕیووە. هەندێکی تر لە ڕەخنەگرەکان پێیان وابووە، کە ئەو چارەسەرەی بێرگمان وەک ئەوە وایە، وێنەیەکی ڕەش و سپی بکەیتە تابلۆیەکی گەورەی ڕەنگا و ڕەنگ، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی کچەکەیش، وەک نێردەری خوا بۆ سەر زەمین کەم دەبێتەوە و ئەو مانا و ڕەهەند و بەهایەی نامێنێت.

بێرگمان، له ئەڵمانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم دەقە و له ساڵی ۱۹۷۷دا له میونشن کاری تیا کردووە، بێرگمان سەرلەنوێ و له ساڵی ۱۹۸٦ دا خەونەنمایشێک نمایش دەکاتەوە، ئەمجارەشیان ڕۆڵی کچەکە دابەش دەکات بەسەر سێ بەشدا، له دیمەنی یەکەمدا لەلایەن کچێکی گەنجەوە، له دیمەنی دووەمدا کچێکی تەمەن مامناوەندی و له دواییشدا لەلایەن ئافرەتێکی بە تەمەنەوە. بێرگمان، وەک (لیپاک) کاری لەسەر چەمکەکانی کات کردووە، بەڵام لای بێرگمان ئاڕاستەیەکی تری وەرگرتووە، ئەو لەبری کارەکتەری (ئەفسەر)ەکە، کات له کارەکتەری (ئەگنێس) کچەکەی خوداوەنددا دەکاتە دەستپێک بۆ چوونە ژوورەوەی ڕووداوەکان، بۆ کردنەوەی کۆدەکان و هەروەها بۆ بەرجەستەکردن و دیاریکردنی چەمکەکانی کات. ئەوەیشمان له یاد نەچێت، کە بێرگمان بۆ یەکەم جار له ساڵی ۱۹٦۳ دا، خەونەنمایشێک بۆ تەلەفیزیۆنی سوێدی تۆمار دەکات. بەڵام هیچ ریژیسۆرێکی سوێدی هێندەی (ئۆلۆف مۆلاندەر) ۱۸۹۲ – ۱۹٦٦ کاری لەسەر (خەونەنمایشێک) نەکردووە؛ مۆلاندەر حەوت جار ئەم دەقەی بۆ شانۆ دەرهێناوە، لەم ڕووەوە گوتویەتی: (له دوای هەر نەمایشێکەوە، هەنگاوێک زیاتر له دەقەکە چومەتە پێشەوە، بەڵام دوای حەوتەم جاریش هەندێک له

ڕاز و نهێنییەکانی ئەم دەقە، هەر بە نادیاری و بە نهێنی ماونەتەوە و نەمتوانیوە پەی بە هەموو نهێنییەکان بەرم)

بەدرێژایی مێژوو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم شانۆنامەیە بەهەمان شێوەی کۆشکەکەی ناو شانۆنامەکە چ لەلای هونەرمەند، یان بینەران و پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی شانۆوە لە هەڵکشان و داکشانێکی بەردەوام و گۆڕانکاریدا بووە. زۆر وردەکاری و میناتۆری شانۆنامەکە زەمینەیەکی واقیعی هەیە و ستریندبێرگ ڕاستەوخۆ لە ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەیەوە وەریگرتووە (دوایی زیاتر دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم خاڵەیان) بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لەوە بگەین، ستریندبێرگ چۆن توانیویەتی ئەو مۆتیڤە واقیعییانە تێکهەڵکێشی خەون بکات و واقیع و خەیاڵ لە تەکنیکی بەرزی خەوندا بەرجەستە بکات.

ستریندبێرگ لە پێشەکییەکی کورتی شانۆنامەکەیدا، لەژێر ناوی (بیرخستنەوەیەک) وەکوو ڕوونکردنەوە تێکستێکی گرینگ سەبارەت بە خەونەنمایشێک و تەکنیکی خەون دەنووسێت، ئەو دەیزانی، کە خەونێکی نووسیوە، خەونێکی شانۆیی و گەمەیەکی ئێستاتیکی، بۆ ئەوەی هیچ بەدحاڵیبوونێک ڕوونەدات، ئەو پێشەکییە کورتەیش

دەنووسێت. ستریندبێرگ لەو بیرخستنەوەیەدا دەڵێت: (دەکرێت هەموو شتێک لە خەوندا ڕووبدات، هەموو شتێک لە خەوندا شیاو و لواوە، زەمەن و شوێن بوونیان نییە، لەسەر بناخەیەکی نادیار و واقیعییانە وەهم دەڕێسێ و نەخشەگەلی نوێ دەچنێت: تێکەڵەیەک لە زەین، ئەزموون، هۆنینەوەی ئازاد، ناماقووڵییەت و ڕاگوزەری. کەسایەتیەکان لەت دەبن، دووبەرابەر دەبن، دووبارە دەکرێنەوە، دەبنە هەڵم. دەئاخنرێن، ڕەوان دەڕۆن، گرد دەکرێنەوە، بەڵام ئاگاییەک چاوەڕێی هەمووان دەکات، ئەویش ئاگایی ئەو کەسەیە، کە خەونەکە دەبینێت، چونکە چ نهێنیگەلێک، چ ناکۆکییەک، چ بیرێکی ویژدانیی و چ یاسایەک نیین. ئەو کەسەی خەونەکە دەبینێت داوەری ناکات، ڕاشکاوانە نادوێت، تەنها دەگێڕێتەوە، بەوەی خەونەکە زیاتر دەرد و مەینەتی لەخۆ دەگرێت، بۆیە کەمتر دڵخۆشکەرە، تۆنێکی لە غەم تێدایە، لەمیانەی ئەو چیرۆکە پارسەنگ تێکچووەدا هەڵگری هاودەردییە لەگەڵ هەموو شتێکی زیندوودا. خەون، ڕزگارکەر، بە زۆری وەک حاڵەتێکی تەریقکەرەوە وەدیاردەکەوێت، بەڵام کاتێک کە ئازارەکە دەجەڕێت، ئیدی خۆی بێداربوو دەبینێتەوە و کەسی ئازارچەشتوو لەگەڵ واقیعدا ئاشت دەکاتەوە، کە هەرچەندێک پڕ لە پەژارە بێت، بە بەراورد لەگەڵ خەونە

ئازاراوییەکەدا، ئەو پەژارەیە لەم ساتەدا دەبێتە جۆرە لەزەتێک)

دەتوانین بڵێین، کە لەم درامایەدا مرۆڤ لە جووڵەیەکی بەردەوامدا، لەنێوان وەهم و شکاندنی وەهمەکاندا دێت و دەچێت. (گیونار ئۆللێن) ١٩١٣-٢٠١٤، کە پسپۆڕ و پشکنەری بواری شانۆی ستریندبێرگ بووە، سەبارەت بەم پێشەکییە و بەکارهێنانی تەکنیکی خەون دەڵێت: (ستریندبێرگ لەم نواندنە خەونەیدا، کە بە نواندنە خەونەکەی پێشووی (بەرەو دیمەشق)ەوە ڕایەڵە، هەوڵیداوە لاسایی پێکەوە گرێنەدراویی بەڵام ساختەیی فۆرمە لۆگیکییەکەی خەون بکاتەوە) ئەم بیرخستنەوە و پێشەکییە چڕەیش دووپاتکردنەوەیەکی ئاشکرای ئەم نووسەرەیە، کە چ ئاگادارییەکی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە زانیارییەکانی بواری لێکدانەوەی خەونەوە هەبووە. ستریندبێرگ لەوێدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن لە خەوندا کات و شوێن و کەسی خەونبینەکەیش بوونیان نامێنێت و هەموو سنوور و یاسایەک لادەبرێت. ئەم بیرخستنەوەیەی ستریندبێرگ بە ڕاپۆرتێکی گرینگی دیدێکی قووڵی شانۆیی دادەنرێت. ستریندبێرگ هەمیشە بۆ کارە ناوازەکانی ڕوونکردنەوەی لە فۆرمی پێشەکیدا نووسیوە و دیدە فەلسەفی و

ئێستاتیکییەکانی خستۆتە ڕوو، کە لە ساڵی ١٨٨٨یشدا شانۆنامەی (خاتوو ژۆلیا) دەنووسێت، پێشەکییەکی تایبەتیش سەبارەت بە شانۆنامەکە، یاسا و پرنسیپەکانی تەوژمەکانی شانۆیەکی ناتورالیزم بڵاو دەکاتەوە، هەروەها لەو پێشەکییەدا نموونەیەکی باڵای شانۆیەکی ناتورالیست دەخاتە ڕوو. دواجار ئەو پێشەکییە نەک تەنها بووە مانیڤێستێکی گرینگ بۆ بزووتنەوەی ناتورالیزم لە ئەورووپادا، بەڵکو بووە دۆکیومێنتێکی گرینگ لە مێژووی شانۆ و درامای هاوچەرخدا.

ستریندبێرگ لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دا لە خەونێکی بەئاگادا دەسوڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بینەرانی شانۆنامەکە لەنێو دراماتۆرگی و جیهانە بێ سنوور و نالۆژیکییەکەی خەوندا بزر نەبن و بزانن چی دەبینن، بیرۆکەیەکی سەرەکی لە چەند دیمەنێکدا بە درێژایی شانۆنامەکە لە هێڵێکی لۆژیکیدا بەرجەستە کردووە، هەر لەم دەروازەیەشەوە هەندێک جار لە سنووری خەونەکان دێتە دەرەوە.

خەونەکان هەمیشە بێ ڕەنگن، ڕەش و سپی دەنوێنن یان بە شێوەیەکی گشتی بە بێدەنگی تێدەپەڕن و دەنگیان تێدا نییە، بەڵام ستریندبێرگ لە شانۆنامەی خەونەنمایشێک دا

ڕەنگ دەبەخشێت بە دیمەن و ڕووداوەکان و خەونەکەی بە دەنگ و ڕەنگ و ئەتمۆسفێر قووڵ و دەوڵەمەند کردووە. شاعیرەکە بە کچەکە دەڵێت: (شیعر چییە؟) کچەکەیش بەم شێوەیە وەڵامی شاعیرەکە دەداتەوە: (واقیع نییە بەڵام لە واقیع زیاترە ... خەون نییە بەڵام خەونە، کە بە بێداریی دەبینرێ ...) شوێن و کات بوونیان بۆ نییە، هەر لەبەرئەوەیشە لەبەرچاوی هەمووانەوە ڕاڕەوە شانۆییەکە دەگۆڕێت و دەبێتە ژووری پارێزەرەکە، ژووری پارێزەرەکە دەبێتە کەنیسە، هەر لە چاوتروکانێکدا هاوین دەبێتە پایز... هتد.

# خەوبینەکان

ئەوەی لەم دەقەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە تەنها خەوبینێک نییە، بەڵکو چوار خەوبین هەن، کچەکە/ئەفسەرەکە، کچەکە/پارێزەرەکە، کچەکە/شاعیرەکە. هەموو یەکێک لەم خەونانەیش بە تەنیا و هاوکات وەک بە شێک لە خەونی ئەوانی تریش، گەشە دەکات و تێکەڵاوی یەکتری دەبن. هەروەها دەکرێت وەک دوو خەونیش لێک بدرێتەوە: پیاو و ژن.

هەر سێ کارەکتەری پیاوەکە: ئەفسەرەکە، پارێزەر و شاعیرەکە، کارەکتەری سەربەخۆن، بەڵام هەرسێکیشیان شتێک کۆیان دەکاتەوە و بە هەمان ڕێچکەدا گەشە دەکەن؛ وەک ئەوەی گەشتێک بکەن لە کامڵبوونەوە بۆ کامڵبوونتر. گەشەی ئەم سێ کارەکتەرە پەیوەستە بەو ڕۆڵەی، کە کچەکە لەگەڵ هەر یەکێک بە ژیانی ئەم کارەکتەرانەوە هەیەتی؛ کچەکە ئەو ڕۆڵە دەبینێت، کە خەونە تایبەتییەکانی ئەوان گەرەکییەتی. بۆ نموونە لای ئەفسەرەکە، یادەوەرییەکانی دایکی بیر دەهێنێتەوە، بەڵام لای

پارێزەرەکە دەبێتە پێوەندییەکی سێکسوالیتی و بۆ شاعیرەکەیش دەبێتە ئەو پێوەندییەی لەسەر ئاستە قووڵەکانی ڕۆح تێکەڵاو دەبن. خەونەکانیش بەم جۆرە دابەش دەبن:

**بەشی یەکەمی خەونەکەی ئەگنێس**

١-دەستپێکە نواندن.

٢-لەبەردەمی کۆشکەکەدا.

**خەونی ئەفسەرەکە**

٣-لە کۆشکەکەدا

٤-ژیانی منداڵی ئەفسەرەکە

٥-ڕارەوی شانۆکە

**خەونی پارێزەرەکە**

٦- نووسینگەی پارێزەرەکە

٧-کڵێساکە

٨-ئەشکەوتی فینگال

٩-مەتبەخ- ژووری نووستن

**بەشی دووەمی خەونەکەی ئەگنێس**

١٠-سکامسیوند

١١-ڤاگێرڤیک

**خەونی شاعیرەکە**

١٢- ئەشکەوتی فینگال

١٣-ڕارەوی شانۆکە

١٤- لەبەردەمی کۆشکەکەدا.

هەرچەندە ستراکتورێکی ئاشکرا لە چنینی خەونی هەر یەکێک لە کارەکتەرە پیاوەکان لە ڕەوتی دەقەکەدا هەن: سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی، لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەفسەرەکە و پارێزەرەکە، چەندان جاری تر سەرلەنوێ، دوای ئەوەی خەونە کەسێنی و تایبەتەکانیان لەگەڵ ئەگنێس کۆتایی پێ هاتووە دەردەکەونەوە، بەڵام شاعیرەکە دواتر و بەرلەوەی خەونەکەی لەگەڵ ئەگنێس دەست پێ بکات، دەردەکەوێت.

شانۆنامەکە سەرەتا لە ئاسمانەوە، لە باوەشی هەور و ئەستێرەکانەوە دەست پێدەکات. کچەکەی ئیندرا لە ئاسمانەوە بۆ ناو تاریکی و پیسیی سەر زەوی دێتە خوارەوە، سەرەتا بۆ بەردەم کۆشکە هەڵچووەکە و دواتریش بۆ ناو کۆشکەکە، بۆ ناو ماڵەکە، بۆ ناو شارەکە. هەروەک فیلم سەرەتا لە دوورەوە، لە ئاسمانەوە وێنەی سەر زەوی دەگرێت، دوای ئەوە لە ڕوانگەی قووڵبوونەوە و هاتنەخوارەوە، لە وێنەیەکی وردەکاری و سەراپاگیرییەوە ڕۆدەچێتە خوارەوە. شانۆنامەکەیش بە شێوەیەکی وا ڕۆنراوە، کە هیچ جۆرە گرژی و ململانێییەک، بەشێوە تەقلیدییەکە لەخۆ ناگرێت، بەڵکو لە ڕەوتی دیمەنە یەک لەدوای یەکەکانییەوە تیشک دەخاتە سەر گەشتی کچەکە لەسەر زەوی. ستریندبێرگ بەوپەڕی ورياییەوە ئەم گۆڕانکارییانەی بە شێوەیەکی ساکار و خێرا و بەبێ ڕتووش و هاتوهەرا ئەنجامداوە، بەشێوەیەک، کە هەستی پێنەکرێت و ئەمەیش بەشێکی گرینگی ستراکتوری شانۆنامەکەیە: ستریندبێرگ بەهۆی ئەم تەکنیکە خەونئامێزەوە، ژیان لە کۆمەڵێک وێنەی پاش و پێشدا، لە میتافۆر و لە فۆرمێکی سەربەستدا شانۆ لە ڕێسا تەقلیدییەکانی، شوێن، کات و یەکەی ڕووداو ڕزگار دەکات. خەونبینەکە دەنگمانە، کە هەرگیز گوێمان لێی نییە، لەگەڵ

ئەوەیشدا و بەهۆی ستریندبێرگەوە هەموو گەمەکان پێشکەش دەکات.

کارەکتەر و مرۆڤەکانی (خەونەنمایشێک) بوونیان هەیە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، هەروەها پێگە و ڕەوتی ژیانیشیان، ناتوانێت کاریگەرییان بەسەریانەوە هەبێت. زوربەی کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە و ڕەفتارەکانیان ناکرێت بەهیچ شێوەیەک لەڕوانگەی پرنسیپ و پرۆسێسێکی سیکۆلۆژییەوە شرۆڤە بکرێن، هەر لەبەرئەوەیش، کە ئەوانە لە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و بەرەوەپێشەوەچووندا نین. ئەم کارەکتەرانە تەنها لە پێکەوەگرێدراویی، یان ڕیزبەنیی ڕووداوەکاندا بوونیان هەیە. لەم جیهانە پر لە گۆڕانکارییەدا کەسانێکی زۆر دێن و دەچن، هەندێکیان هەروەک خەونێک لە هیچەوە دەردەکەون و لەبەرچاو بزر دەبن و بەشێوەیەک لە شێوەکان گوزارشت لە ئازار و ژانەکانی ژیان دەکەن. هەندێک لە کارەکتەرەکان پابەندی هێڵی سەرەکی دراماکەن، هەندێکی تریان بە سەربەستی بەنێو دیمەن و ڕووداوەکاندا دەبزوێن، بەڵام هەموویان لەبەردەم کۆشکەکەدا کۆدەبنەوە. هەندێک جار پێکەوە دەدوێن یان

ڕووده‌كه‌نه‌ بینه‌ران و هه‌ندێك جاریش به‌ گله‌یی و داخ و ئازاره‌وه‌ ڕووده‌كه‌نه‌ خودی (خودا) خۆی.

ده‌یالۆگه‌كانی ئه‌م ده‌قه‌، ئه‌و هه‌ست و زانیاری و دیده‌مان پێ ده‌به‌خشن، كه‌ ڕووداوه‌كان خه‌ونن و به‌ نێو خه‌ونه‌كاندا ده‌مانبه‌ن، هاوكات دیالۆگه‌كان به‌ شێوه‌یه‌كی ڕێكوپێك و ورد، دیمه‌نه‌كان به‌ یه‌كتره‌وه‌ ده‌به‌ستێته‌وه‌ و خه‌ونه‌كانمان لێ نازڕێنن. دیالۆگی نێوان شاعیر و كچه‌كه‌، هه‌ر بۆ نموونه‌ ئه‌و هێز و ووزه‌ گه‌وره‌یه‌یان تێدایه‌، كه‌ ئه‌تمۆسفێری خه‌ونه‌كانمان بۆ چڕ بكه‌نه‌وه‌ و به‌شێك له‌ نهێنییه‌كانی ده‌قه‌كه‌یشمان بۆ ڕوون بكه‌نه‌وه‌.  ده‌قی (خه‌ونه‌نمایشێك) شانۆنامه‌یه‌كی گه‌وره‌یه‌ سه‌باره‌ت به‌ ژیان، كه‌ هه‌روه‌ك خه‌ونێك وایه‌.

له‌م ئه‌تمۆسفێر و ته‌وژمی خه‌ونه‌دا چه‌ندان خه‌ون و خه‌ونبین وه‌دیارده‌كه‌ون، هه‌ر بۆ نموونه‌، وه‌ك له‌وه‌وبه‌ریش ئاماژه‌مان بۆ كردووه‌: ئه‌گنێس و ئه‌فسه‌ره‌كه‌، ئه‌گنێس و پارێزه‌ر، ئه‌گنێس و شاعیره‌كه‌. هه‌موو خه‌ونه‌كانیش به‌ ته‌نها و دواتریش له‌گه‌ڵ ئه‌وانیتردا ده‌رده‌كه‌ون و گه‌شه‌ ده‌كه‌ن. هه‌ندێك جار خه‌ونی یه‌كێكیان ده‌بێته‌ به‌شێك له‌ خه‌ونی ئه‌وانیتر و به‌مه‌یش كاریگه‌رییه‌كی به‌هێزیان به‌سه‌ر یه‌كتره‌وه‌ ده‌بێت. دیمه‌نه‌كان تروسكه‌ئاسا

دەچنە ناو یەکەوە، تێکەڵاو دەبن و کارەکتەرەکان دەچنە دیوارەکانەوە، بە دیوارەکاندا ڕەت دەبن و ڕووداوەکان لە جیهانێکی تارمایی ئاسادا دەجووڵێنەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەمیشە هەست دەکەین، کە زۆر نزیکین لە ڕاستی ژیان و واقیعەوە.

ستریندبێرگ بەوپەڕی سەلیقە و تەکنیکێکی بەرز و دیدێکی فرەمەوداوە، لە خەونی ئەفسەرەکەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ ناو خەونی پارێزەرەکە. دوای ئەوەی ئەفسەرەکە لە دەرگاکە دەڕوانێت و بیر لەوە دەکاتەوە، ئاخۆ چی لە پشت ئەو دەرگایەوە بێت، کە ئەو لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا، کە چاوەڕوانی ڤیکتۆریا-ی کردووە، بە داخراوی بینیویەتی، دەیەوێت کەسێک ئەو دەرگایە بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە وەستای شووشە دێت تا دەرگاکە بکاتەوە. کە وەستای شووشە دەگاتە شوێنی دەرگاکە، خەڵکانێکی زۆر دەبینێت لە چاوەڕوانی ئەودان. بەڵام بەرلەوەی دەرگاکە بکاتەوە، پۆلیسێک پەیدا دەبێت و ڕێگایان نادات دەرگاکە بکەنەوە. ئەفسەرەکە بەمە تورە دەبێت و بە دوای یارمەتی

پارێزەرێکدا دەگەڕێت، هاوار دەکات، بۆ لای پارێزەر و لەگەڵ ئەگنێس دەچێتە دەرەوە، بە چوونەدەرەوەی ئەوانیش ڕارەوی شانۆکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دەبێتە نووسینگەی پارێزەرەکە.

**پۆلیس:**

(دێتە پێشەوە)

بە ناوی یاساوە من ڕێگە نادەم ئەو دەرگەیە بکرێتەوە!

**ئەفسەرەکە:**

ئای خوایە، چ شەڕێک تووشی مرۆڤ دەبێت کاتێ دەیەوێ شتێکی نوێ و گەورە بکات، بەڵام ئێمە کێشەکە دەبەینە دادگا، واتە لای پارێزەر. دەی جارێ با بزانین یاسا هەیە! دەی بەرەو لای پارێزەر!

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ئەفسەرەکە و پارێزەرەکە، چەندە لێک نزیکن، هێندەیش جیاوازییەکی زۆریان هەیە، ئەو جیاوازییەیش جۆرە پێوەندییەکیان لەنێواندا دروست دەکات، کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە: ئەوان پێچەوانەی یەکترن. ئەگەر ئەفسەرەکە سمبۆلی کەسێکی نابەرپرسیار بێت، ئەوا پارێزەرەکە سمبۆلی بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە. ئەفسەرەکە هەرگیز ناتوانێت پاکیزەکە ڕزگار بکات، لەبەر ئەوە هەرگیز بە شێوەیەکی قووڵ لەخۆی ناگات، بەڵام پارێزەرەکە توانایەکی گەورەی لەخۆگەیشتن و ڕزگارکردنی پاکیزەکەیشی هەیە. ئەو، ئەو پاڵەوانەیە، کە کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. خەونەکانی پارێزەرەکە، خەونن بە مرۆڤەوە، بەڵام خەونەکانی ئەفسەرەکە پەرش و بڵاون، بۆیە ئەفسەرەکە توانای بڕیادانی نییە و هەرگیز گەورە نابێت، پارێزەرەکەیش بە شێوەیەکی بەهێز لەسەر زەوی وەستاوە، بە قووڵی بە زەوییەوە پەیوەستە، بەڵام ئەفسەرەکە شتە پێویستەکانی سەر زەوی نابینێت. خەونی

ئەفسەرەکە پەیوەستە بە (کۆشک)ەکەوە، کۆشکەکەیش، یەکەم شتە، کە کچەکە لە گەشتەکەیدا بۆ سەر زەوی دەیبینێت و دەچێتە ژوورەوە تا ئەفسەرەکە ببینێت. کۆشکەکە بە درێژایی ڕووداوەکانی دەقەکە دووبارە دەبێتەوە، تا لە کۆتایدا، ستریندبێرگ لە ڕوانگە و دیدی ڕێنماییەکانەوە، مەودایەکی تری خەونەئامێزی پێدەبەخشێت: (/.../پاشینەی شانۆ کۆشکە سووتاوەکە ڕووناک دەکاتەوە و ئێستا یەک دیوار لە ڕوخساری پرسیارکەرانە و خەمبارانە و بەدگومانانەی مرۆڤ وەدیار دەکەوێت. کاتێ کۆشکەکە دەسووتێ خونچەی گوڵەکە لەسەر سەربانەکە، دەپشکوێ و دەبێتە گوڵە بەیبوونێکی زەبەلاح.) بەمەیش دەقەکە تەواو دەبێت و دەگاتە خاڵی کۆتایی.

ستریندبێرگ لەم خەونەنمایشەدا هیچ دیمەن و بەشێکی شانۆنامەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیاری نەکردووە، بەڵکو هەوڵ دەدات بارودۆخ و ڕەوشەکان، ڕووداوەکان و

وێنەکان لە خەوندا بەرجەستە بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت بە ئاسانی سێ بەش لە ستراکتوری شانۆنامەکەدا جیا بکرێتەوە، ئەم بەشانەیش بە دابڕانێکی کتوپڕی یان وەدەرکەوتنی کەسێکی گرینگ یان پچڕاندنی ڕووداوەکان لە زنجیرەی دیمەنەکاندا بەرجەستە دەبێت، کارەکتەرەکانیش ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەژین، لە وێنەیەکی گشتگیردا دانراون و بە هێنانەدەرەوەیان دەمرن، شانۆنامەکەیش بریتییە لە کۆمەڵێک وێنە، وێنەی هەڵوێستە و ڕەوشەکانی مرۆڤ، بەبێ دەروازە و دابەشکردن و جیاکردنەوەی دیمەنەکان.

# بەشی چوارەم

# هێڵە گرینگەکانی خەونەنمایشێک

ستریندبێرگ به شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) میتۆلۆژیایەکی شانۆیی تایبەت بە خۆی داهێناوە، هێما و وێنەی مەجازی و خەونەکان، لە تەکنیکێکی باڵا دا دەکاتە دەروازە و بنەمایەکی گرینگی ئەو میتۆلۆژیا مۆدێرنەی شانۆ. ستریندبێرگ کچێک بۆ ئیندرای خواوەند دروست دەکات و دەینێرێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی تا لە نزیکەوە لە ڕەوش و گوزەران و بارودۆخی مرۆڤ بڕوانێت، بەڵام بەپێی میتۆلۆژیاکان، ئیندرای خواوەند هیچ کچێکی نەبووە، بەڵکو ستریندبێرگ لە فەنتازیا و داهێنانی خۆیەوە، بەهێز و وزە شیعرییەکەی ئەم کچە خواوەندییەی بۆ ئیندرا خوڵقاندووە. ئەمەیش ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ستریندبێرگ لە ڕوانگەی بینینی خۆیەوە میتۆلۆژیاکەی داڕشتووەتەوە. ئیندرا خواوەندێکی هیندییە و لە میتۆلۆژیا دێرینەکانی هیندیستاندا مانای هەور و تریشقە و باران

دەگەیەنێت. ئەمە جگە لەوەی هێماگەلێک بووە بۆ (خوای جەنگ) ئیندرای خواوەند بەوە ناسراوە، کە هێز و توانای شەیتانەکانی تێکشکاندووە. چەکی بەکارهێنانی ئیندرایش بۆ ئەم جەنگە "تریشقە" بووە، سەرچاوە میتۆلۆژییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئیندرا لەکاتی جەنگ دا خۆی بەهێز و ووزەی هەور و تریشقەی ئاسمان بەهێز کردووە.

ستریندبێرگ ئەم خواوەندە هیندییە ئاوێتەی ئایینی مەسیحی و بودیزم دەکات، لەم دەروازەیەوە ژیانی لاوێتی خۆی، پێوەندییەکانی بە ئایین بە شێوەیەکی گشتی و مەسیحییەت بە شێوەیەکی تایبەتی و قۆناخە ڕەشبینەکانی ژیانی و کاریگەری فەلسەفەی (شۆپینهاوەر) و (هاوبتمان)ەوە، تێکەڵاو دەکات.

ڕۆڵی کچەکەی ئیندرایش لەسەر زەوی تەنها دڵنەوایی و خەم ڕەواندنەوەی مرۆڤە مۆدێرنە کلۆڵەکان نییە، بەڵکو ئەو بۆیە هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، تا ئەویش شتەکان بەچاوی خۆی ببینێت و ئەزموونیان بکات و شارەزایان بێت. کچەکەی ئیندرای خواوەند ڕۆڵێکی دووفاقی هەیە، لەیەک کاتدا دەور بینە و لە هەمان کاتدا بێ دەسەڵاتە لەبەردەم سرووشت و فۆرمی خەونبینەکەدا.

کچەکە وەک رۆژنامەنووسێک وایە و ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە باری مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە.

خویندنەوەی دەقێکی وەک (خەونەنمایشێک) لەیەک کاتدا ئاسان و گرانیشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو هونەرمەندێک، خوێنەرێک و بینەرێک دەتوانێت شتێکی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، هەموو کەسێک بە شێوازی تایبەتمەندی خۆی، لە (خەونەنمایشێک) دا ڕووبەڕووی ستریندبێرگ-ێکی خۆی دەبێتەوە.

شانۆنامەکە سەفەرنامەیە، باسی ڕەوش و هەڵوێستەی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەکات؛ میناتۆر، مۆسایک، وێنەکان، مرۆڤەکان، ئەتمۆسفێر و جیهانی دەرەوە و ناوەوە، لە ستراکتورێکی خەونەئامێزدا کۆدەکرێنەوە، بەیەکەوە دەبەسترێن و بەرجەستە دەکرێن. هەروەها شانۆنامەکە باسی زۆر شتی تر دەکات، هەر بۆ نموونە داواکاری ژیانێکی یەکسان بۆ خەڵکی، نایەکسانی و نادادپەروەرییەکانی ژیان، هەستکردن بە ئازاری ویژدان، یان هەست نەکردنی، نهێنییە چڕ و ئاڵۆزەکانی دونیا، شەڕخوازی و خێرخوازی لای مرۆڤ و ماناکانی ئازار و ژان، دەکات.

دەقی (خەونەنمایشێک) دەکرێت بە چەندان شێوە بخوێنرێتەوە، لێکبدرێتەوە و ڕاڤەی جودا بکرێت و هێماگەلی جیاواز و هەمە چەشنەی تێدا بدۆزرێتەوە. لەوانەیە لەلای ستریندبێرگ خۆی ڕستەیەکی وەکوو (مرۆڤ شایانی بەزەییە) ئازارەکانی مرۆڤ و ئەو پرسیارەی، کە بۆچی لە جیهاندا هێندە خەم و ئازار زۆرە؛ بەشێک بووبێت لە ناوەرۆکە گرینگ و سەرەکییەکان. (مرۆڤ شایانی بەزەییە) تەنها گوزارشتێکە لە هاوخەمی لەگەڵ ژان و ئازارەکانی مرۆڤدا، بەڵام ئەگەر زیاتر لەم گوتەیەی کچەکە وردببینەوە، مانای ئەوەیش دەگەیەنێت، کە مرۆڤ لەناو گوناهەکانیدا دەژی. چاوەڕوانییش لەم شانۆنامەیەدا، مۆتیڤێکی تری گەلێک گرینگە، مرۆڤ دەبێت خۆی بە کات–ەوە ببەستێتەوە، مەرگیش ڕزگارکەرە، هەروەها لە لایەکی ترەوە شانۆنامەکە بەرجەستەیەکی چڕ و قووڵ و بەربڵاوی بیر و هۆشی ستریندبێرگ–ە سەبارەت بە چەمکەکانی گومان و باوەڕ.

هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا شتەکان لە ڕێگای کارەکتەرە پیاوەکانەوە دەردەخات، دوای ئەوە کارەکتەرە ئافرەتەکان و لە ئەنجامیشدا هەموو شتەکان لە تەنها یەک

مرۆڤدا کۆدەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش کارەکتەرە پیاو و ژنەکانی بە شێوەیەکی یەکسان دابەشکردوون. بەڵام ستریندبێرگ بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کارەکتەری کچەکەوە، ئەگنێس (کچی ئیندرا)ی خواوەند، هەموو کارەکتەرەکانی تر و ڕووداوەکان دەبەستێت بەیەکەوە و وەکوو تۆڕی ماسی لە یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆیان دەکاتەوە و دەیانچنێت.

کەسایەتی ئەفسەر و پارێزەر و شاعیرەکە، هێماگەلی هێزی ڕیتمی جوڵانەوەکانی ژیانن، هاوکات هەرسێکیان پێکەوە ئاماژە و هێماگەلی هێزی پیاون، هەروەک چۆن ئەگنێس هێماگەلی هێزی ئافرەتە و ئەوەی، کە لە شانۆنامەکەیشدا گرینگە، ئەو پێکداچوون و لێبوردەیی و لەیەک خۆشبوونەیە، کە لەنێوان پیاو و ژندا دروست دەبێت. لە ئەنجامیشدا ئەو ئاشتبوونەوەیە هاوسەنگیی نێوان هەموو هێزە گەورە و دژ بەیەکەکانە: ئافرەت و پیاو، ئاسمان و زەوی، خێر و شەڕ، مرۆڤ و خودا. ئەگنێس و ئەفسەرەکە و پارێزەرەکە، بە شێوەیەکی ئەکتیڤ رووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبەن: ئەگنێس وەک ڕزگارکەرێک دێت، ئەفسەرەکە چاوەڕوانی ڤیکتۆریا-یە، ئەگنێس و پارێزەرەکە هاوسەرگیری دەکەن و منداڵێکیشیان دەبێت. دواتر

شاعیرەکە دێت، کە ئەویش، بەهەمان شێوەی ئەگنێس و ئەفسەرەکە و پارێزەرەکە، گەشە بە ڕووداوەکان نادات؛ لەبەشی دووەمی دەقەکەوە، لە دەرکەوتنی شاعیرەکەوە، ڕووداوەکان ڕێچکەیەکی تر وەردەگرن و شاعیرەکە خەون و واقیع تێکەڵاو دەکات و ئاوێتەی ژیانە ڕۆحییەکەی کچەکە دەبێت.

شانۆنامەی (خەونەنمایشیک) لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا کارەکتەری ئەفسەرەکە، لە بەشی دووەمدا پارێزەرەکە و لە بەشی سێیەمیشدا شاعیرەکە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. بەشی یەکەم لەبەردەم کۆشکەکەدا دەست پێدەکات و لە ئەشکەوتی (فینگال)دا تەواو دەبێت، لەوێدا کچەکە و پارێزەرەکە بەیەک دەگەن. بەشی دووەم لە ماڵی کچەکە و پارێزەرەکەدا دەست پێدەکات و بە بڕیاری گەڕانەوەی کچەکە بەرەو ئاسمان کۆتایی دێت، بەشی سێیەمیش لە ئەشکەوتەکەدا دەست پێدەکات، لێرەدا کچەکە کەسایەتی شاعیر دەبینێت و دیمەنەکەیش لەبەردەم کۆشکەکەدا کۆتایی پێدێت. لە بەشی سێیەمدا ستریندبێرگ چەند دیمەنێک لە بەشی یەکەم دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەوە: ئەشکەوتی فینگال، ڕاڕەوەکە و کۆشکەکە.

ستریندبێرگ لە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) دا، کە ئەویش شانۆنامەیەکی گوزارشتئامێز و خەونەنمایشە، خۆی زیاتر لە کەسایەتی (نەناسراو)ەکەدا دەردەکەوێت،<٥> بەڵام لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دا لەهەر سێ کارەکتەرە سەرەکییەکەدا: ئەفسەر، پارێزەر و شاعیرەکەدا بەرجەستە دەبێت. ئەم سێ کارەکتەرە هەرسێکیان ڕووبەڕووی ئەگنێس، کچەکەی ئیندرا دەبنەوە و ئەگنێس دەبێتە ناوەندی شانۆنامەکە و هەموو بڕگە و بەش و کارەکتەر و ڕووداوەکان کۆدەکاتەوە و پێکیانەوە دەبەستێتەوە. ئەفسەرەکە خەونبینێکی بەهیوایە، بەردەوام لە چاوەڕوانی ڤیکتۆریاکەی خۆیدایە، لە واقیع ڕادەکات و هەمیشە هیوا و خەونەکانیشی پشتی تێدەکەن، پارێزەرەکەیش پیاوی ڕاستی و واقیعە، لەسەر زەوی، بە دەست ئەرکە جێبەجێ نەکراوەکانییەوە گیری خواردووە، بەندی ڕاستییە و لە پرۆسە دوور و درێژ و دۆزەخی ژیانی هاوسەریدا نێژراوە. هەندێک ڕەخنەگر و لێکۆڵینەوە شانۆیی و ئەدەبییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە کارەکتەری پارێزەرەکە وێنا و بەرجەستەیەکی ڕاستەوخۆ، قووڵ و ئاشکرای حەزرەتی مەسیحە. ئەم کارەکتەرە سکاڵا و ژان و ئازار و نایەکسانییەکانی مرۆڤایەتی بەسەر شانییەوەیەتی، بەڵام ناتوانێت هیچ بکات و ڕزگارکەر نییە.

تەنها شاعیرەکە دەتوانێت لەم کێشانەی ژیاندا، هاوسەنگییەک بدۆزێتەوە و چەند هەنگاوێک بەرەو ئاستە بەرزەکان، لەگەڵ کچەکەی ئیندرای خواوەندا بڕوات. شاعیرەکە کارەکەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە داواکانی مرۆڤ و ئازار و شکاتەکانیان بەرێت بۆ لای هێزە نەمرەکان. کەواتە ئەم سێ کارەکتەرە خەون و ڕاستی پێکەوە دەبەستنەوە و لە ئەنجامیشدا شیعرێکی بەرز دەخوڵقێنن. خەونی ئەفسەر و پارێزەرەکە بۆ چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە و ئامادەبوونێکی زیاتریان لە خەونەکاندا هەیە، بەڵام شاعیرەکە زیاتر لە بەشی کۆتاییدا دەردەکەوێت و بەشەکانی تر، بە ڕایەڵێکی چڕ و نادیار و نەبینراو پێکەوە دەبەستێتەوە.

شانۆنامەکە چەندان هێڵی ئەفسونی و میتۆلۆژی لەخۆ دەگرێت و کارەکتەر و دیمەنەکان گۆڕانکاری فرە مەودای خێرایان بەسەردا دێت، بۆ نموونە کچەکە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەردەوامی بەسەردا دێت و لە یەک کاتدا چەندان ڕۆڵی جیاواز دەبینێت: دەبێتە دایکی ئەفسەرەکە، خێزانی پارێزەرەکە و بەشێوەیەک لە شێوەکان خوشکی شاعیرەکە.

**کچەکە:**

چی لە مندا دەبینیت؟

کچەکەی ئیندرا ئەم پرسیارە لە ئەفسەرەکە دەکات، ئەو کارەکتەرە پیاوەی، کە هەمیشە چاوەڕوانە و تووشی ڕووداوی نایەکسانی یەک لەدوای یک دەبێتەوە، بەڵام ئەفسەرەکە لە وەڵامدا دەڵێت:

**ئەفسەرەکە:**

ئەو جوانییەی کە هارمۆنییەتە لە گەردووندا... هێڵگەلێک لە قڵافەتتدایە کە من تەنها لە خولگەکانی سیستمی خۆردا دەیبینمەوە، لە دەنگی خۆشی ژێدا، لە لەرینەوەکانی ڕووناکییدا، تۆ منداڵێکی ئاسمانیت...

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

کە کچەکە دێتە خوارەوە بۆ سەر ڕووی زەوی تا لە مرۆڤ بڕوانێت و ژیانیان بەسەر بکاتەوە، خۆیشی دەکەوێتە ژێر ڕوانین و تەماشاکردنەوە، ئەویش دەبێتە بەشێک لەو ژوورە بینراوە؛ کچەکە لە هەمان کاتدا

دەکەوێتە ژێر ڕوانین و تەماشاکردنی کارەکتەرە هاوبەشەکانی تر و هەروەها بینەرانیشەوە.

لە بنەڕەتدا هەر سێ کارەکتەرە پیاوەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان پابەندن بە ڕەوش و ژیانی ئەگنێس-ەوە و هەندێک لە شرۆڤەکارانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە لە خواوەندەکانی ئاینی هیندویوزم دەچن: ئەفسەرەکە نوێنەری شەڕە، بە شێوەیەکی کاریگەر و چڕ ئامادەکاری بۆ شتەکان دەکات، پارێزەرەکە یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت، سنوورەکانی کار و فەرمانەکانی نێوان مرۆڤ دەستنیشان دەکات، کە سیستێمە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخات، شاعیرەکەیش وەک هونەرمەندێکی ئەفرێنەر لەو بنەما خوڵقێنەرانە دەچێت، کە سەرەتاکانی گەردوونیان ڕاگرتووە.

ئەفسەرەکە لەگەڵ ڕۆیشتنی زەمەندا، چەپکە گوڵەکەی دەستی سیس دەبێت و خۆیشی دەچێتە تەمەنەوە و ڤیکتۆریا-یش هەر نایەت، لە واقیعدا ستریندبێرگ ئەم وێنەیەی لە ژیانی تایبەتی خۆیەوە وەرگرتووە. ستریندبێرگ لە سەرەتای ژیانیدا، کە (سیری فۆن ئێسن) ١٨٥٠-١٩١٢ خێزانی بووە، لە شانۆی پادشایەتی وەک ئەکتەر کاری کردووە و ستریندبێرگ لەبەر دەرگای

شانۆکەدا چاوەڕوانی کردووە، کە پیریش دەبێت و بە تەواوی سەر و ڕیشی سپیین، بەهەمان شێوە و لەبەردەم هەمان دەرگادا چاوەڕوانی کردووە، بەڵام ئەمجارەیان چاوەڕووانی هارییەت بۆسە، ژنە گەنجەکەی کردووە، کە لە هەمان شانۆدا وەک ئەکتەر کاریکردووە و ستریندبێرگ بۆ چەندان جار و لە وەرزە جیاوازەکانی ساڵدا، لەناو دەرگاکانی ئەو شانۆیەدا چاوەڕوانی کردووە. ستریندبێرگ زۆر بە وردی ئەتمۆسفێر و دیمەنی شانۆنامەکەی لە شاری ستۆکهۆڵمەوە هێناوە، کۆشکەکە، کەنیسە، بەندەر، پاپۆڕ، دوورگەکانی دەوروبەری و زۆر شتی تر، ئەو شوێن و شتانەی، کە ستریندبێرگ هەموو ڕۆژێک لە پیاسەی بەیانیاندا بینیونی یان لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە لە ناوچەی (کالاپلان) تەماشای کردوون، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و کاریگەر بەکاری هێناون و بەشێکی زۆریان پابەند بووە بە ژیانی خۆیەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە زۆربەی پسپۆرانی بواری ئەدەب و شانۆی ستریندبێرگ، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە (خەونەنمایشێک) زیاتر لە هەموو بەرهەمەکانی تری لەسەر بیۆگرافیای ژیانی خۆی ڕۆنراوە.



**بێرگمان لەکاتی کارکردن لە (خەونەنمایشێک)دا بۆ تەلەفیزیۆنی سویدی،ساڵی ١٩٦٣**

ستریندبێرگ بە دیقەت و سەلیقەیەکی هونەری گەورەوە شانۆنامەکەی نووسیوە، دیمەن بە دیمەن، بە وردیی داڕێژراوە و هەموو گۆڕانکارییەکان دەخاتە ڕوو، ئەتمۆسفێرەکان، دیمەنە وێنەییەکان، ژوورە جیاواز و فۆرمەکانیان دەنەخشێنێت و بە وردی هەموو شتەکانی دیاری کردووون.

(ئیستا دەنگگەلێک لەودیو پەردەی دوای شانۆوە دەبیسترێت، کە یەکسەر دوابەدوای ئەوە پەردەکە لادەچێت. ئەفسەرەکە و کچەکە لەوێ دەنۆڕن، پاشان چ بە قڵافەت و

چ بە ڕوخسار وشک هەڵدەگەڕین. لەسەر مێزێک دایکەکە، ناتەندروستانە دانیشتووە، لەبەردەمیدا مۆمێکی پیو دەسووتێ کە جار جار بە مقەستی مۆم خاوێنی دەکاتەوە. لەسەر مێزەکە کراسی تازە دووراو و کەڵەکە کراوە کە بە مەرەکەب و پەڕی قاز ئیشارەتیان لێدەدات، دۆڵابێکی جلک لای چەپەوەیە. باوکەکە عەبایەکی ئاوریشم دادەنێت)

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ئەم ڕێنماییانەی ستریندبێرگ یاریدەدرێکی باشی ڕێژیسۆر و ئەکتەر و لە هەمان کاتدا بینەرانیشە، کە هەموو شتەکان بە ووردی و کۆنکرێتی بەرجەستە کراون. ستریندبێرگ، وەکوو ریژیسۆرێکی بەتوانا دەستنیشانی یەکە بەیەکە گۆڕانکاری، فۆند و کالوسەکانی کردووە، کە چین و چۆن بن و چۆن و کەی گۆڕانکارییەکانیان بەسەردا دێت. بۆ نموونە بەشی دووەم لە ژوورێکی ماڵی پارێزەرەکە

دەستپێدەکات و ستریندبێرگ لەم دیمەنەدا درامایەکی بچووکی مینیاتری هاوسەرگیری و ژن و مێردایەتی لەناو خەونەکەدا دروست دەکات. ئەفسەرەکە دێت و ئەگنێس لەم دۆزەخە ڕزگار دەکات، هەرچۆن ئەگنێس لە سەرەتای شانۆنامەکەدا ئەفسەرەکە لە بەندایەتی ڕزگار دەکات. لە هەمان کاتدا، کە ئەفسەرەکە کچەکە دەباتە دەرەوە تا چێژ لە ژیان وەربگرێت، ژوورەکەیش دەگۆڕێت و دەبێتە (سکام سوند و ڤاگەرڤیک) جیهانە بچووکەکە بەڕووی جیهانێکی تری گەورە و فراواندا دەکرێتەوە.

خوێندنەوە و خستنە سەر شانۆی (خەونەنمایشێک) هەمیشە جۆراوجۆر بووە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی و فرە ڕەهەندیی دەقەکە و ڕەخساندنی خوێندنەوەی جیاواز. بۆ نموونە، هەندێک وەک وێنەیەکی ڕاستی ژیان یان خەونێک و هەندێکیش وەک شیعرێک بەرجەستەیان کردووە. بەڵام بۆ خودی ستریندبێرگ ئەو سێ دیدە یەک شت بوون و ویستوویەتی ئێمەیش زۆر بە

ساکاری و وریایی بە نێو ئەو سێ هزر و دیدەدا گوزەر بکەین. ستریندبێرگ لە ڕوانگەی ئەم دیالۆگەی نێوان کارەکتەری شاعیر و کچەکەوە دووپاتی ماناکانی شانۆنامەکە دەکاتەوە:

**شاعیر:**

کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

**کچەکە:**

یان خەون!

**شاعیر:**

یان شیعر!

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

# خەون و واقیع

کارەکتەری کچەکە (ئەگنێس) زیاتر لە کارەکتەرەکانی تر پەی بە شتەکان دەبات و زیاتر لە مرۆڤ دەزانێت و تێدەگات، کە چارەنووس و ڕێچکەی ڕووداوەکان چ ئاراستەیەک وەردەگرن، هەر زوو لەوەیش دەگات، کە ژیان خۆی خەونە، وەهمێکە سەبارەت بە خۆشەویستی و بەختیاری. لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، کە کچەکە و شاعیرەکە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، شاعیرەکە فێری ئەوە دەکات، کە شیعر، هەر وەک خەون (زیاتر ڕاستییە) لەم چاوتروکانەدا، تێکەڵاوێکە لە خەون، لە شیعر، لە ڕاستی و واقیع.

**شاعیر:**

وا بزانم پێشتر ئەوەم بینیوە...

**کچەکە:**

منیش!

**شاعیر:**

ڕەنگبێ لە خەوندا بینیبێتم؟

**کچەکە:**

یان ڕەنگ بێ بە شیعر نووسرابێ؟

**شاعیر:**

یان بە شیعر نووسرابێ!

**کچەکە:**

کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە!

**شاعیر:**

کەواتە دەزانم خەون چییە!

**کچەکە:**

وا بزانم پێشتر لە جێگایەک یەکترمان بینیوە و ئەم قسانەمان کردووە!

**شاعیر:**

کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

**کچەکە:**

یان خەون!

**شاعیر:**

یان شیعر!

## شانۆنامەی خەونەنمایشێک

لەم دیمەنەدا خەونەکان بەرگێکی شیعریی لەخۆ دەگرن و لە هەمان کاتدا لە سەرچاوەکانی ژیانەوە نزیک دەبنەوە، شیعر، خەون، ژیان و ئەفسانە تێکەڵاو دەبن. ئەگنێس و شاعیرەکە هەروەک ستریندبێرگ لە یاداشتەکانی ئەو سەردەمەیدا، لە چەندان شوێن و بە بۆچوونی جوداوە،

ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە (ژیان وەهمە) شاعیرەکەیش لێرەدا بەندی ئەو خەونە ڕاستییەیە، کە خۆی دەیبینێت. لە هیچ شوێنێکی تری دەقەکەیشدا، ئاوا بە قووڵی و بە شێوەیەکی شیعرئامێز خەونەکان تێکەڵاو نابن. لێرەدا خەونەکانی کچەکە و شاعیرەکە فۆرمێکی رۆحی و خولْقاندنێکی هونەری لەخۆ دەگرێت: شیعر و خەون و ژیان و سەرگوزشتەکان تێکەڵاو دەبن، ئەگنێس و شاعیرەکە شووناسەکانییان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە، لە چاوتروکانێکدا کچەکە دەبێتە وێنەیەکی شاعیرەکە، تا لە چاوتروکانێکی تردا شاعیرەکە ببێتە کچەکە، هەروەک ئەوەی سمبۆلی (ئەندرۆگین) و لێخۆشبوونی تەواویی، لەم دیمەنەدا بەرجەستە بکرێت. ئەگنێس-یش هەر لەو ساتەدا و لەپڕ لە ڕەوشی خۆی دەگات و تێ دەگات، کە هەست بە زیندووکردنەوەیەکی تر و ژیانەوە لەوی تردا دەکات.

**کچەکە:**

تۆ حەقی خۆتە سەرزەنشتم بکەیت، من لەم خوارەوە زۆرم پێ چوو، وەک تۆ لە گەرماوی قوڕدا خۆم شت، ئیتر ئەندێشەکانم نافڕن، باڵەکان قوڕیان پێوەیە، پێ و پلەکان خۆڵاوین... منیش خۆم... (باسکەکانی بلْند دەکات) من غەرق دەبم، غەرق دەبم، باوکە، ئەی خوای ئاسمان یارمەتیم بدە.

(بێدەنگی) من ئیتر وەڵامی نابیستم! ئیتر ئاتمۆسفار دەنگ لە لێوی ئەوەوە ناگەیەنێتە سەدەفی گوێچکەی من، ئیتر داوی زیویین پچڕا، بێچارە خۆم، من بە ئەرزەوە بەستراوم.

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

هەموو شتێک لە واقیعی ئاگایی ژیانەوە هاتووە، ڕاستی واقیعێکە، کە وەک خەونێک بەرجەستە دەکرێت و شیعر خەونێکی بەئاگایە. لە پشت دنیادیدەیی و شیعرەکانی ستریندبێرگ-ەوە، دید و بۆچوونە خەونەئامێزەکانی سەبارەت بە واقیع و ژیان بەرجەستە دەبێت.

# بەشی پێنجەم

# کارەکتەرە سەرەکییەکان

**کچەکە/ئەگنێس**

کچەکەی ئیندرای خواوەند کارەکتەری سەرەکی و چەقی ڕووداوەکانە، ئیندرا خواوەندێکی بەدەسەڵاتە و لەبری خۆی کچەکەی، وەک نوێنەری خۆی دەنێرێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی تا لە نزیکەوە، بەچاوی خۆی ببینیت، کە چۆن دەژین. ئیندرای خواوەند وەک خوایەک خۆی ناتوانێت لە خوارەوە، لەسەر زەوی هەناسە بدات، هەر لەبەر ئەوەیشە لەبری خۆی کچەکەی دەنێرێتە خوارەوە. ئیندرای خواوەند بە کچەکەی دەڵێت:

**دەنگی ئیندرا:**

دابەزە خوارەوە و بە چاوی خۆت ببینە و بە گوێی خۆت ببیستە... پاشان بگەڕێوە و بۆم بگێڕەوە، کە ئاخۆ داد و بێداد و ناڵەناڵییان چ بناخە و بیانوویەکی هەیە.

**کچەکەی ئیندرا:**

باشە، من بۆ ئەوێ دەچم، بەڵام باوکە لەگەڵم وەرە.

**دەنگی ئیندرا:**

نا، من لەوێ هەناسەم بۆ نادرێ.

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

کچەکە لەناو هەموو ڕۆڵ و کارەکتەرەکاندا، تەنها کەسایەتییەکە، کە مرۆڤ لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دەبینێت، تەنها ئەوە، کە دەبینێت مرۆڤ وەک کەسێکی شەڕانی لەدایک نەبووە، بەڵکو لە ژیاندا دەبێتە کەسێکی شەڕانگێز.

کچەکە دەبینێت، کە مرۆڤ چەندە بێ دەسەڵاتە و ناتوانێت لەبەرامبەر دروستکردن و خولْقاندنی مێژووی خۆیدا هیچ بکات؛ هەر لێرەوە، جار لەدوای جار ئەوە دووپات دەکاتەوە کە: (مرۆڤ شایانی بەزەییە!) بەتایبەتیش لەو کاتانەدا، کە دەبینێت مرۆڤ بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، کە تەقەلاکانیان لە هەموو

ڕوویەکەوە بەرەو عەدەم دەچن. ئەگنێس ناچاری بینینی ئەو هەموو ئازار و پەژارەیە دەبێت، دەبینێت مرۆڤەکان دووچاری ئازار بوون، بەڵام ئەو توانای هیچی نییە بیکات و ناتوانێت یارمەتییان بدات. کچەکەی ئیندرا (ئەگنێس) لەسەر زەوی تێکەڵاوی مرۆڤ دەبێت، ئەو لەیەک کاتدا مرۆڤە و خواوەندیشە، ئەمەیش سنورێکی ئاشکرای لەنێوان مرۆڤ و ڕەوش و ئەتمۆسفێرەکاندا بۆ دەستەبەر دەکات، هەر لەبەر ئەوەیش، کە ئەو خەڵکی سەر زەوی نییە، زۆر بەباشی گوێ لە شتەکان دەگرێت، دەبیستێت و دەبینێت.

کچەکە هەوڵ دەدات ئەفسەرەکە لە بەندیخانە ڕزگار بکات، دەرگاوانەکە لە کارەکەی خۆی دوور بخاتەوە، تا ئەو لەبری دەرگاوانەکە گوێ بۆ ژان و ئازارەکانی خەڵکی شل بکات، لەڕێگای ئەوەوەی، کە ببێتە ژنی پارێزەرەکە، دەیەوێت ئازارەکانی پارێزەرەکەیش کەم بکاتەوە. کچەکە لەو بڕوایەدایە، کە ئەو بەهۆی ئەو هێزە خواوەندییەوە، کە هەیەتی بتوانێت بەرگەی هەستوسۆزەکانی، دژایەتی و ناکۆکییەکانی پێوەندییە هاوسەرگیری و خێزانییەکان بگرێت و ببێتەوە، بەڵام پێوەندییە ژن و مێردایەتییەکەی لەگەڵ پارێزەرەکەدا زۆر ناخایەنێت و هەڵدەوەشێتەوە. کچەکە وەک میوانێک لەلای مرۆڤ چەندان ڕۆڵ دەبینێت تا

مرۆڤ ئاسوودە و ئازاد بکات، خۆی وەک کەسایەتییەکی زۆرجار نادیار و گران دەردەکەوێت، هەندێک جار مرۆڤە و هەندێک جاریش کچی خودایە و لە دەرەوەی کات و شوێنەوە چاودێری ژیان و جووڵەی مرۆڤ و درۆ و ڕاستییەکان دەکات، بەشێوەیەک، کە کەسانی ئاسایی ئەو هزر و توانایەیان نییە. کچەکە کات بەپێوانەی ئاسمان، بە پێوانەی کچی خوا سەیر دەکات و یەک ساڵ بۆ ئەو یەک چرکەیە، دەرگاوانەکە، کە کارێکی سەخت و گرانی بەسەر شانەوەیە و بەردەوام دڵی بۆ ئازاری خەڵکی کردۆتەوە، یەک چرکە هێندە درێژە، هەروەک ئەوەی ساڵێک بێت وەهایە.

***( توند تاریک دادێت )***

**ژنە دەرگەوان:**

***(چراکە دادەگیرسێنێ)***

ئەمڕۆ زوو ئێوارە داهات!

**کچەکە:**

یەک ساڵ بۆ خوداکان وەک دەقیقەیەک وایە!

**ژنە دەرگەوان:**

بۆ خەڵکیش دەکرێ یەک دەقیقە هێندەیساڵێک درێژ بێت!

## شانۆنامەی خەونەنمایش

دەرگاوانەکە باوەش بۆ ئازارەکانی ئەوانیتر دەکاتەوە، بەڵام ڕێگا بە کەسیش نادات، کە بێتە ژوورەوە، دەرگاوانەکە وێنەیەکی تری کچەکەیە، وەک کچەکە وایە بە پیری و ئەو ئەزموونەی، کە کچەکە دەیەوێت لەسەر زەوی کۆیکاتەوە، ئەو هەیەتی، هەر لە بەرئەوەیشە، کە شاڵەکەی خۆی پێشکەش دەکات.

لەکاتێکدا، کە پارێزەرەکە باسی ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی دەکات، کچەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو دوو ئەرکی هەیە و لەم نێوانەدا تووشی ئازار دەبێت، ئەو دەبێت لەیەک کاتدا مرۆڤ و هەروەها خواوەندیش بێت، ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە منداڵی پارێزەرەکە، ئەمە جگە لەوەی بەرپرسیاریشە بەرامبەر بە خودا. کچەکە دەیەوێت بمرێت، نەک بگەڕێتەوە بۆ دۆزەخی ژن و مێردایەتی.

مردن زۆر باشترە لەوەی کە تەنها "ببمە مرۆڤ". کچەکە لە دیمەنەکانی سەر زەویدا و لەگەڵ پێوەندییەکانی بە سێ کارەکتەرە پیاوەکانەوە: ئەفسەرەکە و پارێزەر و شاعیرەکە گەشە دەکات و زیاتر دەگاتە ئەو ڕاستییەیش، کە (مرۆڤ شایانی بەزەییە) و هەر بەم بیروبۆچوونەیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان. کچەکە لەلای ئەفسەرەکە یادەوەرییەکانی دایکی زیندوو دەکاتەوە، لەلای پارێزەرەکە دەبێتە پێوەندییەکی سێکسی بە بەرووبووم و لەلای شاعیرەکەیش دەبێتە ڕۆحێکی ئاگراویی و بەرزترین ئاستەکانی پێوەندییەکی ڕۆحیی بەرجەستە دەکەن. ئەرکی سەرشانی ئەگنێس ئەوەیە بە دوو ئاراستەدا پەیامەکانی بگەیەنێت، ڕاستییەکانی خواوەند سەبارەت بە سرووشتی مەرگ لەلایەک و ڕاستییەکانی مرۆڤیش سەبارەت بە سرووشتە خواوەندییەکان، لەلایەکی ترەوە. کچەکە لەگەڵ دەروازەی گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی ڕووداوەکاندا خەونەکەی و پێوەندییەکانی بە خەڵکی سەر زەوییەوە فراوان دەبێتەوە، لە بەشی دووەمدا دەگاتە ئاستە قووڵ و ناواخنەکانی ژیانەوە، لەبەشی سێیەمیشەوە زیاتر بەئاگا دێتەوە و خۆی بۆ گەڕانەوە بەرەو ئاسمان ئامادە دەکات.



هارییەت بۆسە لە ڕۆڵی (ئەگنێس) لە شانۆنامەی
(خەونەنمایشێک) دا ساڵی ١٩٠٧

**ئەفسەرەکە/کچەکە**

کچەکەی ئیندرا لەسەرەوە، لە ئاسمانەوە دێت، بەسەر باڵی هەورەکانەوە دەفڕێت و وەکوو نوێنەری خودا دێتە سەر زەوی. کچی خوا لە بەرگی ئەگنێسدا لەسەر زەوی دەگەڕێت و هەر لەسەرەتاوە ئەفسەرەکە لە کۆشکەکەدا دەبینێت و ئامادەیی خۆیشی دەردەبڕێت تا لەو بەندیخانەیە ڕزگاری بکات.

**کچەکە:**

تۆ لە ژوورەکانتا زیندانیت، من هاتووم ڕزگارت بکەم!

**ئەفسەرەکە:**

هەڵبەت من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، بەڵام هیچ دڵنیا نەبووم کە تۆ دەتەوێ ڕزگارم بکەیت.

**کچەکە:**

کۆشکەکە قاییمە. حەوت دیواری هەیە، بەڵام... دەبێت دەرەقەت بێین... دەتەوێ یان ناتەوێ؟

**ئەفسەرەکە:**

ڕاستیت دەوێ نازانم، لەبەرئەوەی لەهەموو حاڵەتێکدا من ئازارم پێدەگات! هەموو شادمانییەک لە ژیاندا دەبێ بە دوو بەرامبەر غەم بەهاکەی بدەین. لێرە کە دانیشتووم زەحمەتە، بەڵام گەر ئەو ڕزگاربوونە خۆشەیش بکرم ئەوا دەبێ سێ ئەوەندەی ئەوە ئازار بچێژم.... ئاگنێس، من پێمباشترە لێرە بمێنمەوە، تەنها بۆم هەبێ بتبینم!

**کچەکە:**

چی لە مندا دەبینیت؟

**ئەفسەرەکە:**

ئەو جوانییەی کە هارمۆنییەتە لە گەردووندا... هێڵگەلێک لە قلافەتتدایە کە من تەنها لە خولگەکانی سیستمی خۆردا دەیبینمەوە، لە دەنگی خۆشی ژێدا، لە لەرینەوەکانی ڕووناکییدا، تۆ منداڵێکی ئاسمانیت ...

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ئەفسەرەکە بەندە و دەبێت بە بەندیش بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی نرخی ئازادی گرانە و هەروەها بەئاسانی دەست ناکەوێت، هەر لەبەرئەوەیشە خۆشەویستییەکی نادیار و دووراودوور دەبێتە چارەنووسی ئەم کارەکتەرە. ئەوەیشی، کە وا لەم ئەفسەرە دەکات، لەیەک کاتدا نەتوانێت سەربەست و ڕازی بێت ئەوەیە، کە ژیان بەرامبەر ئەو زۆر نایەکسان بووە، لە وەڵامی کچەکەدا دەڵێت: ("ئا! نادادپەروەرانە"...) خۆشەویستەکەی (ڤیکتۆریا)یە و ڕەوش و هەڵوێستەکان زۆر بەخێرایی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەفسەرەکە بە ڕاڕەوی شانۆکەدا دێت و دەچێت و چاوەڕوانی ڤیکتۆریا دەکات، بە جلی مەدەنییەوە دێتە پێشەوە و شمشێرەکەی دەستی بووەتە چەپکە گوڵێک. ئەفسەرەکە لە چاوەڕوانی ئەوەدایە، کە ڤیکتۆریا ببینێت، ڤیکتۆریایش دەبێتە کەسێکی نادیار و نەبینراو، بەڵام ڤیکتۆریا لە ئەندێشەی ئەودا بوونێکی بەهێزی هەیە و بە تەنیشتییەوە ڕێ دەکات. ڤیکتۆریا تەنها کەسێکە، کە مانایەکی بۆ ئەم کەسایەتییە هەبێت. ئەفسەرەکە هیچ پێوەندییەکی فیزیکیی بەو کەسانەوە نییە، کە لە ڕاڕەوی شانۆکەدا دەردەکەون، لە جیهانەکەی ئەودا تەنها ڤیکتۆریا هەیە و تەنها ڤیکتۆریایش بوونی بۆ ئەو هەیە. کات دەڕوات و ڤیکتۆریا هەرگیز نایەت، بەڵام کات لەلای

ئەفسەرەکە وەستاوە و ناڕوات، ئەو پیر دەبێت و چەپکە گوڵەکەی دەستیشی وشک و سیس. چاوەڕوانیی ڤیکتۆریا هاوسەنگییەکی ناوەکی و وزەیەکی هێمن و ئارامی پێدەبەخشێت و لە هەمان کاتدا هارمۆنی دەداتێ. لە دیدێکی ترەوە، دەکرێت چاوەڕوانی ئەفسەرەکە بە شێوەیەکی سەرەکی گوزارشتێک بێت بۆ کورتکردنەوەی کات. ئەگەر چاوەڕوانییەکەی بە پێوەرە تقلیدییەکەی کات، بە پێی کاتژمێر بپێورێت ئەوە زۆر درێژە، ئەگەر بەو شێوەیەیش بێت، کە وەک ئەو خۆی شارەزای دەبێت و هەستی پێ دەکات–هەر وەک زۆربەمان شارەزای ژیان دەبێت–ئەوە زۆر کورتە. ستریندبێرگ ئەم ئەزموونە لە ڕوانگەی گۆڕانکاری ڕوناکییەوە بەرجەستە دەکات.

**ئەفسەرەکە:**

***(مۆسیقایەکی نزم بە ڕیتمی سەما، لە سەرەوە دەبیسترێت)***

ئاوها! ئێستا ئیتر پرۆڤە دەستی پێ کرد!

***(شانۆ بە ڕووناکییەکی پرتە پرتکەر وەک ڕووناکی چرای زەریایی، ڕووناک دەبێتەوە)***

ئەوە چییە؟

***(بەدوای ڕیتمی ڕووناکییە پرتە پرتکەرەکەدا، بە ئاوازەوە دەکەوێتە خوێندنەوە)***

ڕووناکی و تاریکی، ڕووناکی و تاریکی؟

**کچەکە:**

***(لاسایی ئەو دەکاتەوە)***

ڕۆژ و شەو، ڕۆژ و شەو! بەخشندەیەکی مەزن دەیەوێت چاوەڕوانیت کورت بکاتەوە! هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژەکان رادەکەن و شەوەکان ڕاو دەنێن.

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

هەر بەو شێوەیەی، کە ستریندبێرگ تاریکی بۆ جیاکردنەوەی دیمەنەکان بەکاردەهێنێت، گۆڕانکارییەکانی ڕووناکی-تاریکی/ڕۆژ-شەو لە خودیستراکتوری دراماکەدا دووبارە دەبێتەوە. بەم شێوەیەش (خەونەنمایشێک) وەک وێنەیەک لە ژیان دەردەکەوێت. ستریندبێرگ خۆیشی لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی، کە (خەونەنمایشەکەی من وێنەیەکە لە ژیان)

ئەو سێ دیمەنەی، کە لە کۆشکەکەدا دەست پێدەکات و لە کۆلانەکەدا تەواو دەبێت، دەستنیشانی هەموو پرۆسێسی گەشەکردنی خەونەکانی ئەفسەرەکە دەکات. ئەفسەرەکە سێ جار ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێت، کە لە پەیامەکەی ئەگنێس بگات: یەکەمیان، کە بڕوای بەو کچە هەبێت وەک ڕزگارکەرێک، دووەمیشیان، کە بتوانێت خۆی لەژێر ڕکێفی دەسەلاتی دایکی ڕزگار بکات، سێیەمیشیان، کە خۆی بتوانێت کچەکە ڕزگار بکات.

ئەفسەرەکە لە دیمەنی ڕارەوی شانۆکەدا، کە چاوەڕوانی (ڤیکتۆریا) دەکات، دەبێتە هێماگەلێک بۆ چاوەڕوانی، ئەو چاوەڕوانییەی، کە هەرگیز تەواو نابێت.

**ئەفسەرەکە:**

حەوت سالە من بێرەدا دێم و دەچم! حەوت زەربی سێ سەد و شەستوپێنج دەکاتە دوو هەزار و پێنجسەدوپێنج!

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ڤیکتۆریا ئەو کەسەیە، کە هەرگیز ئەفسەرەکە نایبینێت، سمبۆلێکە بۆ ئەو شتەی مرۆڤ بە بەردەوام و بەبێ ئەوەی کۆڵ بدات بە دوایدا ڕادەکات و بەدەستی ناگات. لەبەر

ئەوەی ڤیکتۆریا دەرناکەوێت و ئەفسەرەکە دەستی پیا ڕاناگات، دەبێتە سمبۆلی ئەو شتەی، کە هیچ ترسێک دروست ناکات. ڤیکتۆریا ئامانجە و ئەفسەرەکەیش ئەو ڕێگایەیە، کە لە تەقەلای گەیشتنە بەو ئامانجە.

لە بۆچوونێکی ترەوە خەونی ئەفسەرەکە لەو دیمەنە کاریگەر و خۆش و لە هەمان کاتدا زیندەخەونەدا: (دیمەنی قوتابخانەکە) دووبارە دەبێتەوە. لەم دیمەنەدا ئەفسەرەکە، وەکوو کەسێکی گەورە لە پۆلێکی سەرەتاییدا، لەگەڵ منداڵەکان لەسەر کورسی قوتابخانە دانیشتووە و ڕووبەڕووی هەمان مامەڵەی گران و بەزەبری مامۆستاکەی دەبێتەوە، کە بە منداڵی دووچاری هاتووە. مامۆستاکە لە ئەفسەرەکە دەپرسێت، کە دوو کەرەت دوو دەکاتە چەند، بەڵام ئەو نازانێت وەڵامی ئەم پرسیارەی مامۆستاکەی بداتەوە. ئەفسەرەکە خۆی لە ڕەوشێکی خەونئامێزدا دەبینێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا فیگورێکی خەونەکەیە، کە کچەکە تەماشای دەکات. کە لەم هەڵوێستەیش ڕادەمێنێت و دەیەوێت ناڕەزایی دەرببڕێت لەوەی، کە وەک منداڵێکی قۆناخی سەرەتایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەکاتێکدا ئەو بڕوانامەی دکتۆرای

پێبەخشراوە، مامۆستاکەی ئەو وانەیەی بیردەخاتەوە، کە هەرگیز فێری نەبووە: (دەبێت کامڵ بیت)

**مامۆستا:**

بەڕاست! تۆ سەعیت نەکردووە!

**ئەفسەرەکە:**

***( شەرمەزار)***

با، کردوومە، بەڵام... دەزانم چۆنە، بەڵام ناتوانم بیڵێم...

**مامۆستا:**

تۆ نیازتە شانی پیاکەیت! دەزانیت بەڵام ناتوانیت بیڵێیت... ڕەنگە من بتوانم یارمەتیت بدەم!

***(قژی ئەفسەر ڕادەکێشێت)***

**ئەفسەرەکە:**

ئاه، ناجۆرە، ناخۆشە!

**مامۆستا:**

بەڵی ناخۆشە کە کوڕێکی ئاوها زل، بەهیمەت نەبێت ...

**ئەفسەرەکە:**

***(بە ئازارەوە)***

کوڕێکی زل، ئا، من زلم، زۆر زلتر لەوانی ئەوێوە، من تەواو کامڵم، من قوتابخانەم تەواو کردووە... ***(وەک ئەوەی وەئاگا بووبێتەوە)*** من دکتۆرام پێبەخشراوە... باشە بۆچی لێرە دانیشتووم؟ ئەدی من دکتۆرام پێنەبەخشراوە؟

**مامۆستا:**

بەڵێ وایە، بەڵام تۆ دەبێ دانیشیت و خۆت کامڵ بکەیت، دەبێ کامڵ بیت ... وا نییە؟

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ئەفسەرەکە لە کۆتایی دیمەنەکەدا داوا لە لێپرسراوانی (قەرەنتینە) دەکات، کە لەدەست مامۆستاکەی ڕزگار بکات: (ڕزگارمکە! لە چاوەکانیم ڕزگارکە!) ئەفسەرەکە دەچێتە تەمەنەوە و پیر دەبێت، بەڵام هەرگیز گەورە نابێت و هەرگیز ڤیکتۆریاکەیشی نابینێت. خەونی ئەفسەرەکە پابەندە بە کۆشکەکەوە، کچەکەیش هەر لەم کۆشکەوە سەفەرەکەی

سەر زەوی دەست پێدەکات و دەچێتە کۆشکەکەوە تا ئەفسەرەکە ڕزگار بکات. دوای ئەوە چەندان جار بەدرێژایی شانۆنامەکە وێنەکانی کۆشکەکە، میتافۆر و هێماگەلییەکانی دەردەکەوێتەوە و لە کۆتاییشدا ئەو کۆشکە دەبێتە وێنەیەکی سەراپاگیریی گەورە (کاتێک کۆشکەکە دەسووتێت، خونچەی گوڵەکە لەسەر سەربانەکە دەپشکوێت و دەبێتە گوڵەبەیبوونێکی زەبەلاح)

## کارەکتەری دایک و باوک

دایک سمبۆلی دەسەڵاتێکی گەورەیە و لە زۆربەی بەرهەمەکانی ستریندبێرگ-دا دووبارە دەبێتەوە و ڕۆڵی جیاواز دەبینێت، هەندێک جار دایک ئەو سمبۆلەیە، کە هەستکردن بە گوناه، وەک ئامڕازێک بەکار دەهێنێت، هەندێک جاری تر مەرگی دایک، وەک میتافۆرێک لە دەقەکانیدا، ئەو وێنە هەتاهەتاییەیە، کە ئازاری ویژدانی ستریندبێرگ، دەدات.

هەرچەندە کەسایەتی دایک، لە خەونەنمایشێک دا زۆر کەم و بەتایبەتی لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام ڕۆڵیکی کاریگەر و گرینگ و پایەیەکی دیاری هەیە:

**باوکەکە:**

***(بە نەرمیی)***

ئەمەت ناوێت؟

**دایکەکە:**

عەبای ئاوریشم بۆ من، هاوڕێی ئازیز، ئاخر ئەوە سوودی چییە کە من بەم زووانە بمرم!

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

دایکەکە دەزانێت، کە ئەو بەو زووانە دەمرێت، لە ژیان دووردەکەوێتەوە و بە تەواوی لە مەرزەکانی مەرگەوە نزیکە، هەروەها باوکەکەیش ئەم ڕاستییە دەزانێت. هەر لەبەرئەوەیشە، کە باوکەکە دەیەوێت دایک بدوێنێت، بەڵام ئەو زیاتر هۆشی لەلای منداڵەکانییەتی.

**دایکەکە:**

خۆ ئەوە ژیانی منە! ڕەوای خۆمە ... شادمانی و غەم

**باوکەکە:**

کریستینا لێمببوورە ... لە هەموو شتێک!

ئەم کۆتاییهێنانە زۆر شت سەبارەت بە ژیانی ئەم دوو کارەکتەرە دەڵێت:

**باوکەکە:**

***(سەر دەکێشێتە ژوورەوە)***

دەتەوێ دیارییەکەم بدەیتە کارەکەرەکە؟

**دایکەکە:**

وا مەڵێ ... بیرتبێ کە منیش کارەکەر بووم ... بۆچی تۆ هەستی بێتاوانێک بریندار دەکەیت؟

**باوکەکە:**

ئەی بۆچی تۆ ... من، مێردەکەت بریندار دەکەیت ...

**دایکەکە:**

ئۆه لەم ژیانە! کاتێ مرۆڤ جوان مامەڵە دەکات هەمیشە کەسێک هەیە کە بە ناشیرینی تێدەگا... مرۆڤ باشەیەک دەکا، لەولاشەوە خەراپەیەک دەکا. ئۆف لەم ژیانە!

## شانۆنامەی خەونەنمایشێک

دایک یەکەی کات و شوێن تێک دەشکێنێت، ڕابردوو و ئێستا لەیەکدا کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە، کە کوڕەکەی بۆ لای خۆی بانگ دەکات.

**دایکەکە:**

ئا ئەو کچە کێیە؟

**ئەفسەرەکە:**

(بە چرپە)

ئەگنێس!

**دایکەکە:**

ئۆه، ئەگنێسە؟ دەزانی خەڵک دەڵێن چی؟ دەڵێن ئەو کچەکەی ئیندرای خواوەندە کە لە باوکی پاڕاوەتەوە ڕێگەی

بدات بۆ سەر ئەرز دابەزێ تا بزانێ گوزەرانی خەڵک چۆنە، بەڵام هیچ ناڵێ.

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

دایک گەورەیە و ئەنجامەکان دەزانێت چییە و هەروەها ئەزموونی هەیە و لە ژیانیش گەیشتووە (ئۆف لەم ژیانە!) دواتر دایک لە شانۆنامەکەدا دەمرێت و هیچ ئامادەبوونێکی فیزیکی نامێنێت، هاوکات باوکیش دیارنامێنێت. لە پێوەندییەکەشیاندا لە ئازاردانی یەکتر بەولاوە، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی هیج شتێکی تریان نەکردووە. هەندێک سەرچاوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم دیمەنە گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ستریندبێرگ-ە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی و دایکی و باوکی. دایکی کارەکەر بووە لەلای باوکی، لەو ماوەیەشدا، بەر لە هاوسەرگیری، دایکی چەندان منداڵی بووە و دواجار باوکی ناچار دەبێت مارەی بکات.

لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دا چەندان کارەکتەر ئەو پرسیارە دووبارە دەکەنەوە، کە بۆچی هێندە ئازار و ژان لە دونیادا هەن؟ بۆچی مرۆڤ یەکتر دەچەوسێننەوە و

ئازاری یەکتر دەدەن؟ دایک و باوکەکە هیچ وەڵامێک بۆ (بۆچی)یەکانی خۆیان وەرناگرن و هیچ لێکدانەوەیەکیشیان بۆیان نییە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دایک ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە پرسیارەکان، ژیان زیاتر ئاڵۆز دەکەن. باوک و دایک لە شانۆنامەکەدا هێماگەلی وەچە پیرەکە، وەچە کۆنەکەن و بەڕێگای مەرگەوەن، ئەوان دەمرن و بە تەواوی لەبەرچاو بزر دەبن، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان لە لای هەندێک لە کارەکتەرەکان دەمێننەوە و جارناجارێکیش وەبیردەهێنرێنەوە.

هەر لەم ڕووەوە هەستی قەرزارباری لە ڕابردوودا و هەروەها لە ئێستایشدا، مەسەلەیەکی گرینگە. لەوانەیە شانۆنامەکە بۆ خودی ستریندبێرگ باسی ئەو دایکە بکات، کە لە سەرەمەرگدایە یان بە تەواوی مردووە، بەڵام بەردەوام دەسەڵاتی لە ترۆپکدایە و هەستی قەرزارباری خۆی وەک چەکێک دژی منداڵەکانی بەکاردەهێنێت.

**دەرگاوان/پارێزەر**

هەردوو کارەکتەری دەرگاوانەکە و پارێزەر هێماگەلێکی بەهێز و ڕاستەوخۆی ئازارچێشتنن، خەم و ژان و ئازار لە سیمایاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم دوو کارەکتەرە باسی

کلۆڵی و خەمەکانی خۆیان دەکەن و بەمەیش لە پێوەندییەکی بەردەوامدان بە کەسایەتییەکانی ترەوە. دەرگاوانەکە لە ماوەی سی ساڵدا جێگای متمانەی کەسە داماو و کلۆڵەکان بووە و ئەو کەسانە گلەیی بەختی خۆیان لای ئەو کردووە، ڕاڕەوی شانۆکەیش شوێنی کارەکەی ئەوە. لە دیمەنی (ڕارەوی شانۆ)کەدا، کە چەندان ڕەوشی خەونئامێز لەخۆ دەگرێت، کچەکە لەم ڕارەوە شانۆییەدا، خۆی لە بارودۆخێکی خەونئامێز یان وێنایەکی خەوندا دەبینێتەوە، بەڵام بەر لە هوموو شتێک ئەو وەک بینەرێک بەرامبەر  چەند ڕووداو و دیمەنێکی خەونئامێز دادەنیشێت. ئەم دیمەن و ڕووداوانەیش وەک کۆمەڵێک وێنەی دەقی ناو دەقێکی تر (شانۆی ناو شانۆ) دەردەکەون.

ڕارەوی شانۆکە، ژووری چاوەڕوانییە بە چەندان مانا. لەڕووی مێتافیزیکییەوە، ژووری چاوەڕوانییە بۆ چوونە سەر شانۆی ژیان، لەوێش چاوەڕوانی کۆتاییە گەورەکەین-مردن- بەو هیوایەی لێرەوە بچینە ژیانە ڕاستەقینەکەوە، لە ڕووی سیکۆلۆژیشەوە چاوەڕوانیی، ژووری وەهمە. مرۆڤە بەدبەختەکان، خەڵکانی سەر شانۆکەن، ئەو شانۆیەی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرگاوانەکە سەمازانێکی بلیمەت و ناودار بووە، ئێستایش کاری ئەوە،

که گوێی لە خەم و پەژارەکانی خەڵکی بگرێت. دەرگاوانەکە دەڵێت: (خەم شتێکی ناپەسەند نییە... ئەوە شتێکە... بەهەرحاڵ شتێک باشترە لە هیچ)

بەر لە سی ساڵ دەرگاوانەکە پێوەندی بە خودی خۆیەوە لە دەست دەدات، لەگەڵ (ئەو، من)ی خۆیدا دادەبڕێت، هەر بەم شێوەیەیش توانای سەماکردن لەدەست دەدات و تروسکەی سەما لە جەستەیدا نامێنێت و لەبری ئەوە دەبێتە دەرگاوان. دەرگاوانەکە ناتوانێت دەستبەرداری ئەو خەڵکە دڵشکاو و غەمگینانە بێت و دەبێت شەو و ڕۆژ بە بەردەوامی کار بکات، بە کچەکە دەڵێت: (بەڵام مرۆڤ نابێت لەکاتی ئیشدا بنوێت، هەرگیز نابێ بنوێت، نە بە شەو و نە بە ڕۆژ...) کچەکەیش لە دەرگاوانەکە نزیک دەبێتەوە و جێگاکەیشی دەگرێتەوە و شاڵەکەیشی دەدات بە شانیدا، ئەو شاڵەی چەندان ساڵە ئازار و ژانی خەڵکی هەڵمژیوە تا چاودێری خەم و پەژارەکانی خەڵکی بکات و لە مەینەتییەکانییان بڕوانێت.

**کچەکە:**

***(بۆ ژنە دەرگەوان)***

ئێستا شاڵەکەم بدەرێ، دەتوانم لێرەدا دانیشم و لە عەبدەکانی خودا بنۆڕم! بەڵام تۆ لە دواوە ڕاوەستە و قسەم بۆ بکە!

***(شاڵەکە بە خۆیدا دەدا و لای دەروازەکەوە دادەنیشێت)***

**ژنە دەرگەوان:**

ئەمڕۆ دوایەمین ڕۆژە و ئۆپێراکە دادەخرێت... ئەمڕۆ ئەوان دەزانن کە ئاخۆ دادەمەزرێن...

**کچەکە:**

ئەی ئەوانەی کە دانامەزرێن... چی؟

**ژنە دەرگەوان:**

ئا، ئەی حەزرەتی مەسیح، دەبینین... من شاڵەکە دەدەم بە سەرمدا، من...

**کچەکە:**

ئای مرۆڤی داماو!

**ژنە دەرگەوان:**

بنۆڕە وا یەکێک هات... ئەو هەڵنەبژێردراوە... بنۆڕە چۆن دەگری...

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

هەر لەم ڕەوشەدا ئەفسەرەکەیش، کە چیتر کچەکە ناناسێتەوە، بە نوێژێک لێی نزیک دەبێتەوە، کە لێرەدا بووە بە سوارچاکێکی تەواو، ئەوەی دەچێتە سەر تاوەرەکەیش، وەک ڕزگارکەرێک وایە.

**ئەفسەرەکە:**

/.../ (بۆ کچەکە) گوێت لە خانمە، لێگەڕی بچمە سەرێ و بووکێم بێنم!

**ژنە دەرگەوان:**

ڕێگە بەکەس نادرێ بچێتە سەرەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ!

**ئەفسەرەکە:**

حەوت ساڵە من بێرەدا دێم و دەچم!

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

پارێزەرەکەیش بەهۆی کارەکەیەوە ناتوانێت لە مرۆڤ و گیروگرفتەکانییەوە دوورەوپەرێز بێت. مرۆڤەکان خۆیان دەخزێننە ژیانییەوە، ئەوان بە شکایەت و ناڕەزایی و کێشەکانییانەوە، بە قەیران و ئاژاوەکانیانەوە ڕوودەکەنە پارێزەرەکە، خەڵکی هەست دەکەن، کە بە ناڕەوایی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و هەر لەبەر ئەوەیشە دێنە لای پارێزەرەکە تا داواکانیان بگەیەنێتە دادگا. پارێزەرەکە خۆی لە یەکسانیدا دەبینێتەوە و دژی دووبارەبوونەوەیە، بەڵام ژیانی خۆی لە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامدایە، نە دەتوانێت واز بهێنێت و نە دەشتوانێت شتێک لە هەڵوێستەکانی ژیانی بگۆڕێت. دەبێت بەردەوام بێت وەک پارێزەرێک، دووبارەبوونەوەیەکی هەتاهەتایی. پارێزەرەکە و ئەو مرۆڤانەی، کە گلەییان هەیە پێویستیان بە یەکتر هەیە و یەکتری تەواو دەکەن.

لە ماڵی پارێزەرەکە، پارێزەر و کچەکە هەست بە پەژارە و چەرمەسەریی ژیانی هاوسەرگیری دەکەن. لێرەدا کچەکە بە چاودێری مرۆڤ دانانرێت، بەڵکو وەک دایک و خێزان هاوبەشی ئەو ژیانەیە و هاوسۆزی لەم ڕەوشەدا خۆیشی دەگرێتەوە. لێرەدا پێوەندییە بنەڕەتییەکانی بە ئاسمان و بنەما خواوەندییەکانەوە پچڕاوە، کچەکە بووە بە (منداڵی

زەوی) و تەوقەیەکی قژ، کە لەسەر زەوییەکە دەدۆزێتەوە، دەبێتە مێتافۆر بۆ هاوسەرگیری.

**ئەفسەرەکە:**

بڕوانە، تەوقەکانی قژیشی دۆزینەوە!

**پارێزەر:**

دیسانەوە؟ تەماشای ئەمە بکە! دوو لای هەیە، بەڵام یەک دەرزی! ئەمە دووانە، بەڵام یەکێکە! کە ڕاستی دەکەمەوە دەبێتەوە یەک دانە! دەیچەمێنمەوە، دەبێتە دووان، بەبێ ئەوەی لە یەک دانەیی خۆی بکەوێ! ئەمە ئەوە دەگەیەنێ: ئەو دووانە یەکێکن، بەڵام ئەگەر من ئا لێرەدا بیپسێنم! ئەوجا ئەمانە دووان دوون.

***(تەوقەکە دەپسێنێ و پارچەکانی تووڕدەدا)***

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

**شاعیرەکە/کچەکە**

هەردوو کارەکتەری کچەکە و شاعیرەکە ڕۆڵێکی تایبەتمەندیان هەیە، دیالۆگەکانی نێوانیان زۆر جیاوازترە لە دیالۆگەکانی هەموو کارەکتەرەکانی تری شانۆنامەکە، هەر بۆ نموونە زمانە چڕ و لیریکئامێزەکەیان، ئەو بابەتانەی کە، ستریندبێرگ لە دەروازەکانی ڕۆڵی کچەکە و شاعیرەکەوە دەیانخاتە ڕوو؛ بۆ نموونە قەرزارباری، ویژدانێکی بێ ئازار و ئاسوودە، باوەڕ و گومان، ئازارەکانی مرۆڤ... هتد لە ڕوانگەیەکی گەلێک هۆشیارییەوە، بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تری شانۆنامەکە و کارەکتەرەکانی تریش، مامەڵەی لەگەڵ کردوون. ئەم دوو کارەکتەرە ڕۆڵ و کەسایەتییەکانی یەکتر دەوڵەمەند دەکەن، یەکتر تەواو دەکەن و گەشە بە ڕووداوەکان دەکەن و بەرەو پێشەوەیان دەبەن. لە دیالۆکەکانیاندا زۆر نزیکن لە یەکترەوە، هەردووکیان باسی خەون، شیعر، ڕاستی و واقیع دەکەن.

**شاعیر:**

من کەڕەتێک ئەوەم کردۆتە شیعر!

**کچەکە:**

کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە...

**شاعیر:**

کەواتە دەزانم خەون چییە... ئەدی شیعر چییە؟

**کچەکە:**

واقیع نییە، بەڵام لە واقیع زیاترە... خەون نییە بەڵام خەونێکە بە بێداریی دەبینرێ...

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

کچەکە وەک میوانێکی سەر زەوی زوربەی کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە دەبینێت و نوێنەری ئەو ڕووداو و کردارانەیە، کە لە شانۆنامەکەدا بوونیان نییە. بەڵام شاعیرەکە زیاتر لە بەشی کۆتایی شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، خێرا چەندان هێڵی هاوبەش لەگەڵ کچەکەدا دەدۆزێتەوە. ئەوەی شاعیرەکە و کچەکە دەیبینن، ئێمە نایبینین، یەکەم لەبەر ئەوەی شاعیرەکە بە چاوی فەنتازیای شاعیر سەیری شتەکان دەکات و دووەمیش لەبەر ئەوەی

ڕەنگدانەوەی دیدە مێتافیزیکییەکەی کچەکە بۆ دونیا و ژیان و مرۆڤەکان، وەک وێنەی خەونێک لە هەست و هۆش و فەنتازیای شاعیرەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە.

کچەکە و شاعیرەکە هەر دەڵێی پێناسی یەکتر ئاڵوگۆڕ دەکەن، لەچاوترووکانێکدا کچەکە دەبێتە وێنە و ئاوێنەیەکی ئەو، شاعیرەکەیش لە چاوترووکانێکی تردا دەبێتە وێنە و ئاوێنەی کچەکە. لەبەر ئەوەی شاعیرەکە، لە ماناکانی ژیان گەیشتووە، لە کارەکتەرەکانی تر باشتر لە ژیان دەگات و هەروەک کچەکە هەست بە خەم و پەژارە و هاوخەمی خۆی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دەکات. بەڵام دواتر ئەم پێکداچوونە دەوەستێت و کچەکە لەپڕ هەست بەوە دەکات، کە ئامادەبوونی ئەو، وەکوو مرۆڤ لەسەر زەوی چی دەگەیەنێت.

**کچەکە:**

تۆ حەقی خۆتە سەرزەنشتم بکەیت، من لەم خوارەوە زۆرم پێچوو، وەک تۆ لە گەرماوی قوڕدا خۆم شت...

ئیدی ئەندێشەکانم نافڕن، باڵەکانم قوڕاویین...

پێوپلم خۆڵاویین... منیش خۆم... (باسکەکانی بڵند دەکات)

من غەرق دەبم، غەرق دەبم... باوکە ئەدی خودای ئاسمان

یارمەتیم بدە! (بێدەنگی) من ئیدی وەڵامی نابیستم! ئیدی ئەتمۆسفار دەنگ لە لێوی ئەوەوە ناگەیەنێتە سەدەفی گوێچکەی من... ئیدی داوی زیویین پچڕا... بێچارە خۆم، من بە ئەرزەوە بەستراوم.

## شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کێ بەرپرسیارە لەوەی، کە ژیان ئاسوودە نییە؟ ئایا مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە یان هێزە ئاسمانییەکان؟ شاعیرەکە هەندێک جار مرۆڤ تاوانبار دەکات و هەندێک جاری تریش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مرۆڤ بە تەواوی بێتاوانە. هەروەها شاعیرەکە هانی کچەکە دەدات، کە هەموو پەژارە و ئاخ و داخی مرۆڤ هەیە، بە زمانێک دەرببڕێت، کە (نەمرەکان) تێیبگەن.

شاعیرەکە ئەو نایەکسانییانە دەبینێت، کە لێپرسراوی قەرەنتینە، بەهۆی پابەندبوونییەوە بە دەسەڵاتەوە ناتوانێت بیانبینێت. لێپرسراوی قەرەنتینە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لە ناخۆشی و پەژارەکانی ژیانی

خۆی، شاعیرەکەیش دژی ئەم دیدە دەبێتەوە. شاعیرەکە هەندێک جار لە گومان و دانایی و بڕواوە دەڕوانێتە بوونی خوا، زۆرجار هەست و هۆشێکی قووڵ و ڕامان و تێفکرینێکی بەرزی هەیە، بەڵام دوای چەند ساتێک بزر دەبێت، هەروەک خۆی دەڵێت: (نەء! من زۆرجار خاوەن دڵنیایی بووم، بەڵام دوای سەردەمێک ئەو دڵنیاییە نەما، وەک خەونێک کاتێک کە مرۆڤ بێدار دەبێتەوە!)

کچەکەیش دەکرێت وەک وێنەیەکی هاوشێوەی بەسەرهاتەکانی هەزار و یەک شەوە بخوێنرێتەوە، ستریندبێرگ خۆیشی لەم شرۆڤەیە نزیک بۆتەوە و لە دیمەنەخەونێکدا ئەو لێکچوونە دەخاتەڕوو: هارونە ڕەشید، خەلیفەی بەغدا، کە لە بەرگی کەسێکی ئاساییدا خۆی دەگۆڕێت و دەچێتە ناو خەڵکییەوە تا بزانێت چۆنچۆنی پەیڕەوی یاساکانی دەکەن. چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوەیش بە ستریندبێرگ نامۆ نەبووە و هەر لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا خوێندویەتییەوە و کاریگەرییان بەسەرییەوە هەبووە، لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیشیدا شانۆنامەی (کەوشەکانی ئەبو قاسم) ١٩٠٨ هەر لە ژێر هەژموون و کاریگەری ئەم حەکایەتگەلەدا نووسیووە. لە هەمان کاتدا

شاعیرەکە داوای لێدەکات باسی ئەو نایەکسانییانەی بۆ بکات، کە لە سەفەرەکەیدا بینیویەتی.

**کچەکە:**

وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان زۆر قورسە، چونکە چەندان شت هەن کە پێشبینی ناکرێن...

**شاعیر:**

خەلیفە هارونە ڕەشیدیش* هەر وای دەبینی! بێجووڵە لەسەر عەرشەکەی دادەنیشت و قەت لەو سەرەوە تەماشای نەدەکرد کە لە خوارەوە چ باسە! دواجار دادوبێدادی خەڵک گەییە گوێ بەرزەکانی. ئەوسا لە ڕۆژێکی خۆشدا هاتە خوارەوە، بەشێوەیەک کە نەناسرێتەوە، خۆی گۆڕی و بێ سرتە خۆی کرد بەنێو حەشاماتی خەڵکدا تا بزانێ وەزعی عەدالەت چۆنە.

**کچەکە:**

هەڵبەت خۆ پێتانوانییە کە من هارونە ڕەشید بم؟



---

* kalifen, Harun Den Rättrådige خەلیفە هارون ئەلڕەشید ٧٦٦-٨٠٩ لە ساڵی ٧٨٦دا بووەتە خەلیفەی بەغدا، لە حەکایەتگەلی (هەزار و یەک شەو) دا، باس لەم خەلیفەیە دەکرێت، کە چۆن خۆی لە بەرگی بازرگانێکدا دەگۆڕێت و دەچێتە ناو خەڵکی بەغدا تا لە ژیان و گوزەرانیان ئاگاداربێت.

کچەکە چارەسەری مەتەڵە گەورەکە، نهێنییەکانی ژیان دەکات: ژیان وێنەیەکی خەونە (خەونە وێنەیەکە) شاعیرەکەیش دەیەوێت کچەکە وەڵامی نهێنییەکانی ژیانی بداتەوە، دەیەوێت بەهۆی پرسیارێکی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێتییەوە لە کچەکە بگات، شاعیرەکە دەیەوێت بزانێت، کە کچەکە لەسەر زەوی زیاتر بە چی ئازاری چەشتووە، کچەکەیش دەڵێت ئەوەی، کە هەبم، واتە بوونی ئەو لەسەر زەوی و لەناو مرۆڤدا ئازاراوی بووە: (من هەموو عەزابەکانی ئێوەم چەشتووە)

**شاعیر:**

کەواتە بەرلەوەی بڕۆیت ... پێم بڵێ: لە خوارەوە، چ شتێک لەهەموو شتەکانی تر زیاتر ئازاری دایت؟

**کچەکە:**

شتێکی وەک ئەوەی ... کە هەبم، ئەوەی کە هەست بکەم چاوێک ڕوانینمی لاواز کردووە، کە گوێیەک بیستنمی تەمبەڵ کردووە، ئەوەی کە ئەندێشەم، ئەندێشە بەرئاوەڵە و ڕووناکەکەم لە پێچاوپێچی چەورایی ئەقڵدا شەتەک بدرێ. هەڵبەت تۆ مێشکێکت بینیوە... چ ڕێگەگەلێکی پێچاوپێچ ... چ ڕێگەگەلێکی خشۆکیی...

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

له کۆتایی شانۆنامەکەدا کچەکە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت، کە پەیامی شاعیرەکە لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ ئیندرای خواوەند، بەڵام بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، پیڵاوەکانی دادەکەنێت و فڕێی دەداتە نێو ئاگرەکەوە، کچەکە دەیەوێت بەمە هەموو وەهمەکانی سەر زەوی بسوتێنێت و بەم شێوەیەیش هەموو پێوەندییەکانی بە جیهانی سەر زەوییەوە نەمێنێت. دوای ئەوە و لە هەمان کات و بەپێی هەمان ڕیتواڵ کارەکتەرەکانی تریش شتە تایبەتمەندەکانی خۆیان فڕێ دەدەن: ژنە دەرگاوانەکە، شاڵەکەی، ئەفسەر، گوڵەکانی دەستی، پۆستەرهەڵواسەرەکە، پۆستەرەکانی، وەستای شووشە، ئەڵماسەکەی، پارێزەر، پرۆتۆکۆڵی دادگاییەکەی... هتد. بەم شێوەیەیش کارەکتەرەکان وەهمەکانی خۆیان، وەهمە زەمینییەکانیان فڕێدەدەنە نێو ئەو ئاگرەوە، کە ئەگنێس، کچەکەی خودا خۆی بەو ئاگرە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاسمان. کە کچەکە دەچێتە کۆشکەکەوە، هێماگەلێکە بۆ ڕزگاربوون لە وەهمەکان و ئەمەیش یەکێکە لە وانە گرینگەکان و پەیامە سەرەکییەکەی دیانەتی هیندۆیستەکانیش.

**کچەکە:**

ماڵئاواییمان بەڕێوەیە و کۆتایی نزیک دەبێتەوە

خوداحافیز ئەی زارۆکی ئینسان، ئەی خەونبین

خوداحافیز تۆ ئەی شاعیر کە باشترین ژیان دەژی
بە باڵی شەکاوەوە بەسەر ئەرزدا دەسووڕێتەوە
جار بەجار لە خۆڵدا غەرق دەبێ
تا ئەوەی کە بە ئەسپایی بەری کەوتووە، پێیەوە
نەنووسێت

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

زمانە وێنەییەکەی (خەونەنمایشێک) نەک هەر لەم دیمەنانەدا، بەڵکو تێکڕای ستراکتوری دەقەکە پێک دەهێنێت و هیچ درامایەکی تری ستریندبێرگ هێندەی (خەونەنمایشێک) بە وێنە و میتافۆری بینین دەوڵەمەند نییە، بەبێ هیچ دوو دڵی و گومانێک وا لە خوێنەر و بینەرەکانی دەکات، کە وێنای خەونێک بکەن؛ ژیان وەک خەونێک. بەم شێوەیە (خەونەنمایشێک) بەرجەستەکردنی خەونێک نییە، بەڵکوو هەموو ژیانە، کە وەک خەونێک وێنا کراوە. لەم وێنە لێکچووەی خەوندا، گرینگترین فۆرمە مۆدێرنەکانی شانۆ و دراما خوڵقاوە.

# بەشی شەشەم

# ئەفسون و هێماگەلی "دەرگا"

لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دا چەندان هێماگەلی بەهێز هەن و ئەم هێمایانەیش یەکتر تەواو دەکەن و پێکەوە وێنەیەکی گشتگیر و سەراپاگیر لە ستراکتوری دەقەکە دا دەخولقێنن: کۆشک، شانۆ، ئەشکەوت و دەرگا داخراوەکە بەشێکن لەو هێماگەلانە. لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر هەندێک لە نهێنییەکانی هێماگەلی دەرگاکە.

یەکێک لە ناوەندە گرینگ و سمبۆلە ئاشکراکانی (خەونەنمایشێک) بوونی دەرگایەکی داخراوە، ئەم دەرگایەیش بە درێژایی شانۆنامەکە دەبێتە جێگای سەرنج و هەموو کەسایەتییەکان لە تێڕامانێکی بەردەوامدان، کە چ شتێک لە پشتی ئەو دەرگایەوەیە.

لە پشت ئەو دەرگایەوە چارەسەری کێشەکانی گەردوون و وەڵامی نهێنییەکانی ژیان خۆی شاردۆتەوە؛ دەرگاکە بکرێتەوە یان نەکرێتەوە. لەوانەیە لەپشت دەرگاکەوە

ڕاستییە دڵتەزێنەکان، خەتەرناکەکان، جیهانە نادیار و شاراوەکان، شتە قەدەخەکراوەکان و نەزانراوەکان خۆیان حەشار دابێت، لەبەرئەوە ڕەنگە هەموو کەسێک نەیەوێت، کە ئەو دەرگایە بکرێتەوە. لە هەموو ڕەوشەکاندا، دەرگاکە دەروازەیەکە بۆ شتێکی کەسێنی و خودگەرا، ژوورێکی نهێنیئامێز. دەرگا پڕ لە ڕاز و نهێنییەکە ئەم ژیانە لەوەی، کە دواتر دێت جیا دەکاتەوە. لەم ژیانەدا گەڕان بەدوای بەختییاریدا، ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە پەژارە و ئازار و ژان مانای ژیانە. ئەفسەرەکە لەخۆی دەپرسێت، کە شتێک لە پشت دەرگاکەوە هەیە، ئەویش ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەر خودایەک هەبێت؟ هەروەها ماناکانی ژیانیش لەم گێژاوی نهێنییانەدا ئامادەبوونێکی بەهێزیان هەیە.

چی لە پشت دەرگاکەوەیە؟ چاوەڕوانییەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و هەڵکشانی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا گەورە دەبێت، بەشێوەیەک لە ئەنجامدا ئەو چاوەڕوانییانە دەگاتە ئاستێکی بەرز و لە هەمان کاتدا جیاواز و نامۆ. کردنەوەی دەرگاکە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی گەردوونە و وەڵامیش بۆ ئاشکراکردنی نهێنی و هەڵهێنانی مەتەڵێکی وەها گەورە تەنها یەک شتە: عەدەم. ئێمە هەر لە سەرەتاوە لای ستریندبێرگ لە خەوندایین، کە دەرگا

داخراوەکەیش لە کۆتاییدا دەکرێتەوە، خەونەکەیش تەواو دەبێت.

ستریندبێرگ لە یەکی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠١دا، ئەو کاتە بە تەواوی لە نووسینی شانۆنامەکەی بووبووەوە، لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی، کە ڕوونکردنەوەیەکی گرینگی سەبارەت بە خەونەنمایشەکەی لە کتێبێکدا دەبارەی ئاینی هیندویزم دۆزیوەتەوە: (نهینی دەرگاکە، هیچ، عەدەمە) مەتەڵی جیهان لە هیچدا دەدۆزێتەوە، ئەمەیش خوێندنەوە و بۆچوونی تر و جیاواز دەخولقێنێت. دەرگاکە وەهمێکە بۆ بەختیاری مرۆڤ، بۆ نموونە (ڤیکتۆریا)، کە وشەکە جگە لە ناو، مانای "سەرکەوتن" دەگەیەنێت و کارەکتەری "ئەفسەرەکە" بە درێژایی شانۆییەکە لەبەردەمی دەگاکەدا چاوەڕوانی دەکات، هەرگیز لەم دەرگایەوە نایەتە دەرەوە. ئەم دەرگایە چەندە وەهمە، هێندەیش هێماگەلی ڕێگایەکە بەرەو دینایەکی رۆحیی، ڕۆح نەبینراوە و شتێکی ماتریالی نییە، بڕوا بوون نادیارە و شتێک نییە بەچاو ببینرێت، یان بە دەست بگیرێت. لە پشت دەگاکەوە ئەو دنیا ڕۆحییە بڕوا بوون دەبەخشێت بە بوونی مرۆڤ؛ لەبەر ئەوە هیچ شتێکی بینراو لە پشت دەرگاوە نییە و نابینرێت.

خەونبینەکان دەستنیشانی ئەوە دەکەن، کە دەرگاکە بەرەو کوێمان دەبات و نهێنییەکانیش لە چاوی ئەو کەسانەدایە، کە چاودێری شتەکان دەکەن. کاتێک ئەفسەرەکە خەون بە منداڵی خۆیەوە دەبینێت، دەرگاکە لە دۆلابێکدایە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبێکی دڕاوی تێدا شاردۆتەوە، لەدوای ساتێکی تر خەبەری دەبێتەوە لە چاوەڕوانی ژنێکدایە، کە هەرگیز نایەت، دەرگاکەیشی (دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجاو پێنج) جار دیوە، بەبێ ئەوەی لەوە بگات، کە چ نهێنییەکی لەخۆیدا حەشار دابێت.

**ئەفسەرەکە:**

حەوت ساڵە من بیرەدا دێم و دەچم! حەوت زەربی سێ سەد و شەست و پێنج دەکاتە دوو هەزار و پێنج سەد و پێنج! ***(ڕادەوەستێ و پەنجە دەخاتە سەر دەرگاکە کە گوڵە چوار پەڕەکەی پێوەیە)*** دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجا و پێنج کەڕەت تەماشای ئەم دەرگایەم کردووە بەبێ ئەوەی توانیبێتم حاڵی بم لەوەی کە ئاخۆ دەچێتەوە سەر کوێ! ئەم گوڵە چوار پەڕەیش کە بۆ ڕووناکی دەکەوێتە سەر پشت... ئەدی دەبێ بۆ کێ، ڕێگە بداتە ڕووناکی بێتە ژووری؟ ئاخۆ کەسێک هەیە لە ناوەوە؟ ئاخۆ کەسێک لەوێ دەژی؟

**ژنە دەرگەوان:**

نازانم! من قەت نەمدیوە بکرێتەوە.

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

دەرگاکە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر دەگۆڕێت، ماناکانی، ناواخنەکەی و تەنانەت شێوازەکانیشی، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆ نموونە دەبێتە دەرگای ژووری جلوبەرگ، بۆ ئەوانەیشی، کە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا بەندکراون، دەبێتە قوفڵی بەندیخانە، بۆ پارێزەرەکە دەبێتە ئەو دەرگایەی، کە شکاتەکانی لە پشتەوە شاردۆتەوە، بەڵام لەلای کچەکە پاڵەوانێک لەپشت ئەو دەرگایەوە بەندکراوە و پێویستە لەپشت دەروازەی دەرگای کۆشکەکەوە ئازاد بکرێت.

(خەونەنمایشێک) لە یەک کاتدا و لەسەر چەندان ئاستی جیاواز، ڕاستی و واقیع و شیعرێکی خەیاڵئامێزە، ئەو کۆشکەی گەورە دەبێت و هەڵدەکشێت، ئەو گەشتەی لە ئاسمانەوە دەستپێدەکات و شوێن و کات تێکەڵاو دەکات، وەک ڕاستییەکی ڕەها دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا ژیانی ڕۆژانە و ڕاستی و واقیع، مەودا و سۆنگەیەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لەخۆ دەگرێت.

بینەران ڕووداوەکان لەیەک کاتدا وەک خەون، فەنتازیا و واقیع دەبینێت. خەونەنمایشێک گەمەی وێنەکانە، دەرگاکەیش بینەران لە یەکەم وێنەی ئەو گەشتەوە دەبات تا دوا وێنەکان. دەرگاکە دەرگایە، سینۆگرافیایەکی کۆنکرێتییە، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی میتافۆریشە، دەرگاکە بەڕووی بێئاگایی، جیهانە تاریک و نادیارەکاندا دادەخرێت، بەخەبەرهاتنەوەیش مەرگە!

لە ڕارەوی شانۆکەدا، خەڵکانێکی زۆر لە چاوەڕوانیدان، ئەفسەرەکە لە چاوەڕوانی ڤیکتۆریا دایە، دەرگاوانەکە چاوەڕوانی دەزگیرانەکەی دەکات، هەموو لەوێدا چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکەن. خوێندنەوە میتۆلۆژییەکانیش بۆ ئەم ڕارەوی شانۆیە، هێماگەلێکە بۆ دەروازەی ژێرزەمین، بۆ جیهانێکی شاراوە و نادیار، کە لەوێدا نهێنییەک خۆی حەشار داوە.

لە کۆتاییشدا، کە دەرگاکە دەکرێتەوە، هیچ شتێک لە پشت ئەو دەرگایەوە لە عەدەم، لە (هیچ) زیاتر نابینین، سەرلەنوێ لێرەدا، دەرگاکە دەبێتەوە بە هێماگەلێکی نوێ، ئەمەیش گوزارشتێکە لە بیروبۆچوونە بودیست و ڕەشبینییە فەلسەفییەکانی ستریندبێرگ. لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکیشە بۆ خوێنەر و بینەران تا خۆیان بەدوای

فەلسەفە نادیار و شاراوەکانی پشت ئەو دەرگایەدا بگەڕێن. لە ئەنجامدا دەگەڕێنەوە بەردەمی ڕاڕەوی شانۆ و خەڵکەکە کۆدەبنەوە و چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکەن، چونکە چارەسەری مەتەڵی جیهان لەپشت دەرگاکەوەیە، بەڵام کەس دڵخۆش نییە، کە دەرگاکە دەکرێتەوە و وەڵامی مەتەڵەکەیش بریتییە لە: هیچ. کردنەوەی دەرگاکەیش لەلایەن (وەستای شووشە)ەوە، بە ئەڵماسەکەی دەستی، هێماگەلێکی بەهێزە بۆ ڕووناکی، ڕووناکیش لە میتۆلۆژیایی هیندی و لای بودییەکان، ئاماژەی دەرکەوتنی "ڕاستییە"، هاوکات ڕزگاربوونە لە هێزە شەڕخوازەکانی دنیا.

دوای ئەوەی دەرگاکە دەکرێتەوە، نوێنەرانی زانست و ئاین: وەزیری داد، سەرۆکی کۆلێژەکانی ئایناسی، فەلسەفە، پزیشکی و مافناسی دەکەونە گفتوگۆ و ئەوەیش دووپات دەکەنەوە، کە لە پشت دەرگاکەوە هیچ شتێک بوونی نییە. هاوکات ئایناسەکە بەم بەرەنجامە توشی هیچ حەپەسانێک نابێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە: (هیچ! ئەمە هەڵهێنانی مەتەڵی جیهانە! خودا لە سەرەتادا لە هیچەوە ئاسمان و ئەرزی خولقاند) بەڵام ڕاست بیرکەوەرەکان: مافناس، پزیشک و وەزیری داد هەموو مەسەلەکە بە هەڵخەڵەتاندن

ناوزەد دەکەن و وەزیری داد داوای ڕوونکردنەوەیەک دەکات، کچەکەیش وەڵامییان دەداتەوە.

**وەزیری داد:**

کچەکە حەز دەکا بفەرموی پێمان بڵێ مەبەستی لەم دەرگا کردنەوەیە چی بوو؟

**کچەکە:**

نەء، هاوڕێیانی میهرەبان! گەر بیڵێم باوەڕم پێ ناکەن!

**پزیشک:**

هەڵبەت هیچە!

**کچەکە:**

تۆ زانیت! بەڵام تێی نەگەیشتوویت!

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

ئەم نوێنەرانە بەبێ ئەوەی نهێنی پشت دەرگاکە بزانن، بەبێ ئەوەی لە پەیامی کچەکە بگەن و بەبێ ئەوەی لە

گەوهەری دەرگاکە نزیک ببنەوە، بڕیاری ئەوە دەدەن، کە هیچ شتێک لە پشت ئەو دەرگایەوە بوونی نییە. لەم ڕووەوە، هەندێک لە پسپۆڕان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم نوێنەرانە نهێنی پشت دەرگاکە نابینن، لەبەر ئەوەی روخسارىان، چاوەکانییان و سیمایان بە سەرپۆشەکەی (مایە) داپۆشراوە؛ ئەوان ناتوانن لەوە بگەن، کە لە پشت شتە نەبینراوەکانەوە شتێکی تر هەیە. بەڵام کچەکە ئەو کەسەیە، نهێنییەکان دەبینێت و دەتوانێت نەبینراوەکانی پشت شتەکان ببینێت.

ئەگنێس لەسەر زەوی و لەم دەروازەیەوە دەگاتە ئاستێکی تری ڕاستییەکان و بە چاوێکی ترەوە مەتەڵەکەی گەردوون دەبینێت: لە سەرەتادا هەر زوو لەوە حاڵی دەبێت، کە مرۆڤ شایانی بەزەییە، وەک هاوسۆزی و هاوخەمییەک لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی، لە کۆتایدا و بە دەرگاکردنەوەکەیش دەگاتە ئەو ڕاستییەی، کە گەردوونیش هیچە، بەتاڵە یان بۆشە و لە پشت دەرگاکەوە هیچ شتێک نییە.

دەرگاکە بۆ ستریندبێرگ مۆتیڤێکی واقیعی هەبووە و یەکێک بووە لە دەرگاکانی نێو ڕاڕەوەکانی شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم، ستریندبێرگ زۆرجار بە ڕامانەوە

لێیڕوانیوە و پرسیاری ئەوەی لە خۆی کردووە، کە ئاخۆ ئەو دەرگایە بچێتەوە سەر کوێ و بۆ کوێ بچێت. لەم دەقە خەونەنمایشیەدا دەبێتە ئەو دەرگا ئەفسونییەی، کە ڕاز و نهێنییەکانی دنیای لە پشتەوە شاردۆتەوە. (هارییەت بۆسە) چەندان ساڵ دوای مردنی ستریندبێرگ لە چاوپێکەوتنێکدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە ڕارەوی خانووبەرە کۆنەکەی دراماتن (شانۆی پادشایەتی) دا، جۆرە دەرگایەکی لەو شێوەیە هەبووە، کە ستریندبێرگ لە (خەونەنمایشێک) دا بەکاریهێناوە؛ ستریندبێرگ لە کاتی چاوەڕوانیکردنی هارییەت بۆسە-دا، هەمیشە سەیری ئەو دەرگایەی کردووە و بیری کردۆتەوە و گوتویەتی، دەبێت چ شتێک لە پشت ئەوە دەرگایەوە بێت.

لەم ڕەوشە هەمەچەشن و پڕ لە جیاوازییەدا، تەنها شاعیرەکە دەیەوێت گوێ لە کچەکە بگرێت. دیمەنەکە دەگۆڕێت بۆ بەردەمی کۆشکەکە، هەموو شتێکیش هەر لێرەوە دەستپێکرد و هەر لێرەیشدا کۆتایی دێت؛ ئەگنێس/کچەکە بە یارمەتی ئاگر دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

**شاعیر:**

باوەڕ بە تۆ دەکەم، چونکە دەزانم تۆ کێیت!

**کچەکە:**

ئێ باشە، پێت دەڵێم!

لە بەرایی دونیادا بەرلەوەی هەتاو بکەوێت، براما، هێزی مەزنی خودایی، ڕۆیشت تا مایای دایکی دونیا بۆ زاووزێ فریو بدا. ئەم بەریەککەوتنەی توخمی خودایی لەگەڵ توخمی ئەرزیدا، گوناهی مەزن بوو، بەم شێوەیە دونیا و ژیان و خەڵک تەنها تارماییەکن، سەرابێکن، خەونەوێنەیەکن.

**شاعیر:**

خەونی من!

**کچەکە:**

خەونێکی ڕاستی، بەڵام بۆ ڕزگاربوون لە توخمی ئەرزیی، نەوەکانی براما بەدوای بیدرێخیی و عەزابدا دەگەڕێن، لەوێدا عەزاب وەک ڕزگارکارە، بەڵام ئەم تامەزرۆبوونە بۆ عەزاب لەگەڵ حەزی لەزەتکردن یان خۆشەویستیدا دژ دەوەستێتەوە، ئێستا لە مانای خۆشەویستی تێگەیشتیت...

ئەمەیش ئەو ئەنجامەیە، کە کچەکە لەسەر زەوی بە دەستی دەهێنێت و لێی تێ دەگات؛ ئێمە لە دنیایەکدا دەژین، کە لە لێنەبووردەیی و دژەکان پێک هاتووە: ململانێیەک لەنێوان ئازاری "چێژ" و مەینەتییەکانی چێژ، ململانێی نێوان شتە پێچەوانەکان، کە هێز بەرهەم دەهێنێت، هەروەک چۆن ئاگر و ئاو وزە و هێزی هەڵم دروست دەکەن.

کچەکەماڵئاوایی لە شاعیرەکە دەکات و دەچێتە کۆشکەکەوە. (مۆسیقا دەبیستریت! پاشینەی شانۆ کۆشکە سووتاوەکە ڕووناک دەکاتەوە و ئێستا یەک دیوار لە ڕوخساری پڕ پرسیارکەرانە و خەمبارانە و بەدگومانانەی مرۆڤ وەدیار دەکەوێت، کاتێ کۆشکەکە دەسووتێت خونچەی گوڵەکە لەسەر سەربانەکە، دەپشکوێ و دەبێتە گوڵە بەیبوونێکی زەبەلاح). شاعیرەکە، لە کاتێکدا کچەکە دەچێتە ناو کۆشک و ئاگرەکەوە، لێرەدا وەستاوە و وەکوو تەنها بینەری دەقێکی/نەمایشێکی خەونەئامێز، لە دەقێکدا تەماشای دەکات.

کەسایەتییەکان و هیواکانیان لە چاوەڕوانییەکی ئەبەدیدان بۆ بەدەستهێنانی شتێکی باشتر. دوا هیوایش، کە

دەمێنێتەوە و مرۆڤ چاوەڕوانی دەکات، ئەو هیوایەیە، کە ژیان تەنها خەونێکی بە ئازارە و مردنیش مانای بە خەبەربوونەوە بۆ ژیانێکی باشتر دەگەیەنێت.

# بەشی حەوتەم

# سمبۆلە فرەمەوداکان

(خەونەنمایشێک) ئێجگار دەوڵەمەندە بە سمبۆل و ستریندبێرگ لە دیدێکی قووڵی فەلسەفی و میتۆلۆژییەوە خەونەکەی چنییوە؛ لەبەر ئەوە دەقەکە شرۆڤە و خوێندنەوە و شیکردنەوەی جودا و فراوان لەخۆ دەگرێت، شرۆڤە بۆ ئەم دەقەیش گرینگ و پێویستە، لەبەر ئەوەی (خەونەنمایشێک) دەوڵەمەندە و بەبێ خوێندنەوە و کردنەوەی کۆد و شیکردنەوەی سمبۆلەکان خوێنەر و بینەر و شانۆکار، زۆر شتییان لێ ون دەبێت و ئەو بنەما و ئاستە جیاوازانەمان بۆ ئاشکرا نابێت، کە دەقەکە لەنێو سمبۆل و مانا جیاوازەکاندا هەیەتی. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین، زیاتر لە چەمکی سمبۆل و کارکردن لەسەر مانا جیاوازەکان و ئەو ستراکتورە دەوڵەمەندەی دەقەکە هەیەتی کار بکەین و زیاتر لە شیکردنەوەی (خەونەنمایشێک)دا قووڵ ببینەوە.

کچەکە، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، لەسەر زەوی ڕۆڵی کۆمەڵێک ئافرەت دەبینێت، کچ، دایک، ژنی

خاوەن ماڵ و منداڵ و هەروەها خوشک؛ لەگەڵ هەریەک لەو پیاوانەیشدا و لەسەر چەندان ئاستی جیاواز، کە دەیانبینێت، پێوەندییەکی تایبەتی دروست دەکات، پیاوەکانیش: وەستای شووشە، ئەفسەرەکە، پارێزەر و شاعیرەکەن. وەستای شووشە دەبێتە باوکی سەر زەمین بۆ کچەکە، دەبێتە دایکی ئەفسەرەکە، شوو بە پارێزەرەکە دەکات و منداڵی لێ دەبێت، دەشبێت بە خوشکی شاعیرەکە.

کە، ئەگنێس هاوسەرگیری لەگەڵ پارێزەرەکە دەکات و منداڵێکی لێ دەبێت، دەبێتە سمبۆلێک بۆ ژنێکی مێرددار و دایک، کە ئەرکی تایبەتی بەرامبەر بە مێرد و منداڵەکەی هەیە، ئەگنێس هێزی ژنیەتی خۆی بە هۆی منداڵبوون و وەچەخستنەکەیەوە بەدەست دەهێنێت. بەڵام لەگەڵ شاعیرەکە، کە دەبێتە سمبۆلی خوشک و برا، باسی مەتەڵەکانی دنیا دەکەن.

**کچەکە:**

ئێ باشە، پێت دەڵێم!

لە بەرایی دنیادا بەر لەوەی هەتاو بکەوێت، براما، هێزی مەزنی خوایی، ڕۆیشت تا مایای دایکی دنیا بۆ زاووزێ فریو بدا. ئەم بەریەک کەوتنەی توخمی خوایی لەگەڵ توخمی ئەرزییدا، گوناهی مەزن بوو. بەم شێوەیە دنیا و

ژیان و خەڵک تەنیا تارمایییەکن، سەرابێکن، خەونەوێنەیەکن.

**شاعیر:**

خەونی من!

**کچەکە:**

خەونێکی ڕاستی، بەڵام بۆ ڕزگاربوون لە توخمی ئەرزیی، نەوەکانی براما بەدوای بێدرێخیی و عەزابدا دەگەڕێن، لەوێدا عەزاب وەک ڕزگارکارە، بەڵام ئەم تامەزرۆبوونە بۆ عەزاب لەگەڵ حەزی لەزەتکردن یان خۆشەویستیدا دژ دەوەستێتەوە، ئێستا لە مانای خۆشەویستی تێگەیشتیت، خۆشەویستیی، بڵندترین شادمانییەکان لە گەورەترین عەزابەکاندا، خۆشترین شت لە تاڵترینا! ئێستا حاڵی بوویت ژن چییە؟ حاڵی بوویت کە ژن، لەمیانەی چ گوناه و مردنێکەوە خۆی بەژیاندا دەکات؟

**شاعیر:**

حاڵی بووم! ئەی دوایی...؟

**کچەکە:**

ئیتر تۆ خۆت ئەوە دەزانیت، شەڕ لەنێوان لەزەتی ئازار و عەزابی لەزەتدا، سارێژکەری خەم و خۆشیی لەزەت.

**شاعیر:**

واتە شەڕ؟

**کچەکە:**

شەڕ لەنێوان دژەکاندا هێز بەرهەم دەهێنێ، وەک ئاگر و ئاو کە هێزی هەڵم دروست دەکەن.

**شاعیر:**

بەڵام ئەدی ئاشتی؟ ئاسوودەیی؟

**کچەکە:**

بێدەنگ، تۆ ئیتر بۆت نییە لەوە زیاتر پرسیار بکەیت و منیش بۆم نییە وەڵام بدەمەوە! ئەڵتارەکە بۆ قوربانییەکە ڕازێنراوەتەوە، گوڵەکان پاسەوانیی دەکەن، چراکان هەڵکراون، سەرچەفە سپییەکان بە پەنجەرەکانەوەن، چقڵی سنەوبەر لەبەر دەرگەکەیە.

کچەکە لەسەر ئاستێکی رۆحیی ژیانی خۆی لەگەڵ ژیانی شاعیرەکە تێکەڵاو دەکات، ئەوان پێکەوە باسی نهێنییەکانی دنیا دەکەن و دەبنە سمبۆلێک لەنێوان دنیای پیاو و دنیای ژن دا: پیاوبوون و ژنبوون. ئەم سەمبۆلەیش لە گۆرانی شەپۆڵەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە ئەگنێس لە ئەشکەوتی فینگال-دا دەیچڕێت:

**کچەکە:**

تەڕین، سوێرین

وەک بڵێسەی ئاگرین

ئێمە بڵێسەی تەڕین

کوژێنەرەوەین، سووتێنەرین

پاککەرەوەین، شۆرەروەین

ئەفرێنەرین، منداڵخەرەوەین

ئێمە، ئێمە، شەپۆلەکانین

بۆ ئەوەی باکان بحەوێنەوە

ڕایان دەژەنین.

## شانۆنامەی خەونەنمایشێک

ئاویش لێرەدا سمبۆلی ئافرەتە و ئاگریش سمبۆلی پیاوە، ئەمەیش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بۆچی پێوەندییەکانی کچەکە بە شاعیرەکەوە، بە جیاوازی لە پارێزەرەکەوە، هیچ چەمکێکی سێکسوالیتێت لەخۆ ناگرێت، بەڵکو زیاتر ئاماژەیەکە بۆ پێوەندییەکی رۆحی نێوان کچەکە و شاعیرەکە.

شاعیرەکە گوزارشت لە هونەریش دەکات، ئەو هێزەی هونەر و ئەدەب هەیانە، کە دەتوانێت شتەکان زیاتر لە کەسە ئاساییەکان ببینێت و توانای بینینی ئەودیو شتەکانیی هەبێت، کە ئەوانیتر ئەو توانای بینینەیان نییە، ئەمەیش لەسەر ئەو بنەمایەوە ڕاڤەی بۆ دەکرێت، کە شاعیرەکە نە لەژێر کاریگەری شتە ماتریالییەکاندایە و نە پابەندە بە "ئێستاوە"، وەک چەمکێکی فەلسەفی و وەک مامەڵەیەکیش لەگەڵ چەمکە جوداکانی کات-دا.

هەر سێ کارەکتەرە پیاوەکە: ئەفسەرەکە (هێزی شەڕ و جەنگاوەر)، پارێزەرەکە (یەکسانی و یاساکان و داکۆکی کردن لە مافەکانی خەڵکی) و شاعیرەکە (خولقێنەر) بەو مانایەی ئەو شاعیرە و خولقێنەری دنیا تایبەتە رۆحییەکەی

خۆیەتی، کە نادیارەکان دەبینێت و لە دنیا رۆحییەکەی کچەکەوە نزیکترە، پێکەوە دژە-هێزێک یان سێینەیەکی جودا لەگەڵ کچەکە پێک دەهێنن.

ئەفسەرەکە،

کۆشك و هێزی ئاگر

که ئەگنێس، بۆ یەکەمجار ئەفسەرەکە لە کۆشکەکەدا دەبینێت بەندکراوە، دەیەوێت ڕزگاری بکات، بەڵام ئەفسەرەکە خۆی نازانێت چی دەوێت و توانای ئەوەی نییە هیچ هەنگاوێک بنێت، ئەمەیش سمبۆلێکە بۆ هەست نەکردن لە بەرپرسیارێتی ئەفسەرەکە، کە ئەو نایەوێت گەورە بێت.

**کچەکە:**

کۆشکەکە قاییمە. حەوت دیواری هەیە، بەڵام دەبێت دەرەقەت بێین، دەتەوێ یان ناتەوێ؟

**ئەفسەرەکە:**

ڕاستیت دەوێ نازانم، لەبەر ئەوەی لە هەموو حاڵەتێکدا من ئازارم پێ دەگات! هەموو شادمانییەک لە ژیاندا دەبێ بە دوو بەرامبەر خەم بەهاکەی بدەین. لێرە کە دانیشتووم زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕزگاربوونە خۆشەش بکرێم، ئەوا دەبێ سێ ئەوەندەی ئەو ئازار بچێژم، ئەگنێس، من پێم باشترە لێرە بمێنمەوە، تەنیا بۆم هەبێ بتبینم!

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

هاوکات ئەفسەرەکە، لە ڕابردووی خۆیدا گیری خواردووە و ناتوانێت، وەک مرۆڤێکی گەورە و لە خەمڕەخسیو پەرچەکرداری هەبێت و هەنگاوەکانی بنێت.

زۆرجار لە زمانە سمبۆلییەکەی ستریندبێرگ-دا، تاوەر/بەندیخانە، گوزارشت لە سەردەمی منداڵی دەکەن: پاکیزەیی ڕۆحە و ڕزگاربوونیش خۆشەویستییە گەورەکەیە، هاوکات ڕۆحی و فیزیکییەکەیشە. ئەمە جگە لەوەی وێنەکان لە سمبۆلەکاندا چڕ دەبنەوە، بۆ نموونە کۆڵوانە و سەرپۆش، تۆڕ، دەبنە سمبۆلی تەونە گەورەکەی ژیان؛ سەرپۆشەکەی (مایە)، تەنانەت ژنە دەرگاوانەکە خۆی، تەونی گەردوون و دنیایە، کە زۆرجار لە خودی (مایە)دا بەرجەستە دەبێت. ئەوەی بەردەوام خەریکی چنینییەتی، ئەو دەکاتە سمبۆلی شاژنی شەو، شاژنی شەویش مانای فرەمەودای لە میتۆلۆژییە دێرینەکاندا هەیە. دواتر کچەکە دێت و شاڵەکەی ژنی دەرگاوانەکە وەردەگرێت و بەسەر شانیدا دەدات؛ بەمە، ئەویش دەبێت بە (مایە) و خواوەندی کات.

هەندێک لە لێکدانەوە میتۆلۆژییەکان، بەراوردکارییەکی کارەکتەری ئەفسەرەکە (وەک سەربازێک) لەگەڵ (شیڤا)ی خواوەندی میتۆلۆژییە هیندییەکان دەکەن. (شیڤا) لە میتۆلۆژیای هیندیدا سمبۆلی شەڕ و لەناوبردن و کوشتنە، ئەمەیش لای ئەفسەرەکە، لە شمشێرەکەی دەستیدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە سمبۆلێک بۆ شەڕ و لەناوبردن. ئەفسەرەکە، بە پیشەکەیشی، کە (ئەفسەرە) نمایندەی شەڕ دەکات.

هەندێک ڕەخنەگری فێمینیزم، کۆشکەکە وەک سمبۆلێک بۆ ئەندامی زاوزێ و منداڵدانی ژن ناوزەد دەکەن، کە هەمیشە لە گەورەبوون و گەشەدایە؛ ئەمەیش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی، کە "هارییەت بۆسە" ستریندبێرگ بەجێ دەهێڵێت، سکی پڕ بووە. ئەمەیش ئەو سمبۆلەیە بۆ ستریندبێرگ، کە "هارییەت" لەماوەی دوورکەوتنەوەیدا لەو، بەردەوام سکی بە تۆوی ئەو گەورە بووە و ئەنجامەکەیشی لەدایکبوونی منداڵەکەیان (کچەکەیان) بووە. ئافرەتێکی دووگیان پێویستی بە ئارامی و حەوانەوە لە شوێنێکدا هەیە، ئەفسەرەکەیش لەم دیدە فێمێنیزمەوە، نایەوێت کۆشکەکە بەجێ بهێڵێت، کە ئەگنێس دێت تا ڕزگاری بکات. ئەفسەرەکە لەوێدا هەست بە ئارامی دەکات، ئەم ئارامییەی

ئەفسەرەکە لە کۆشکەکەدا و لەو تەمەنەیدا، جۆرە پێوەندبوونێکە بە دایکەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە بەشێک لە ڕەخنەگرە سوێدییەکان، بوونی ئەفسەرەکە لە کۆشکەکەدا دەبەستنەوە بە گرێی ئۆدیب-ەوە. دووبارە ئەم مەسەلەیە، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەفسەرەکە لە سەردەمی منداڵی خۆیدا وەستاوە و ناتوانێت هەنگاو بەرەو گەورەبوون و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی دایک بنێت، هەر لەبەر ئەوەیشە لە تەمەنی گەورە بوونیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر کورسییەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان و قۆناخی کامڵ نەبوون و منداڵی خۆی. ئەو دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە تا بگات بە کامڵ بوون.

**ئەفسەرەکە:**

(بە ئازارەوە)

کوڕێکی زل، ئا، من زلم، زۆر زلتر لەوانی ئەوێوە، من تەواو کامڵم، من قوتابخانەم تەواو کردووە. (وەک ئەوەی وەئاگا بووبێتەوە) من دوکتۆرام پێ بەخشراوە، باشە بۆچی لێرە دانیشتووم؟ ئەدی من دوکتۆرام پێ نەبەخشراوە؟

**مامۆستا:**

بەڵێ وایە، بەڵام تۆ دەبێ دانیشیت و خۆت کامڵ بکەیت، دەبێ کامڵ بیت، وا نییە؟

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

هاوکات کۆشکەکە، کە وەک شتێک هەمیشە لە هەڵکشان و گەورەبووندایە، گوزارشتێکە لە هەڵکشان و گەورەبوونی ئەو خەم و دڵەڕاوکێیەی ستریندبێرگ، کە سەبارەت بەوەی هارییەت بۆسە وازی لێهێناوە و بەجێی هێشتووە، هەستی پێکردووە و ئەو دڵەڕاوکێیەیشی بە گەڕانەوەی هارییەت بۆسە نامێنێت، کە ئەمەیش لە کۆتاییدا، لە سووتانی کۆشکەکەدا بەرجەستە دەبێت.

ئەو سێ دیمەنەی، کە لە کۆشکەکەدا دەست پێ دەکات و لە ڕارەوی شانۆکەدا کۆتاییان دێت، ئاماژەیەکن بۆ گەشەی خەونی ئەفسەرەکە؛ ئەفسەرەکە سێ جار بۆی هەڵدەکەوێت، کە لە پەیامی کچەکە بگات – یەکەمیان ئەوەیە، کە بڕوا بە پاکیزەیی، وەک ڕزگارکەرێک بهێنێت، دووەمیشیان خۆی لە دەست دەسەڵاتە گەورەکەی دایک دەربهێنێت و سێیەمیشیان، کە خۆی پاکیزەکە ڕزگار بکات، بەڵام لە هەموو جارەکاندا شکست دەهێنێت.

# ئاگر وەك سمبۆلێك

# بۆ پاكژبوونەوە

دەکرێت ئاگر دید و مانایەکی پۆزەتیڤ و هاوکات نێگەتیڤ-یش لەخۆ بگرێت؛ ئاگر کارەسات و کاولکارییە و پاکردنەوەیشە، سمبۆلی چاکە و خراپەیە. چۆن دەکرێت سمبۆلی ئاگری دۆزەخ بێت، ئاوایش ئامڕازێک بێت بۆ گەیشتن بە ئاسمان. ئاگر دەبێتە سمبۆلی ڕاستی و زانیاری و هێزێکی نادیاری پیرۆز، چونکە ئاگر توانای سووتانی درۆ و نەزانین و شتە پیسەکانیشی هەیە.

لە (خەونەنمایشێک)دا ئاگر تەنها ئامڕاز و سمبۆلێکی پۆزەتیڤی هەیە. ئەگنێس لە ڕێگای ئاگرەکەوە بۆ لای ئیندرای خواوەندی باوکی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، هەرچۆن لە ئاینی هیندیدا، ئەو کەسەی دەمرێت، جەستەکەی دەسووتێنن، تا مردووەکە بگات بە بەهەشت.

ئاگر بە مەبەستی پاکژکردنەوە بەکاردەهێنرێت، تا مرۆڤ لە گوناهەکانی پاک ببێتەوە. کە ئەگنێس پێڵاوەکانی دەخاتە

ناو ئاگرەکەوە، سمبۆلێکە بۆ بەجێهێشتنی ژیانی سەر زەمین و گەڕانەوە بۆ لای خواوەندەکان. دوای ئەو، دەرگاوانەکە شاڵەکەی سەر شانی فڕێ دەداتە ناو ئاگرەکەوە، ئەمەیش بە ئاشکرا سمبۆلی پاکژبوونەوەیە؛ ئەگەر ئەم شاڵە بە سەرپۆشەکەی (مایە)یش ناوزەد بکرێت، مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە چاوی مرۆڤ بۆ ڕاستییەکانی ژیان دەکرێتەوە.

**کچەکە:**

من ئێستا یەکەم جار تۆز و خۆڵ و قوڕ لە پێ و پلم دەپروێنم.

(پێڵاوەکانی دادەکەنێ و دەیخاتە نێو ئاگرەکەوە)

.....

**ژنە دەرگەوان:**

(دێتە ژوورەوە، شاڵەکەی دەخاتە نێو ئاگرەکەوە)

ڕەنگە منیش بۆم هەبێ شاڵەکەم بسووتێنم؟

(دەچێتە دەرەوە)

**ئەفسەرەکە:**

منیش گوڵە باخەکانم کە تەنیا دڕکەکانی ماون.

(دەچێتە دەرەوە)

**پۆستەرچی:**

(دێتە ژوورەوە)

با پۆستەرەکان بڕۆن، بەڵام تۆڕەکە هەرگیز!

**وەستای شووشە:**

(دێتە ژوورەوە)

ئەی ئەڵماسەکە کە دەرگەکەت کردەوە، خواحافیز.

(دەچێتە دەرەوە)

**پارێزەر:**

(دێتە ژوورەوە)

پرۆتۆکۆڵی دادگاییەکە لەبارەی ڕیشی پاپا یان کەمبوونەوەی ئاوی سەرچاوەکانی ڕووباری گانگ-ەوە.

(دەچێتە دەرەوە)

**شانۆنامەی خەونەنمایشێک**

سووتانی هەموو وەهمەکان مرۆڤ ئازاد دەکات و ڕێگایان بۆ سەرلەنوێ لەدایکبوون دەکاتەوە. ئاگر لای مەسیحییەکانیش چەندان سمبۆل و ئاماژەی جودا لەخۆ دەگرێت، ئەوە لای زەردەشتییەکان مانا و سمبۆلەکان قووڵتر دەبنەوە و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئاگر و ئاگر پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە.

# پەراوێزەکان

١-ستریبێرگ، بەر لەوەی هارییەت بۆسەی ئەکتەری شۆخ و شەنگ لە ساڵی ١٩٠١دا بخوازێت، دوو ژنی تری هەبووە و لێیان جیا بۆتەوە، ئەو لەو ساتەدا تەمەنی پەنجا و دوو ساڵ و هارییەت-یش بیست و سێ ساڵ دەبێت. ستریندبێرگ و هارییەت بۆسە، لە شەشی مانگی پێنجی هەمان ساڵدا هاوسەرگیری دەکەن و دەگوێزنەوە بۆ نێو (خانووبەرە سوورەکە) لە کارلاڤێگنی ژمارە ٤٠ لە ناوچەی کارلاپلان. هارییەت بۆسە، هەر زوو، لە ٢٢ی مانگی هەشت دا ، دوای ئەوەی کێشەی گەورە دەکەوێتە نێوانیانەوە، ماڵەکە بۆ ستریندبێرگ بەجێ دەهێڵێت و تا چل شەو و ڕۆژ ناگەڕێتەوە، ئەمەیش بۆ ستریندبێرگ مانای (چل ڕۆژی پڕ لە ژان و ئازار، گرانترین ساتەکانی ژیانم) دەگەیەنێت. ستریندبێرگ لەم کاتانەدا بیر لەخۆ کوشتن

دەکاتەوە و وەسیێتنامەیەکیش دەنووسیێت، کە هارییەت بۆسە لە پێنجی مانگی ئۆکتۆبەر، دوای ئەوەی چل و چوار ڕۆژ و شەو ماڵەکەی بەجێ هێشتوە، دەگەڕێتەوە و ستریندبێرگ-یش لە نووسینی (پیاوی ڕارەوەکە)، یەکەم دەستنووسی (خەونەنمایشێک) بۆتەوە، کە لە کۆتایی مانگی نۆڤێمبەردا تەواوی دەکات.

دوای ئەوەی دەقەکە چەند ساڵێک بەبێ نەمایشکردن دەمێنێتەوە، ستریندبێرگ بیر لەوە دەکاتەوە، سەرلەنوێ ئامادەی بکاتەوە و بیکات بە مۆنۆدرامایەک، کە تەنها لە مەداری کارەکتەری کچەکەی ئیندرای خواوەند دا بسوڕێتەوە، تا هارییەت بۆسە بتوانێت بە تەنها نەمایشی بکات و بە ئاسانیش گەشتی بۆ شار و شارۆچکەکان پێ بکات.

هارییەت بۆسە لە بیست و پێنجی مانگی سێی ساڵی ١٩٠٢ دا ئاننا-مارییای دەبێت، دوای نزیکەی ساڵێکی تر، بە تەواوی بە خۆیی و کچە تازە لەدایکبووەکەیانەوە، ستریندبێرگ بەجێ دەهێڵێت و دەگوێزێتەوە بۆ شوقەیەکی سەربەخۆ.

٢-ئەگەرچی ستریندبێرگ لە ساڵی ١٩٠١دا، بە چەندان قەیرانی دەروونی سەخت و گراندا تێ پەڕیووە، بەڵام توانیویەتی حەوت شانۆنامە بنووسێت، هەر بۆ نموونە: بەشی دووەمی بەرەو دیمەشق، کارڵی چواردە، بەشی سێیەمی بەرەو دیمەشق، کریستینا و خەونەنمایشێک.

٣-شانۆنامەی خەونەنمایشێک بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی سوێدی لە ١٧ی ئەپرێلی ساڵی ١٩٠٧دا نەمایشکراوە. دوای تەواوبوونی نەمایشەکە، بینەران قایل نەبوون بچنە دەرەوە تا خودی ستریندبێرگ نەبینن، بۆ ئەم مەبەستەیش دوای چەپڵەڕێزان بە یەکەوە بە پێ کێشاویانە بە زەویەکەدا، تا لە ئەنجامدا بەرێوەبەری شانۆکە ناچار دەبێت بێتە دەرەوە و ئەوەیان پێ ڕابگەیەنێت، کە ستریندبیرگ خۆی لێرە ئامادە نییە، بەڵام پەیمانیان دەداتێ، کە بە تەلەفۆن پێوەندی پێوە بکات و ئەم داوا و کاردانەوە بەهێزەی بینەرانی بۆ بگێرێتەوە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە هارییەت بۆسە لەم نەمایشەدا ڕۆڵی ئەگنێس، کچەکەی "ئیندرا"ی خواوەندی بینیوە.

٤-(مایە) چەمکێکی میتۆلۆژی و دینییە لە دیانەتەکانی هیندۆیزم و بودیزمدا، کە چەندان مانای جودا لەخۆ دەگرێت. یەکێک لە مانا گرینگەکانی ئەم چەمکەیش، دیدی دنیابینییە، کە لەلایەن براهام-ەوە خوڵقێنراوە و چەندان لق و پۆپی لێ دەبێتەوە. سەرپۆشەکەی (مایە) گرینگترین ئەو لقانەن؛ کە بریتییە لە وەهم، واتە (مایە) وەهمێکە ڕاستییە بەرز و ڕەهاکانی ژیانی داپۆشیوە.

٥-شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٤٨، لە وەرگێڕانی خەبات عارف لە دەزگای ئاراس بڵاو کراوەتەوە.

# بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ستریندبێرگ دەتوانیت ئەم بەرهەمانەی بە کوردی بخوێنیتەوە:

١. سۆناتای تارمایی، وەرگێڕانی عەبدوڵا قادر دانساز، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧

٢. کەڵک، وەرگێڕانی خەبات عارف، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧

٣. خەونەنمایشێک، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

٤. خاتوو ژولیا، وەرگێڕانی عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

٥. جەژنی هەڵسانەوە، وەرگێڕانی خەبات عارف، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

٦. بەرەو دیمەشق، وەرگێڕانی خەبات عارف، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠

٧. سەمای مەرگ، ، وەرگێڕانی خەبات عارف، زنجیرەی شانۆی جیهانی، خانەی وەرگێڕان، ٢٠١٣

**هەروەها کتێبی:**

ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و راڤەکردن، نووسینی دانا ڕەئووف، دەزگای سەردەم، ٢٠١٤

# سەرچاوەکان

1–Strindbergs drömspelsteknik i drama och teater, av Richard Bark, 1981

2–Strindbergs inre landskap, av Sara Rydin, 1999

3–Det gäckande könet, strindberg och genusteori, av Anna Cavallin och Anna Westerståhl stenport (red.), 2006

4–Svensk litteratur 1870–1970, av Cunnar Brandell, 1974

5–Strindbergs dramatik, av Gunnar Ollen, 1982

6–August Strindberg, svenska folkets litteraturhistoria, av Sven Stople. 1978

7–Strindberg och myterna, av Harry G. Carlson, 1979

8–Strindberg– ett författarliv, av Gunnar Brandell. Fjärde delen, 1989

9–Två Drömspel, från strindbergs modernism till potters television, av Staffan Ericson, 2004

10–Strindbergs dramatiska bildsprok, av Egil Tornqvist, Scandinavisch Instituut, Universiteit van Amsterdam, 2011

11–Lite djevul, Lite engel! Strindberg och hans kvinnor, av Eivor Martinus, Carlssons, 2007

12-Ett drömspel av August Strindberg, nationalupplagan, 1988

13-Rastlös sökare och troende tvivlare, existentiella frågor i filmer av Ingmar Bergman, av Caroline Krook, Verbum, 2017, Stockholm

14-Strindberg, August, Ockulta dagboken, August Strindbergs samlade verk 59:1 Norstedts, 2012

15-Strindberg, August, Ensam, fyra noveller, två essäer. Lindelöws bokförlag, 2013

16-Ett drömspel, symbolanalys ur olika perspektiv, Marie-Elen Osbeck-Svensson, Cécile Tartar. Lunds universitet, 2003

17-Gunnar Qvarnström, Moderna manifest-Litteratur och konstrevolutionen 1909 – 1924:en introduktion, Almqvist & Wikgell. Stockholm, 1973

## له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردییدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥

٣-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.

٤-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧-شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩

١١-شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠

١٢-لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠

١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠

١٤-تەرمینالْ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١

١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣

١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤

١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤

١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥

١٩-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢٠- هارۆڵد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەڵات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢١-تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

٢٢-لاش نۆرێن، هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییە کان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

٢٣-ئەنتوان چێخەف لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧

٢٤-ساڵێک لەگەڵ کیژۆڵەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٨

٢٥-من و تۆ لەگەڵ با دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٨

**بە سویدی**

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کاڵسۆن، ٢٠٠٨

٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦

٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١